دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد
لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێمۆکراتیکی فیدراڵیدا

# کوردستان

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران

ژمارە: ٤٠٤
١٥ی بەفرانباری ١٣٨٣
٤ی ژانویە ٢٠٠٥
١٥٠ تمەن
www.kurdistanmedia.com

## ساڵی نوێی زایینی، ساڵی ٢٠٠٥ پیرۆز بێ



لە گەڵ تێپەر بوونی دوا ساتەکانی مانگی دیسامبر، ساڵی ٢٠٠٤ کۆتایی پێ هات و ساڵی ٢٠٠٥ دەستی پێکرد. ساڵی نوێ لە کاتێك دا دەستی پێکرد کە تەمی ماتەمێکی گەورە، بە بۆنەی کوژرانی زیاتر لە سەدوپەنجا هەزار مرۆڤ لە چەند وڵاتی باشوری ئاسیا، سەرانسەری جیهانی داپۆشیوە.

ئەگەرچی دیتنی دیمەنە دڵتەزێنەکانی مەرگ و وێرانی لە بەشێکی تۆپی زەویدا، زەوقێکی ئەوتۆی بۆ پێشوازییەکی گەرموگوڕ لە ساڵی نوێ، بۆ جیهانییەکان نەهێشتەوە، بەو حاڵەش دەبێ بە داهاتوو هیوادار بین و تاڵیو دژواریو کارەساتەکان بە هاودەردیو هاوپێوەندیو هاوکاری لەگەڵ قوربانییەکانو بەڵا لێدراوەکان، تێپەر بکەین. وێرای دەربڕینی هاودەردی قووڵمان لەگەڵ خەڵکی بوومەلەرزە لێدراوداو بە ئاواتخواستنی گەڕانەوەی ژیانو ئاوەدانی بۆ نێویان، پیرۆزبایی ساڵی ٢٠٠٥ لە خوێنەران دەکەین و ئارەزوومانە رۆژەکان، حەوتووەکان و مانگەکانی داهاتوو پڕ لەو رووداوو ئاڵوگۆڕانە بن کە لە خزمەت برەو پێدان و بەهێزکردنی ئاشتی، ئازادیو بەختیاری بۆ کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دان.

**کارگێڕانو دەستەی نووسەرانی "کوردستان"**

ئێرانو هەڵبژاردنی عێراق، ململانێی دەستێوەردانو هەوڵە دێمۆکراتیکەکان لەو وڵاتەدا ٢
کۆسپەکانی بەردەم بە ئەندامبوونی تورکیە لە یەکیەتیی ئورووپادا ٤
تێڕامانێك لە پرۆژەی رۆژهەلاتی نێوەڕاست ٥
ناسیونالیزمی مەدەنی، یان گەلاڵەیەك بۆ سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی کورد؟ ٨
پەرە پێدانی کەلتووری مافی مرۆڤ لەرێگای فێرکردنەوە ٩
دێمۆکراسیو کەلتووری دێمۆکراسی ١٠

## دیداری هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە بارەگای پارتی دێموکراتی کوردستان



رۆژی دووشەممە، رێکەوتی ٣٠ی سەرماوەزی ١٣٨٣ی هەتاوی (٢٠ی دیسامبری ٢٠٠٤ی زایینی)، هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرۆکایەتی هاوڕێی تێکۆشەر کاك مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانو پێکهاتوو لە هاوڕێیانی بەڕێز، کاك عەلی مێهرپەروەرو کاك محەممەدنەزیف قادری، ئەندامانی دەفتەری سیاسیو کاك کەمال کەریمیو کاك محەممەدساڵح قادری، ئەندامانی کومیتەی ناوەندی سەردانی مەکتەبی سیاسیی "پارتی دێموکراتی کوردستان"یان لە سەلاحەدین کردو لە لایەن هەیئەتێکی پارتی دێموکراتی کوردستان، پێکهاتوو لە بەڕێزان، کاك فازل میرانی، سکرتێری مەکتەبی سیاسیو کاك موحسن دزەیی، نوێنەری بەڕێز کاك مەسعوود بارزانی، سەرۆکی پارتیو بەڕێزان، مامۆستا مەلامحەممەدو کاك مەسعوود ساڵەییو کاك رەمزی شەعبانو کاك قادر جەباری، ئەندامانی مەکتەبی سیاسیو بەڕێوەبەرایەتی پارتییەوە بە گەرمی پێشوازییان لێکرا.

لەو دانیشتنەدا کە لە کەشوهەوایەکی دۆستانەدا بەڕێوەچوو کۆمەڵێك باسی سیاسی لە پەیوەندی لەگەڵ مەسەلەکانی ناوچەو کوردستان هاتنە گۆڕێو لەسەر پەیوەندی دۆستانەو برایانەی هەردوولا پێداگیرایەوە.

## دەفتەری سیاسیی حیزب میوانداری لە هەیئەتێکی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشان کرد



سەعات ١٠:٣٠ی سەرلەبەیانی رۆژی دووشەممە، رێکەوتی ١٣٨٣/١٠/٧ی هەتاوی ـ ٢٧ی دیسامبری ٢٠٠٤ی زایینی ـ هەیئەتێکی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران بە سەرۆکایەتی بەڕێز کاك عەبدوڵڵا موهتەدی، سکرتێری گشتیی کۆمەڵە سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان کردو لە لایەن هاوڕێی بەڕێز کاك مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانو هەیئەتێك پێکهاتوو لە ئەندامانی دەفتەری سیاسیو ژمارەیەك لە ئەندامانی کومیتەی ناوەندی پێشوازییان لێکرا.

لە کۆبوونەوەیەکی هاوبەشدا باسێکی سیاسی لەسەر وەزعییەتی ئێستای رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانو بەتایبەت لە بواری پێشێلکردنیمافی مرۆڤو ئازادییە دێموکراتییەکانو ئەو بوحرانانەی لە بواری سیاسەتی نێوخۆییو ناوچەییو نێودەوڵەتیدا لەگەڵی رووبەڕوو بۆتەوە، کراو ئاڵوگۆڕی بیروڕایان کرد.

لەو دانیشتنە دۆستانەیەدا تەئکید لەسەر پەیوەندی بەردەوامو هاوکاری هێزە کوردستانییەکان کرایەوە.

### راگەیەندراوی دەفتەری سیاسیی

## بە بۆنەی کۆتاییهاتنی چوارەمین پلینۆمی کومیتەی ناوەندییەوە

بۆ ئاگاداری هەموو لایەك رادەگەیەنین کە کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەڵبژێردراوی کۆنگرەی سێزدەهەمی حیزب، چوارەمین پلینۆمی خۆی پێك هێنا. پلینۆمی چوارەمی کومیتەی ناوەندی سەعات ٩/٣٠ی سەرلەبەیانی رۆژی سێشەممۆ، یەکی بەفرانباری ساڵی ١٣٨٣ی هەتاوی بەرانبەر بە ٢١ی دیسامری ٢٠٠٤ی زایینی بە بەشداریی هەموو ئەندامانی ئەسڵی، جێگرانو موشاویرانی کومیتەی ناوەندی، دەستی بە کار کردو پاش دوو رۆژ کاری بەردەوامو باسو بڕیاردان، سەعات ٨ی پاشنیوەڕی رۆژی چوارشەممۆ ٢ی بەفرانبار سەرکەوتووانە کۆتایی بە کارەکانی هێنا.

چوارەمین پلینۆمی کومیتەی ناوەندی بەپێی دەستووری کاری دیاریکراو بۆ باسو بڕیاردان لەسەر گەلاڵەی ئاییننامەکانی کومیسیۆنو کومیتە جۆراوجۆرەکانی حیزب تەرخان کرابوو.

پلینۆم لە دوو رۆژ کاری خۆیدا یەك یەکی ئەو گەلاڵانەی کە پێشتر ئامادەکرابوون خستە بەرباسو پاش دەربڕانی راوبۆچوونی بەشدارانی پلینۆم لەسەر هەرکام لە ئاییننامەکان، یەك یەکی ئەو ئاییننامانەی بە هێندێ تێبینیو دەستکارییەوە پەسند کردن.

ئەو ئاییننامانە لە راستیدا دەبنە رێنوێنی شێوەی کاری ئۆرگانەکانو تەنزیمی پێوەندیی نێوانیانو ئوسوولی بەڕێوەبردنی ئەرکەکان لە هەر ئۆرگانێکی حیزبی دەست نیشان دەکا.

پلینۆم لە بەشێکی دیکەی کارەکانی خۆیدا باسێکی تەشکیلاتی سەبارەت بە پلەی کادر هێنایە گۆڕو بڕیاری گونجاوی لەسەر دا.

پلینۆم پاش بەئەنجامگەیاندنی دەستووری کارەکانی هەر وەك ئاماژەی بۆ کرا، سەعات ٨ی ئێوارەی رۆژی چوارشەممۆ، دووی بەفرانبار کۆتایی بە کارەکانی خۆی هێنا.

**دەفتەری سیاسیی**
**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**٣ی بەفرانباری ١٣٨٣ی هەتاوی**
**٢٣ی دیسامبری ٢٠٠٤ی زایینی**

## لەیلا زانا لە ئامەد پارتە نوێیەکەی راگەیاند



لەیلا زانا و هەڤاڵەکانی، لەشاری ئامەد لەکۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ خەڵك، رایانگەیاند پارتی "بزووتنەوەی کۆمەڵگای دیموکراتی" ئامادەکارییەکانی دامەزراندنی بەرەو کۆتاییە.

لە تەلاری " دەمیرۆك "ی شاری ئامەد، پارتی بزووتنەوەی کۆمەڵگای دیموکراتی لەکۆبوونەوەیەکدا ئەو کەسانەی لەخوارەوە ناویان هاتووە وەك ئەندامانی سەرکردایەتی بەخەڵك ناساند:

لەیلا زانا، خەتیب دیجلە، ئۆرهان دۆغان، سەلیم ساداك، موراد بوزلاق، ئەحەد تورك، محەمەد عەباس ئۆغلو، سەنانیك ئۆنەر، فەرەیدون یازار، تونجەر باکرهان، ئەحمەد توران دەمیر، جەبار لایگارا و ئایسەل تۆغلوك و دۆغان ئەرباشی پارێزەرانی عەبدوڵڵا ئۆجەلان.

لەو کۆبوونەوەیەدا ئۆرهان دۆغان نووسراوەیەکی ١٢ لاپەڕەیی خوێندەوە کە تێیدا پەیڕەووپڕۆگرامی ناوخۆی پارتی تێدا بوو. پارتی بزووتنەوەی کۆمەڵگای دیموکراتی رایگەیاند کە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لەهەر وڵاتێکدا کە کوردی لێیە، پێویستە بەپێی تایبەتمەندییەکانی ئەو وڵاتە چارەسەر بکرێت و لەجێگەی نەتەوە پەرستی، دەبێ بنەمایەکی ئازادی و بەرابەری بکرێتە بنچینە.

هەروەها رایگەیاند کە ناسنامەی کوردی دەبێ بەرەسمی بناسرێتو کوردەکان لەیاسای وڵاتدا وەك هاووڵاتی پلە یەك سەیر بکرێن، زمان و کەلتووری کوردی دانی پێدا بنرێت، ئاستەنگی بەردەم رادیۆ و تەلەفزیۆن و راگەیاندنی کوردی هەڵبگیرێت، لەپەروەردەی سەرەتاییدا زمانی کوردی زمانی سەرەکی بێت، لە پەروەردەی ناوەندیدا زمان و کەلتوور و ئەدەبیاتی کوردی بەرەسمی فێربکرێنو لەخوێندنی باڵادا بەو مەبەستە زانکۆ دروست بکرێن و هەروەها رێگە لەبەردەم کوردان بۆ کاروباری سیاسی کراوە بێت.

**سەرچاوە: سایتی "پەیامنێر"**

## بۆ جاری بیستەم داوای ئەندامەتیی ئێران لە رێکخراوی بازرگانیی جیهانیدا رەت کرایەوە

لە کۆبوونەوەی ئەم دواییانەی شووری گشتیی رێکخراوی بازرگانیی جیهانیدا، داوای ئێران بۆ ئەندامەتیی لەو رێکخراوەیەدا، لەگەڵ دژایەتیی ئەمریکا بەرەوروو بوو. ئەمە بیستەمین جارە کە داوای ئێران بەمجۆرە رەت دەکرێتەوە. هەر لەو کۆبوونەوەیەی رێکخراوی بازرگانیی جیهانیدا، شووری گشتی رەزامەندیی لەگەڵ وەرگیرانی وڵاتانی عێراقو ئەفغانستان وەك ئەندامی چاوەدێر دەربڕی.

شارەزایان دەڵێن رێژیمی ئێران وەك خاڵێك لە رێککەوتننامەی مۆرکراو لەگەڵ ئورووپا لە بواری ناوکیدا، داوای لە یەکیەتیی ئورووپا کردبوو پشتیوانی لە داوای ئەندامەتیی ئێران لە رێکخراوی بازرگانیی جیهانیدا بکا. یەکیەتیی ئورووپا ناخۆشحاڵیی خۆی لەو هەڵوێستەی ئەمریکا راگەیاندو هەڵوێستی ئەم وڵاتەی بە هەڵوێستێکی بە تەواوی تەریك لە نێو رێکخراوی ناوبراو دا، ناساند.

وتەبێژی یەکیەتیی ئورووپا گوتی ئێران مافی ئەوەی هەیە وەك وڵاتانی دیکە رەفتاری لەگەڵ دا بکرێ.

شایانی وەبیر هێنانەوەیە کە بە گوێرەی یاساکانی رێکخراوی بازرگانیی جیهانی، هەرداوایەکی ئەندامەتی دەبێ بە تێکڕای دەنگی شووری گشتیی رێکخراو، بڕیاری لەسەر بدرێ.

**B.B.C**

## خۆپیشاندان لە بێرلین بە دژی سزای بەردباران لە ئێران دا

رۆژی سێشەمە ٢٨ی دیسامبر لە بەرامبەر باڵوێزخانەی رێژیمی ئێران لە بێرلین، بە بەشداریی گرووپە جۆراوجۆرەکانی ئێرانییەکانو نوێنەرانی حیزبی دیموکراتی ئازادی ئەڵمان لە پارلمانی ئورووپادا، کۆبوونەوەیەکی ناڕەزایی دەربڕین لە درێژەی سزای بەردباران لە ئێران، بەڕێوەچوو.

بڕیار بوو ئەم خۆپیشاندانە لە مانگی ژانویەدا لە بێرلین پێك بێ، بەڵام ئەو نیگەرانییە هەبوو کە کاربەدەستانی دەزگای قەزایی ئێران لە هەلی پشوودانی سەری ساڵی زایینی کەڵك وەربگرنو سزای بەردباران بەڕێوە ببەن. هەربۆیە نوێنەرانی پارلمانی ئورووپاو کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی ژنانو رێکخراوی لاوان بە بەشداریی گرووپە هەڵسووڕەکانی ئێرانییەکان، خۆپیشاندانەکەیان خستە ٢٨ی دیسامبر تا هەرچی زووتر دەنگی ناڕەزایەتیی خۆیان بە گوێی کاربەدەستانی ئێران بگەیەنن.

مێهران بەراتی یەکێك لە تێکۆشەرانی ئێرانی لە بێرلین گوتی کومیسیۆنی مافی مرۆڤی یەکیەتیی ئورووپا بەڵێنی لە رێژیمی ئێران ستاندبوو کە سزای بەردباران لە قانوونی ئەو وڵاتە لاببا، بەڵام درێژەی دەرچوونی بڕیاری سزای بەردباران، بووە بە هۆی زۆرتربوونی نیگەرانییەکان.



لە کاتی بەڕێوەچوونی خۆپیشاندانەکەدا، گراف لامسدۆرف لە وەزیرانی پێشووی کابینەی ئەڵمانو نوێنەری حیزبی دیموکراتی ئازاد لە پارلمانی ئورووپادا، نامەیەکی ناڕەزایی دەربڕینی دا بە سەفیری ئێران. خۆپیشاندەران داواکار بوون هەرچی زووتر سزای بەردبارن لە قانوونەکانی ئێران لاببرێو حوکمەکانی بەردباران هەڵبوەشێندرێنەوە.

هەرلەو کاتەدا خاتوو ئورو لاپلاسنیك وەزیری کاروباری دەرەوەی ئوتریشیش لە بەیاننامەیەك دا لە کاربەدەستانی یەکیەتیی ئورووپای داوا کرد بەرامبەر بە مەسەلەی بەردباران لە ئێران دا لە سەر هەست بنو بە پەلە دژکردەوە نیشان بدەن.

**BBCPERSIAN.COM**

## ئەگەر حکوومەتێکی دینیی شیعە لە عێراق دا بێتە سەرکار

بە گوێرەی راپۆرتی ماڵپەری "المحیط"، زیبگنیو برژینسکی راوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی پێشووتری ئەمریکاو هێنری کیسینجێر وەزیری کاروباری دەرەوەی ئەمریکا لە دەیەی ٧٠ لە وتووێژێك لەگەڵ تۆری تەلەویزیۆنیی CNNدا، سەبارەت بە بوونی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراقو داهاتووی ئەو وڵاتە، بیروڕای خۆیان دەربڕی.

برژینسکی گوتی: ئەوەی لە عێراق دا وەدەست هاتوە، لەگەڵ رادەی هەزینەکان نایەتەوە. چونکە رادەی گرژییەکانو خوێنرێژییەکان چۆتە سەرو لە حاڵی زۆر بوون دایە، لە حاڵێك دا بە میلیارد دولار خەرج کراوەو واشنگتۆن لە نێو کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی دا هەر تەریك دەکەوێتەوە.

برژینسکی راوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا لەسەردەمی جیمی کارتێردا، هەروەها گوتی هیچ پێویست نەبوو کە حکوومەتی سەددام دیکتاتۆری پێشووی عێراق بڕوخێنرێ، چونکە واشنگتۆن بە شێوەیەکی گشتی لە کۆنترۆڵکردنی ئەو حکوومەتەدا سەرکەوتوو بوو. ئێستا ئەوەی ئەمریکا دەبێ بیکا ئەوەیە کە پێشی تێك شکانی خۆی لەو وڵاتەدا بگرێ. ناوبراو گوتی: پێکهێنانی دیموکراسی لە عێراق دا جێگیرکردنی نیو میلیون سەرباز بە خەرج کردنی ١٠٠ تا ٢٠٠ میلیارد دولاری دەوێ، بەڵام واشنگتۆن ئامادەیی دابینکردنی ئەو هەزینەیەی لە هەلومەرجی ئێستادا نیە. کەوابوو دەبێ ئاستی ئامانجەکانی خۆی لە عێراق دا بێنێتە خوارێ.

برژینسکی گوتی هەتا لە هەڵبژاردنی داهاتووی عێراق نزیك دەبینەوە، ئەگەری پێکهاتنی حکوومەتێکی دینیی شیعە بەهێزتر دەبێ کە ئەمە دیموکراسیی راستەقینەی لێناکەوێتەوە. ناوبراو گوتی: ئەگەر حکوومەتێکی ئەوتۆ لەعێراق دا بێتە سەرکار، واشنگتۆن نابێ قبوولی بکا.

هێنری کیسینجێریش گوتی: ئەگەر حکوومەتێکی شیعە لە عێراق دا بە دەسەڵات بگا، واشنگتۆن هیچ هەوڵێکی یەکپارچە لە عێراق دا بەدی ناکا. کەوابوو لە هەلومەرجێکی ئاوادا دەبێ رێگا بە هەموو گرووپە عێراقییەکان بدا تا حکوومەتی تایبەتی خۆیان پێك بێنن.

کیسینجێر جارێکی دیکە داکۆکیی لە بڕیاری ئەمریکا لە بارەی هێرش بۆ سەر عێراق کردو بە بڕیارێکی دروستو گرنگی زانی. گوتیشی: بەڵام دەوڵەتی بووش لە لێکدانەوەی خۆی لە بارەی چۆنیەتیی بنیاتنانەوەی عێراقێکی دیموکراتیك لە ژێر سێبەری سوپای داگیرکەردا، بە هەڵە چوو.

# ئێران و هەڵبژاردنی عێراق، ململانێی دەستێوەردان و هەوڵە دیموکراتیکەکان لەو وڵاتەدا

**عەلی بداغی**

ڕێبەرانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بەر لە هێرشی نیزامیی ئامریکاو هێزە هاوپەیمانەکانی بۆ سەر خاکی عێراق، پترو باشتر لە هەموو کەس و لایەنێك دەیانزانی کە ئەو پرۆسەیە بە لێدانی عێراق و رووخانی ڕێژیمی بەعس کۆتایی نایەو هەنگاوێکی کردەیی بەرەوپێشی ئامریکا بۆ جێبەجێ کردنی بەرنامەکانی پرۆژەی رۆژهەڵاتی ناڤینی گەورەیە. هەر بۆیەش لە زووەوە کەوتنە پلانرێژی بۆ ئەوەی ئەوەندەی بۆیان دەکرێ مەترسیی هێرش لە سەر خۆیان کەم کەنەوەو بەهەر جۆرێك بۆیان دەلوێ و بە هەموو تواناوە وەدوای بخەن. لەم رووەوە هەر بەر لە هێرشی چاوەڕوانکراوی ئامریکا بۆ سەر عێراق و لە رێگەی دەست و پێوەندو ئامرازەکانی بەردەستیان لە عێراق دا زەمینەیەکیان بۆ پەکخستنی هێزەکانی ئامریکا لەو وڵاتە رەخساندبوو ئەوەشیان چ لە مینبەری نوێژەکانی هەینی و چ لە زاری زۆر کاربەدەستی پایەبەرزی ڕێژیمەوە زۆرجار ئاشکرا کردبووو جاڕیان بۆ دابوو.

لە دوای هێرشی ئاریکاو تەنانەت تا ئێستاش کە عێراقی دوای شەڕ و رەخساو لە سێبەری قورسی سەددام بەرەو یەکەمین هەڵبژاردنی ئازاد هەنگاو دەنێ، ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بە هەموو توانا و ئیمکاناتەوە بەردەوام بووە لە نانەوەی ئاژاوەو پشێوی لەو وڵاتەداو پلانرێژی بە مەبەستی تێکدانی رەوشی ئارامی لە عێراق داو بەناو بەچۆکداهێنانی ئامریکاو هاوپەیمانەکانی.

دەستێوەردانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لە کاروباری نێوخۆی عێراق و ئاڵۆزکردنی فەزای سیاسی و نانەوەی ئاژاوەو پشێوی بە مەبەستی تێکدانی باری ئەمنیی ئەو وڵاتە زۆرجار لە زمانی گەورە بەرپرسانی عێراقی‌یەوە لەقاودراوەو تەنانەت تا ئەو جێیە چۆتە پێش کە حازم شەعلان، وەزیری بەرگریی عێراق، ڕێژیمی ئێران بە دوژمنی ژمارەیەکی وڵاتەکەی بزانێ و غازی ئەلیاوەر، سەرۆك کۆماری عێراقیش رادەگەیەنێ کە ڕێژیمی ئێران پاڵاوتووان و گرووپە سیاسی‌یەکانی لایەنگرو داشکاوە بە لای ئێران دا رێك دەخاو بە میلیۆن دولاری بۆ ئەنجامی هەڵبژاردن تەرخانکردواە تاکوو حکوومەتێکی هاوچەشنی خۆی دابمەزرێنێ.

لە دوایین لێدوانی گەورە بەرپرسانی عێراقیش‌دا سەباح کازم، وتەبێژی وەزارەتی نێوخۆی عێراق لەلای رۆژنامەی لوس ئانجلێس تایمز ئاشکرای کرد کە "بە داخەوە ئێران بە زمانێك کە زۆر لق و پۆی لێ دەبێتەوە قسان دەکا و دەئاخێوی. ڕێبەرانی ئێران لەجێ‌دا باس لە پێویستیی جێگیربوونی ئەمنییەت و ئاسایش لە عێراق دا دەکەن، بەڵام ئێمە رۆژانە چەندین کەس دەسگیر دەکەین کە بە چەك و تەقەمەنی‌یەوە لە ئێران ڕا هاتوونەتە نێو خاکی عێراقەوە"[(١)]. پێویستە بگوترێ کە سیاسەتی ئێران لە هەمبەر عێراقی نوێ لە سەر بنەمای هەر هەمان سیاسەتی دوو فاقەی کارپێکراوی ڕێژیم لە ماوەی پتر لە ٢٥ ساڵی رابردوو دامەزراوە، کە بە رواڵەت باس لە هێمنی و ئەمنییەت دەکا و تەنانەت جێگیربوونی ئاسایش و ئەمنییەت لە عێراق دا بە گەرەنتیی ئەمنییەتی خۆی دەزانێ و هەر هەمان کاتیش بە هەموو توانا و کەرەسەی بەردەستی قۆڵی بۆ تێکدانی رەوشی ئەمنی عێراق و نانەوەی بشێوی و ئاڵۆزی لەم وڵاتەدا هەڵماڵیوە. دەستێوەردان لە هەڵبژاردنی بەردەم عێراقی‌یەکانیش بۆ درێژەی هەمان سیاسەتی دوورخستنەوەی کێشەو ئاڵۆزی لە خۆیان و دەسەڵاتە بەزۆر پاوانکراوەکەیانە.

بە نزیکبوونەوە لە وادەی هەڵبژاردن لە عێراق دا دەبینین کە ئەو وڵاتە بەرەو ئاقارێکی نوێ هەنگاو دەنێ. یەکەمجارە کە گەلانی عێراق دەرفەتێکی وایان بۆ دەرەخسێ تا بەسەربەستی لە هەڵبژاردنێکی ئازاد دا بەشداری بکەن و بەمجۆرە ئیرادەی سیاسیی خۆیان لە پرۆسەیکی دیموکراتیك دا بە هەڵبژاردن و دیاریکردنی نوێنەرانی راستەقینەیان بە مەبەستی وەدیهێنانی ئامانجەکانیان بخەنەگەر. بێگومان ئامانجە سەرەکی‌یەکانی گەلانی عێراقیش لەو هەڵبژاردنەدا بونیادنانی عێراقێکی دیموکراتیکی فیدراڵ و ڕێخۆشکردنە لە پێناو جێگیرکردنی بنەماکانی دیموکراسی و سەقامگیریی ئاشتی و ئەمنییەت و نەهێشتنی هەرچەشنە ئاسەوارێکی هەڵاواردن و رەگەزپەرستانەیە.

لە روویەکی دیکەوە بوونی عێراقێکی نوێ لە شکڵی دەوڵەتێکی ئیسلامی‌داو لایەنگری کۆماری ئیسلامی پشتیوانێکی قایم دەبێ بۆ ئێرانی ئیسلامیی و باشترین پێگەو پارێزەر دەبێ بۆ بەرژەوەندی‌یەکانی کۆماری ئیسلامی و لە هەمان کاتیش دا بە یەکەمین تروسکەکانی خەونە لە مێژینەکەی ڕێبەرانی ڕێژیم واتا ناردنی شۆرش بۆ دەرەوە دەژمێردرێ.

لێپرسراوە پایەبەرزەکانی عێراق و هەروەها دیپلۆماتە رۆژئاوایی‌یەکان لەسەر ئەوە کۆکن کە ئێران لە پرۆسەیەکی نیوە نهێنی دا بە هەڵڕشتنی پووڵ لەبەر دەم حیزبە سیاسی‌یە گوێڕایەڵەکانیان، دامەزراوە خێرخوازی‌یەکانی باشووری وڵات و رێکخراوە چەکدارو میلیشیاکانی عێراق بە مەبەستی وەدەستهێنانی هێزو دەسەڵات و برەو لە نێو دەسەڵاتی نوێی عێراق‌دا وەك لایەنێکی بێدەنگ و هەڵڵا بەڵام بەهێزو خاوەن برەو لە هاوکێشەکانی ئەمڕۆی عێراق دا قوت بۆتەوە".[(٢)]

دەستێوەردانی ئێران لە هەڵبژاردنی ٣٠ی ژانوییەی ٢٠٠٥ی عێراق داو هەوڵە بەرفراوانەکەی بۆ شوێن دانان لە سەر رەوتی هەڵبژاردنەکەو پرۆپاگەندە بۆ بەڕێوەچوونی لە کاتی دیاریکراودا ناکرێ تەنیا بە حیسێبی وەبەرهاتنی نەمامی هیوای ئێران لە دامەزرانی حکوومەتێکی لایەنگرو پاشکۆ لە پێناو بەرژەوەندی‌یەکانی ڕێژیمدا دابنرێ، بەو پێوانەی کە تەنانەت ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بە تەواوەتی لە ئاکامی هەوڵ و پلانەکانی لەبەهێزکردنی گرووپە شیعەو حیزبە سیاسی‌یەکانی لایەنگری بۆ بردنەوەی گرەوی هەڵبژاردنەکە دڵنیا بووبێ، بەڵکوو بەلە بەرچاوگرتنی رەوشی سیاسیی ئەمڕۆی عێراقی بەرلە هەڵبژاردن دەکرێ پلانەکانی ڕێژیم لەو پێوەندی‌یەدا بە درێژەی پرۆسەیەکی تەواو تێکدەرانە تا ئاستی پێکهێنانی شەڕێکی نێوخۆیی دابنرێ.

ئێستاش ئەگەری بەشداری نەکردنی سوننی‌یەکانی ناوەند لە هەڵبژاردنەکانی ٣٠ی ژانوییە لە گۆڕێ دایە. لە وەها حاڵەتێك داو لە نەبوونی سوننی‌یەکانی لە پرۆسەی هەڵبژاردن دا ئەگەری بردنەوەی زۆرایەتیی شیعە لە پارلمان دا پتر مسۆگەر دەبێ و ئەوەش بە مانای دەرچوونی زۆرترین پاڵاوتەکانی ئێران لە سندووقەکانی دەنگدانە. ئەوە لە کاتێك دایە کە ئێران هاوکات لە لایەك بە نانەوەی پشێوی و ئاڵۆزی لە ناوچە سوننی‌یەکان لە نێوەڕاستی عێراق دا ئەوان زیاتر بۆ بەشداری نەکردن و خۆلادان لە هەڵبژاردنەکان هان دەداو لە لایەکی دیکەشەوە بانگەشەی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکان لە کاتی دیاری کراودا دەکا. روونە کە بەشداری نەکردنی سوننی‌یەکان لە پرۆسەی هەڵبژاردن دا ململانێ و ناکۆکی‌یەکانی هێزە سیاسی‌یەکانی عێراق زیاتر دەکاو رەوشی نێوخۆی عێراق تەنانەت تا ئاستی شەڕی نێوخۆیی دەباتە پێش. ئەوەش دیسان هەمان ئامانج و مەبەستی ڕێژیم لە خافڵاندنی هێزەکانی ئامریکا بە کێشەکانی عێراق دێنێتە دی و بۆ ماوەیەکی زیاتر کات بۆ خۆئامادە کردن بۆ بەرەوروو بوونەوەی لەگەڵ پرۆژەکانی ئامریکا وەدەست دەخا.

فاکتۆری کورد یەکێکی دیکە لە بزوێنەرەکانی کۆماری ئیسلامی‌یە بۆ دەستێوەردان لە کاروباری عێراق بە تایبەت هەڵبژاردنەکانی بەردەم گشت عێراقی‌یەکان.

ئەزموونی ١٢ ساڵ خۆبەڕێوەبەریی کوردەکان لە باشووری کوردستان وەك خاڵی پۆزێتیڤی بزووتنەوەی میللی دیموکراتیکی گەلی کورد لەو بەشەی کوردستان چقڵی چاوی وڵاتانی نەیاری کوردە کە کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە. جێگیربوونی دیموکراسی و ئەمنییەت لە عێراق و وەدیهاتنی ئامانجەکانی گەلانی عێراق لە درێژەی خەباتە خوێناوی‌یەکەیان دا، بێگومان عێراقێکی ئازاد، فیدراڵی و دیموکراتیکی لێ دەکەوێتەوە کە لەودا کوردستانی ئازادی فیدراڵ کە دەکرێ بە سەرکەوتنی ئەزموونی پرشنگداری باشوور پێناسە بکرێ، بەخێرایی کار دەکاتە سەر بیری نەتەوەیی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستان. ئەمەش زراوی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانی بردوەو وەها تینی داوە کە بە گەلەکۆمەگیی وڵاتانی عەرەبی و داگیرکەری کوردستانیش بووبێ، پێش بە ئەو پرۆسەیە بگرێ. بەڵام ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەو نێوەدا چەند دەتوانێ سەرکەوتن وەدەست بێنێ و پلانەکانی جێبەجێ بکا؟ لە کاتێك دا کە مەترسیی بەرنامە ئەتۆمی‌یەکانی ئێران و هەوڵەکانی بۆ دەسڕاگەیشتن بە چەکی کۆکوژ هەموو جیهانی داگرتووەو لە کاتێك دا کۆتایی هێنان بە کێشەی ئەتۆمیی ئێران وەك ئەولەوییەتی بەرنامەکانی بووش لە خولی دووهەمی سەرۆك کۆماری‌یەکەی و تەنانەت یەکلاکردنەوەی لە ساڵی ٢٠٠٥دا دێتە ئەژمار، لەم رووەوە زۆر بە دوور دەزانرێ کە ڕێژیم بتوانێ لەبەری پلان و دەستێوەردانەکانی لە کارو باری سیاسیی عێراق دا هەڵگرێتەوەو بە ئاکامی دڵخوازی خۆی بگا. نیشانە هەستپێکراوەکانی گۆڕانە سیاسی‌یەکانی ئەمڕۆی عێراق هێمای بونیادنانی عێراقێکی سەقامگیرو دیموکراتیکن هەرچەند کەندوکۆسپیشی لەبەردەم دابێ. رەوتی رووداوەکانی جیهان بەرەو جێگیربوونی ئازای و دیموکراسی مل دەنێ و پەلەقاژەی دیکتاتۆریەکان لە بەرامبەر تەوژمی ئازادیخوازی ناتوانێ جگە لە تەگەرە دروست کردن ئاکامێکی دیکەی ببێ.

سەرچاوە:

(١) راپۆرتی میگان ئێستەك، رۆژنامەی "لۆس ئانجلێس تایمز"، پێنج شەممە ١٢ی دیسامبر

(٢) هەمان سەرچاوە



دیمەنێک لە کردەوە تیرۆریستی‌یەکانی عێراق

# نەتەوە یەکگرتووەکان پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤی لەلایەن ئێرانەوە مەحکووم کرد

و: رەشید حەیدەری

٢٠ی دیسامبری ٢٠٠٤

ئەنجومەنی گشتیی نەتەوەیەکگرتووەکان رۆژی دووشەممە بڕیارنامەیەکی پەسند کرد کە لەلایەن وڵاتەیەکگرتووەکانی ئامریکاوە پشتیوانیی لێ دەکرا و تێیدا ئێرانی لە بەر پێشێل کردنی مافەکانی مرۆڤ سەرکۆنەکرد. بڕیارنامەکە ئاماژەی بەبەرتەسکییەکانی ئازادیی رادەربڕین و راوەدوونانی دژبەرە سیاسی و ئایینی لە ئێران دا کرد.

ئەو هەنگاوە، کە زەمانەتی ئیجرایی نییەو تەنیا رەنگدانەوەی بیروڕای گشتیی جیهانییە، بەحەفتاویەك دەنگی بەڵێ لەبەرامبەر ٥٤ دەنگی دژبەر و ٥٥ دەنگی بێلایەن دا پەسند کرا.

**لەبڕیارنامەکەدا هاتوە:**

لە پێوەندی لەگەڵ ئازادیی بیروباوەڕ و رادەربڕین و ئازادیی چاپەمەنی و راگەیاندن، بەتایبەت راوەدوونانی پەرەسەندوو لەدژی ئازادانە دەربڕینی بیروڕای سیاسی، لەوانە دەسگیرکردنی نایاسایی و زیندانی کردنی بێ دادگایی، هەلومەرجە کە بەرەو خراپی چووە.

بڕیارنامەکە باسی سەرکوتی رۆژنامەنووسان، پارلەمانتاران، خوێندکاران، ڕێبەرانی ئایینی و کەسایەتییە ئەکادیمییەکان، داخستنی نارەوای رۆژنامەکان و بەربەستنی ماڵپەڕە ئینتێرنێتییەکان دەکا. بڕیارنامەکە هەروەها رەت کردنەوەی شایستەیی و سەلاحیەتی ژمارەیەکی زۆر لە پاڵێوراوان و ئازار و راوەدوونانی تێکۆشەرانی دژبەر لەماوەی هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی لەمانگی فوریەدا مەحکووم کرد.

وەك خاڵی موسبەت، ئەنجومەنی گشتی لە بانگهێشتنی ئێران لە چەندین لێکۆڵەری مافەکانی مرۆڤ، قەدەغەکرانی ئەشکەنجە لە مانگی ئاوریل دا و پێشنیارێك لەلایەن سەرۆکی بەشی قەزایی کە داوا دەکا قازییەکان لە دەرکردنی حوکمی بەردباران کردن (سەنگسار کردن) خۆ بپارێزن، پێشوازیی کرد.

بڕیارنامەکە داوای لە ئێران کرد بەڵێنەکانی لە پێوەندی لەگەڵ مافەکانی مرۆڤ دا بەجێ بێنێ و قەدەغەی سەر ئەشکەنجە بە تێروتەسەلی جێبەجێ بکا، لە چاکسازی لە دەزگای قەزایی دا پەلە بکا، جیاوازیی ئایینی بسڕێتەوە، سزادانی توند و تیژ و شەرمهێنەری وەك بڕینی ئەندامەکانی لەش و شەللاق لێدان کۆتایی پێ بێنێ، بەردباران کردن نەهێڵێ و چاکسازی لە نێو زیندانەکان دا دەست پێ بکا.



بنکەی نەتەوە یەکگرتووەکان ـ نیۆیۆرک

بڕیارنامەکە، کە لەلایەن ٣٤ وڵاتەوە پشتیوانیی ماڵی لێ کراوە، ئیعدامی منداڵانی ژێری ١٨ ساڵی مەحکووم کرد و بە پێچەوانەی یاسا نێونەتەوییەکانی لە قەڵەم دا.

هەروەها بڕیارنامەکەبوونی کۆسپ و تەگەرەی بەردەوام لەسەر ئازادیی کۆبوونەوەو داخستنی زۆرەملیی حیزبەکان، نەبوونی پرۆسەی پێویستی یاسایی و بەکارهێنانی یاساکانی ئاسایشی نەتەوەیی بۆ حاشاکردن لەمافی تاکەکانی پرۆتستۆ کرد.

جیاوازیدانانی بە بەرنامە لە دژی ژنان و کچان لە یاسا و کردەوەدا، سەرەڕای هیندێك پێشکەوتنی یاسایی ناتەواو، جیاوازیدانانی بەردەوام دژ بەمەسیحییەکان، جوولەکەو سونییەکان و جیاوازی دانانی پەرەگرتوو لەدژی بەهاییەکان، لەو خاڵانەی دیکەن کە لە بڕیارنامەکەدا ئاماژەیان پێ کراوە.

سەرچاوە:

ئاسۆشێیتیدپرێس

# برووخێ ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران

# هەواڵەکانی کوردستان

## پەیمانی وەفاداریی خەڵکی کوردستان لەگەڵ هێزی پێشمەرگەی کوردستان، بەبۆنەی ڕۆژی پێشمەرگەوە

### مەریوان ـ ئەویهەنگ

ئەندامانو لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە گوندی "ئەویهەنگ"ی ناوچەی ژاوەرۆی سەربە شاری مەریوان، بە بڵاوکردنەوەی تراکتو نووسینی دروشمی شۆڕشگێڕانە لە کۆڵانو شوێنە جۆراوجۆرەکانی ئەم گوندەدا، ٢٦ی سەرماوەز، ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستانیان پیرۆز کرد.

### شاری ورمێو دەوروبەری

ئەندامانو لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری ورمێو ناوچەکانی تەرگەوەرو مەرگەوەر، بە بڵاوکردنەوەی تراکتو وێنەی شەهیدانو نووسینی دروشمی شۆڕشێڕانەو هەڵکردنی ئاڵای پیرۆزی کوردستان، یادی ٢٦ی سەرماوەز، ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستانیان بەرز ڕاگرت. ئەو شوێنانەی کە بە شێوەیەکی بەربڵاو کاری تەبلیغییان لێکرا بریتی بوون لە: جادەی مەرگەوەڕ ورمێ ـ گەلیی بەندی ورمێ ـ پڕۆژەی سەدیبەندو چیاکانی دەوروبەر.

### هەوشار

ئەندامانو لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ناوچەی هەوشار (شارەکانی تیکابو ساین قەڵا) بە بڵاوکردنەوەی تراکتو وێنەی شەهیدانی سەربەرزی حیزبو گەلو نووسینی دروشمی شۆڕشگێڕانە جارێکی دیکە پەیمانی وەفادارییان لەگەڵ هێزی پێشمەرگەی کوردستان نوێ کردەوە.

ئەو شوێنانەی کە کاری تەبلیغییان لێکرا برتیین لە:

١ـ شاری تیکاب: دەوروبەری مزگەوتی شافیعی، گەڕەکی شەریف ئاوا، گوڵاندەرە، حەمامی جیهادو گوندەکانی ئەحمەدئاوای خوارووو نەبی‌کەندی

٢ـ شاری ساین قەڵا: گەراجی تیکاب ـ ساین قەڵا، جادەی ساین قەڵا ـ قسقۆپیو گوندەکانی: سارووجە، قۆزڵووی هەوشار، داشکستان، گۆزەبڵاغ، حەسەنلوو، بیجاخچیو گوندی قازانلی.

### بانەوڕێئیمامی "باینگان"

ئەندامانو لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ناوچەی "باینگان" بە بڵاوکردنەوەی تراکتو وێنەی شەهیدانو فیلمی کۆنگرەی ١٣و نووسینی دروشمی شۆڕشگێڕانە، یادی ٢٦ی سەرماوەز، ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستانیان بەرز ڕاگرت.

### سەقز

ئەندامانو لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە گوندی "خورمتە"ی سەر بە ناوچەی سەرشیوی سەقز بە بۆنەی ٢٦ی سەرماوەز ـ ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان ـ دوە لەسەر بەرزاییەکانی "قەڵای دیوان"، "هەوارە بەرزە"، "هەماراو"و بەرزاییەکانی نێوان "خورمتە"و "کەسنەزان"دا ئاگری خۆشییان کردەوەو ئەو ڕۆژە پیرۆزەیان لە هێزی پێشمەرگەی کوردستانو حیزبی خۆشەویستی خەڵکی کوردستان پیرۆز کرد.

### پیرانشار

ئەندامانو لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری پیرانشار، بە بڵاوکردنەوەی تراکتو وێنەی شەهیدانی سەربەرزی حیزبو گەلو نووسینی دروشمی شۆڕشگێڕانە، یادی ٢٦ی سەرماوەز، ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستانیان بەرز ڕاگرت. ئەو شوێنانەی کە کاری تەبلیغییان لێکرا بریتی بوون لە: "بەهار"، "پومپی بەنزین"، "کرێکاران"، "پردی کونی خانێ"، "شەقامی بەناو ئیمام"، "فەلەکەی سەردەشت"و "مزگەوتی حەزرەتی ئیسماعیل".

دروشمەکان بریتی بوون لە:

"پێشمەرگە گلێنەی چاوی کوردانە"

"سڵاو لە پێشمەرگە، باسکی بەهێزی گەل"

"پیرۆز بێ ٢٦ی سەرماوەز، ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان"

"سڵاو بۆ ڕێبەرانی شەهیدی ڕێگای ئازادی"

"مردن بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران"

---

## سنە

### ڕووبەڕووبوونەوەی خەڵك لەگەڵ دژی‌گەلی‌یەکان لە شاری سنە

ئێوارەی ڕۆژی هەینی، ڕێکەوتی ٤ی بەفرانباری ١٣٨٣، کاتژمێر ٦:٣٠، ماشینێکی دژی‌گەلی‌یەکانی کۆماری ئیسلامی کە لە "دارفرۆشی"ی شاری سنە تا گەڕەکی "کانی کوزەڵە" کەوتبوونە دوای ماشینێکی "تویتا"وە کە گوایا کەلوپەلی قاچاخی پێیە، لەگەڵ جەماوەری ئەو گەڕەکە بەرەوڕوو بوون. نزیکەی ٥٠٠ کەس لە خەڵکی ئەو گەڕەکە کۆبوونەوەو ئەوە بووە هۆی ئەوەی کە دوو ماشینی پڕ لە دژی‌گەلی دیکە خۆیان بگەیەننە ئەوێو لەوکاتەدا یەکێ لە دژی‌گەلی‌یەکان کە جلوبەرگی شەخسی لەبەردا بوو، چوار تیری هەوایی تەقاند، بەڵام بەوحاڵەش جەماوەری خەڵك کە هەرسات ڕوویان لەزیادبوون دەکرد، ئازایانە بە دروشمی "بڕووخێ کۆماری ئیسلامی"و "مەرگ بۆ ئاخوند" دژی‌گەلی‌یەکانیان ڕاونا. ئەو بەربەرەکانێیە تا کاتژمێر ٧:٣٠ی شەوی خایاندو دژی‌گەلی‌یەکان سەرشۆڕانە ئەو گەڕەکەیان بەجێ هێشت.

### پێشنوێژی مزگەوتی "ئیمام موحەممەدی غەزالی"ی لە شاری سنە، ٤ مانگ سزای بۆ بڕایەوە

ماوەیەك لەمەوبەر لە کۆڕێکی ئایینی‌دا، پێشنوێژی مزگەوتی "ئیمام موحەممەدی غەزالی" بە ناوی "مەلا خەلیل ئەدەبی"، لە گەڕەکی خانەقای شاری سنە لە ئاخافتنێك دا وتوویەتی کە "مرۆڤ جگە لە خودا نابێ لە کەس بپاڕێتەوەو داوای یارمەتیی لێ بکا". ئەم وتەیە لە لایەن جاشێکی ڕێژیمەوە ئەچێتەوە بۆ کاربەدەستانی حکوومەت (مرکز بزرگ اسلامی)و دوایی ئەم مەلایە دەکێشرێتە دادگای روحانییەتی ئەهلی تەسەنون کە لەوێ بە هۆی ئەو قسەیەوە حوکمی ٤ مانگ بەندکردنی بەسەردا دەبڕدرێت. پێویستە بگوترێ کاربەدەستانی ڕێژیم ئەم وتانەی "مەلا خەلیل"یان بە تەوهین بە مەزهەبی شیعەو ئیمامەکانیان زانیوە.

## سنە

### ماڵی یونسکۆ تایبەت بە هونەرو فەرهەنگ

"یونسکۆ" ڕایگەیاند کە "ماڵی یونسکۆ" تایبەت بە هونەرو فەرهەنگ لە شاری سنەدا دەکرێتەوە. دوای ئەسفەهان، خوراسان، تارانو کرماشان، ئوستانی کوردستان پێنجەمین ئوستانی ئێرانە کە ماڵی یۆنسکۆی لێ بنیات دەنرێ. ماڵی یۆنسکۆ لە چوارچێوەی NGOدا چالاکیی فێرکاریو فەرهەنگیو هونەری بەڕێوە دەبا.

## سەڵماس

### دوو هاووڵاتی لە ناوچەی "سۆما"ی گیان لەدەست دەدەن

بە پێی هەواڵێك کە بە "کوردستان" گەیشتوە، هەفتەی ڕابردوو هێزەکانی ڕێژیم لە نزیك گوندی "سوڵتانی" سەر بە ناوچەی "سۆما"ی سەڵماس تەقە لە چەند کاروانچیی خەڵکی گوندی "جووجەهی" دەکەن کە بۆ کاسبی بەرەو تورکیە دەچوون. ئەو کاروانچیانە لەبەر ئەو پەلامارە هەڵدێن کە دوو کەسیان لە هەڵدێرێکەوە بەردەبنەوەو یەکێکیان هەر لەجێدا گیانی لەدەست دەداو هاووڵاتی‌یەکەی دیکەش دوای سێ ڕۆژ، لە نەخۆشخانە کۆچی دوایی دەکا.

### هاووڵاتیانی چەند شاری کوردستانی ئێران، بە هۆی فرۆشتنی "گاز" بەتورکیە تووشی گیروگرفتێکی زۆر بوون

ماوەیەکە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، بە شێوەیەکی بەربڵاو لە ڕێگەی هێڵی گازی شاری تەبریزەوە، گاز بە وڵاتی تورکیە دەفرۆشێ. هەر بەو هۆیەوە ڕێژیم بەشی گازی چەند شاری کوردستانی وەك شنۆ، پیرانشارو سەردەشت کەم کردۆتەوەو خەڵکی ئەو شارانەی لەم وەرزە ساردەدا لەگەڵ گیروگرفتێکی زۆر بەرەوڕوو کردەوە. بەپێی هەواڵی گەیشتوو، زۆرێك لە نانەواخانەکانی شارەکانی شنۆ، پیرانشارو سەردەشت داخراونو نرخی نانو خواردەمەنی بە شێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە. تا ئێستا ڕێژیی کۆماری ئیسلامی بۆ چارەسەرکردنی ئەو قەیرانە هیچ هەنگاوێکی بەکردەوەی هەڵ نەهێناوەتەوە.

## سەردەشت

### هێزە بەناو ئینتیزامی‌یەکانی ڕێژیم تەقەیان لە چەند ماشینی کاسبکاران کرد

ئێوارەی ڕۆژی سێشەممە، ڕێکەوتی ١٣٨٣/١٠/١، کاتژمێر ٦ی ئێوارە، لە گەڕەکی گردەسووری شاری سەردەشت، هێزەکانی ئینتیزامیی ڕێژیم کەمین بۆ خەڵکی کاسبو کاروانچی دادەنێنەوەو پاش ماوەیەك تەقە لە چەند ماشین دەکەن کە باری قاچاخیان پێبووەو یەکێك لە ماشینەکان دەگرن. خەڵکی ئەو گەڕەکە بە دەنگی تەقە لە ماڵەکانیان دێنەدەرو هێرش دەکەنە سەر هێزەکانی ڕێژیمو ماشینەکەیان لەدەست دەردێننەوەو ڕزگاریان دەکەن. هێزەکانی ڕێژیم تەقە لە خەڵك دەکەنو لە ئاکام دا دوو کەس بریندار دەبن کە بۆ چارەسەریی، بەڕێکراون بۆ شاری ورمێ.

یەکێك لە بریندارەکان ناوی "حەمەی خەیاڵێ"، خەڵکی گوندی باساوێی سەردشتە.

### برینداربوونی هاووڵاتی‌یەك

شەوی سێشەممە (٨٣/١٠/١)، لە شاری سەردەشت، کاسبکارانو هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم دەرگیر دەبنو هێزە دژی‌گەلی‌یەکان تەقە لە خەڵك دەکەن. لە ئاکامدا کەسێك بە ناوی "وەستا حەمە" بریندار دەبێ.

## مەریوان:

### برینداربوونی کۆڵبەرێکی زەحمەتکێش لە سنووری "باشماخ"

چەند ڕۆژ لەمەوبەر، لەحاڵێکدا کە کاسبکارانو کۆڵبەرانی مەریوان بە کۆڵەکانیانەوە لە سنووری باشماخ دەگەڕانەوە، تاقمێك لە هێزە ئینتیزامی‌یەکانی مێرساد هەڵیان کوتایە سەر ئەو هەموو کۆڵبەرە هەژارەو کۆڵەکانیان لێ زەوت کردنو بە تەقەو لێدان وەدویان کەوتن کە لەو کێشوگێرەدا ماشینێکی هەڵگری کۆڵبەرەکان بە چەند کۆڵو کۆڵبەرەوە دەرباز دەبێو لەم کاتەدا مەئموورەکان دەیاندەنە بەر دەسرێژو لە ئاکامدا شۆفێری ماشینەکە بە ناوی "شێخ حسەین"، خەڵکی گوندی "باڵك"و دانیشتووی ئاوایی "بەردەرەشە" بریندار دەبێو هەر هێشتا بەوحاڵەشەوە لە مەیدان دەرباز دەبێو ناهێڵێ کۆڵوباری ئەو هەژارانە بکەوێتە بەر دەستی بەکرێگیراوان.

### هێزە دژی‌گەلی‌یەکانی ڕێژیم سەرشۆڕانە لە گوندی "ئەویهەنگ"ی ناوچەی ژاوەرۆ دەگەڕێنەوە

ڕۆژی پێنجشەممە، ڕێکەوتی ١٣٨٣/١٠/٣، هێزە بەکرێگیراوەکانی ئیتلاعات بە هاوکاریی سەرهەنگی دژی‌گەلیو هەڵقەلەگوێی ڕێژیم، سەرهەنگ "اللەمرادی"، فەرماندەی ناحیەی هێزە بەسیجی‌یەکانی ناوچەی سنە بە مەبەستی دۆزینەوەو وەدواکەوتنی ئەو کەسانەی کە بە بۆنەی ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز، ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان، دروشمو تراکتیان لە کوچەو کۆڵانەکانی گوندی "ئەویهەنگ" لە ژاوەرۆی مەریوان، بڵاو کردبۆوە، هاتنە ئەو گوندەو پاش ئەوەی کەسیان دەسنەکەوتو، کردنەوەی مۆڵگەی بەسیجی‌یەکانیان لەو شوێنەدا کردە بیانوو و، داوایان لە خەڵکی گوندی ناوبراو کرد کە بەشداری لەو مەراسیمەدا بکەن. کە داخوازی‌یەکەیان لەگەڵ بەشداری‌نەکردنی خەڵکی بەشەرەفی "ئەویهەنگ"دا بەرەوڕوو بووەوە. بەوحاڵەش سەرهەنگی گوێ‌لەمست وازی نەهێناو ئەوجار هەم بە ناردنی بەکرێگیراوو هەمیش بە بانگەواز لەسەر بڵێندگۆی ئاوایی، داوای لە ئیمام جومعەی گوند کرد کە بەشداری مەراسیمەکە بێ، بەڵام ئیمام جومعەش بەدەم داخوازەکانیەوە نەچوو و بەم شێوەیە لە هەموو هەوڵو کۆششێك لەو پێوەندی‌یەدا نائومێد بوو. هەربۆیە ناچار پەنای بۆ قوتابیانی ئەو گوندە بردو قوتابی‌یەکانیان بە زۆر لە مەراسیمەکەدا کۆ کردەوە.

سەرهەنگ "الله مرادی"، جارێکی‌تر داوای لە خەڵکی گوندەکە کرد کە چەك بۆ ڕێژیم هەڵگرن. بەڵام بێجگە لە چەند کەسێك کە ژمارەیان لە چوارو پێنج کەسی داردەستی خۆیان تێنەدەپەڕی، کەس ئامادە نەبوو بەدەم داخوازی‌یەکەیانەوە بچێو بەم چەشنە هێزە ئیتلاعاتیو بەسیجی‌یەکانی ڕێژیم بە سەرپەرشتی سەرهەنگ اللەمرادی، فەرماندەی ناحیەیی ڕێژیم لە مەئمووری‌یەتەکانیان دا بە تەواوی تووشی شکستو ناهومێدی بوون.

## مەریوان

### کوژرانی دوو مۆرەی ڕێژیم

* شەوی سێشەممە، ڕێکەوتی ١٣٨٣/١٠/٢، کەسێك بە ناوی "حسەین ربوسە"، تەمەن ٢٥ ساڵ، کوڕی "ئەحمەد" ناسراو بە "ئەحە چنارەیی"، لەبەر دەرکی ماڵی خۆیان بە دەمانچە تەقەی لێدەکرێو دەستبەجێ دەمرێ. شایانی باسە ناوبراو سەرەڕای ئەوەی لەگەڵ ئورگانە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم پەیوەندی هەبووەو جاسووسی بۆ کردوون، کەسێکی بێ‌ئەخلاقو نادروستیش بووە کە دەستێکی باڵای هەبووە لە بڵاوکردنەوەی مەوادە موخەدرو سڕکەرەکاندا. دیارە کوشتنی کەسێکی ئاوا بۆتە مایەی خۆشحاڵی خەڵکی ناوچەکە.

### خەڵکی "کانی دینار" ڕێگایان نەدا باری کاسبکارێك بکەوێتە دەست بەکرێگیراوانی ڕێژیم

ڕێکەوتی ١٣٨٣/١٠/١١، کەسێك بە ناوی "دلێر کەریمزادە"، کوڕی "عەلی زەمانە"، خەڵکی شاری مەریوان کە ماشینی پێ دەبێ، بە باری شتومەکی خواردەمەنی‌یەوە، لە پاسگای "کانی دینار"، کەلانتەریی ١٣ دەیهەوێ پەنچەری بکا تا بارەکەی موسادێرە بکەن. ناوبراو بەناچار لە جادە لائەداو لە ئاکامدا ماشینەکەی چەپ دەبێ. بەڵام بەرلەوەی کە بەکرێگیراوانی جێگیر لەو پاسگایە دەستیان بە شتەکان ڕابگا، خەڵکی "کانی دینار"و موسافیرەکانی جادەی "سنە ـ مەریوان" بەسەریاندا دەڕژێنو بارەکەی لە دەست بەکرێگیراوانی ڕێژیم دوور دەخەنەوەو پاشان بە جنێوو بەردباران دەکەونە دوایان. هەر بۆیە بەناچار پەنا بۆ مۆڵگەکانیان دەبەنەوەو دەرکی مۆڵگە بەسەر خۆیاندا دادەخەن تا لە ڕقوتووڕەیی خەڵکی حازر لەو شوێنە لە ئەماندا بن. هەروەها ماشینەکە کە زەرەرێکی زۆری پێکەوتبوو لە لایەن خەڵکەوە برابووەوە بۆ شاری مەریوانو تەحویلی خاوەنەکەی درابووەوە.

## بانە

### دەرکەوتنی هێندێ نهێنی سەبارەت بە کوژرانی "خالید مستەفایی" بە دەستی دژی‌گەلی‌یەکان

هەروەك پێشتر ڕامانگەیاندبوو، لە ڕێکەوتی ١٣٨٣/٩/١٧دا، هێزە دژی‌گەلی‌یەکانی ڕێژیم لەسەر ڕێگای "گەورەدار" لە ناوچەی بانە تەقەیان لە هاووڵاتی‌یەکی بێ‌دیفاع بە ناوی "خالید مستەفایی" کردو لە ئاکام دا ئەو هاووڵاتی‌یە بێ‌تاوانە گیانی لەدەست دا. ئێستا دەرکەوتووە کە یەکێك لە فەرماندەکانی هێزی بەناو ئینتیزامی کە ناوی "بەهمەن پوور"ە، ئەو کارە نامرۆڤانەیەی ئەنجام داوەو بۆ شاردنەوەی تاوانەکەیان ویستوویانە بە ماشینەکەیەوە لەسەر جادەی هەڵیدێرنە خوارەوەو وا نیشان بدەن کە هۆی مردنی ناوبراو وەرگەڕانی ماشین بووە، بەڵام خەڵکی ئەو گوندە بەو نیازە گڵاوەی دژی‌گەلی‌یەکان دەزاننو بەردبارانیان دەکەنو دژی‌گەلی‌یەکان ناچار دەبن کە بە پەلە ئەو شوێنە چۆڵ بکەن.

شایانی باسە کە "خالید مستەفایی" خەڵکی گوندی "شێوەڵە"ی بانەیەو ٣ منداڵی هەیە.

### شاری شنۆو دەورووبەری لە هەڵمەتێکی تەبلیغیی حیزبیو نەتەوەیی‌دا

چەند ڕۆژ لەمەوبەر ئەندامانو لایەنگرانی حیزب لە شاری شنۆ بە بڵاوکردنەوەی تراکتو بڵاوکراوە حیزبی‌یەکانو نووسینی دروشمی شۆڕشگێڕانە، پشتیوانیی خۆیان لە بزاڤی میللی ـ دێموکراتیکی گەلی کورد بە ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەربڕی. ئەو شوێنانەی کە کاری تەبلیغییان لێکراوە، بریتی بوون لە:

"چوارڕێیانی کارگەر"، "خیابانی بەناو ئیمام"، "قەبری شەهیدان"، "حەسەن ئاوای خوارووو سەروو"، "سەیدئاوا"، "سەلیم ئاوای سەروو و خواروو"، "شاکرئاوا"و تەواوی قوتابخانەکانی کوڕانو کچانو مزگەوتەکانی شارو هەروەها گوندەکانی "کۆنە قەڵا"، "باڵاگیر"و "پوشاوێ".

### ڕێژیم لە ناوچەی "بێڵەوار"ی کرماشان خەریکی چەکدارکردنی کۆنەجاشەکانیەتی

ڕێژیمی ڕوو لە هەرەسی کۆماری ئیسلامی ماوەیەکە دەستی داوەتە سەرلەنوێ چەکدارکردنەوەی ئەو "جاش"و بەکرێگیراوانەی کە چەند ساڵێك بوو کاری پێیان نەمابوو. ئەوە خۆی نیشانەیەکی دەرهەستە کە ڕێژیم بۆ خۆیشی هەستی بەوە کردوە کە بەرەو هەڵدێری لەناوچوون بەڕێوەیەو دەیەوێ بە کەڵکوەرگرتن لەو جاشانە هەرەسهێنانی خۆی بۆ ماوەیەکی دیکەش بخاتە دواوە.

### لاوێکی کوردی نیشتەجێی ئۆردووگای ڕۆمادی بە هۆی هێرشی تیرۆریستانەوە گیانی لەدەست دا

ڕۆژی پێنجشەممە، ڕێکەوتی ٢٠٠٤/١٢/١٦، کوڕەلاوێکی کورد بە ناوی "شەیبان عەزیزی"، نیشتەجێی ئۆردوگای ڕۆمادیی عێراق، لە کاتی چوون بۆ بازاڕدا لە لایەن چەند چەکدارێکی تیرۆریستەوە کەوتە بەر دەسترێژو بەداخەوە گیانی لەدەست دا. ئەمە چەندین جارە، تیرۆریستە دڵڕەشەکان کوردە ئاوارە ئێرانی‌یەکانیان کردۆتە ئامانجی هێرشەکانیان، لەکاتێکدا ئەو کوردە ئێرانی‌یانە هیچ پێوەندی‌یەکیان لەگەڵ کێشەکانی عێراقدا نیەو ئەوە خۆی، دڵڕەشیو دڕەندەیی تیرۆریستان دەسەلمێنێ.

# کۆسپەکانی بەردەم بەئەندامبوونی تورکیە لە یەکیەتیی ئورووپادا

هەژیر

دوای دەیان ساڵ چاوەڕوانی مانەوەی تورکیە لە پشت دەرگاکانی یەکیەتیی ئورووپادا، سەرەنجام ئەو یەکیەتییە ڕێکەوتی ٢٠٠٤/١٢/١٧ی بۆ دەسپێکی وتوویژەکانی ئەم وڵاتە بۆ ئەندامبوون لە یەکیەتیی ئورووپا دیاری کرد. ئەم وڵاتە لە ساڵی ١٩٩٩وە بۆ ئەندامبوون لەم یەکیەتییە کاندیدا کرابوو. ئەو کاتە هێندێ لە وڵاتانی ئورووپایی چارەسەری مەسەلەی کورد، قیبرێس، ئەرمەنی‌و بەگشتی باشتر کردنی وەزعییەتی مافەکانی مرۆڤیان وەك پێش مەرجی دەسپێکی وتوویژەکان دانابوو. بەڵام کۆنفرانسی کۆپێنهاك لە ساڵی ٢٠٠٢ مەسەلەگەلی ئابووری، دەوڵەتی خاوەن قانوون‌و مافەکانی مرۆڤیان بۆ ئەندامبوون هێنایە ئاراوەو وێدەچێ دەوڵەتی ئێستای تورکیە هێندێ لە بەڵێنەکانی خۆی بردبنە سەرێ‌و ئامادەی وتوویژەکان بێ. لە وتوویژەکانی ئەمجارەش دا یەکیەتی ئورووپا، بە فەرمی ناسینی قیبرێس لە لایەن تورکیەوەی بە مەرجی دەسپێکردنی وتوویژەکان داناوە. یەکیەتیی ئورووپا ڕاگەیاندوە کە پرۆسەی پەیوەست بوونی تورکیە بەم یەکیەتییەوە لەوانەیە دە تا پازدە ساڵ بخایەنێ‌و وەرگیران لەو یەکیەتییەش دا، مسۆگەر نیە.

لە ساڵی ٢٠٠٣، سەرەك وەزیری تورکیە بە مەبەستی خۆئامادە کردن بۆ وتوویژ لەگەڵ یەکیەتیی ئورووپا بە پێکهێنانی کومیسیۆنێکی تایبەتی بە ٧٨ ئەندامەوە پێکهاتوو لە چەندین پرۆفیسۆر، مامۆستای زانکۆ، نوێنەرانی میت‌و بنیاتەکانی دیکەی ئەو وڵاتە ڕەزامەندیی نیشان دا. ئەرکی ئەو کۆمیسیۆنە لێکۆڵینەوە لەمەڕ وەزعییەتی کەمایەتییەکانی تورکیەو مافەکانی مرۆڤ لەو وڵاتەدا بوو. دوای چەند مانگ لێکۆڵینەوەو گەنگەشەی نێوان ئەندامانی ئەو یەکیەتییە، سەرەنجام لە مانگی نوامبری ئەمساڵ دا کۆمیسیۆن ڕاپۆرتی خۆی لە ژێر ناوی "ڕاپۆرتی کۆمیسیۆنی لێکۆڵینەوە سەبارەت بە مافی کەمینەکان‌و مافە کولتوورییەکان" ئامادە کرد، بەڵام پێش ئەوەی پێشکەش بە ڕاوێژکارانی مافەکانی مرۆڤ لە ئەنجومەنی وەزیرانی ئەو وڵاتە بکرێ، سەری لە ڕاگەیەنە گشتییەکانی تورکیە دەرهێناو لە ڕۆژی ٢٠٠٤/١٠/٢٨ لە لایەن ئاژانسی "خەبەر تورك"ەوە بڵاو بۆوەو باس‌و هەرایەکی زۆری لێکەوتەوە. لێرەدا بە پێویستی دەزانین بە هۆی ئەوەی کە لەم ڕاپۆرتەدا ئاماژە بە زۆر بابەتی گرنگ‌و هەستیار کراوەو دان بە بوونی کەمایەتییەکان دا نراوەو هەروەها پاشەکشە لە هەڵوێستی کەللەڕەقانەو بناژۆیانەی تورکە ناسیونالیستەکان سەبارەت بە نەتەوەکانی دیکەی ئەم وڵاتە بە ڕوونی دەرکەوتوە، چاوێك بەم ڕاپۆرتەدا دەخشێنین:

لە پێشەکی ڕاپۆرتەکەدا وێڕای پێناسەکرانی چەمکی کەمایەتی، ئاماژە بەوە کراوە کە زاراوەی (کەمینە) لە سەدەی شازدەهەمەوە بەکار دەهێنرێ‌و ئەو کاتە ئەم زاراوەیە بۆ کەمایەتییە مەزهەبییەکان بەکار هێنراوە، لە ساڵی ١٧٨٩ زاراوەی کەمایەتی نەتەوەیی سەری هەڵداوە. دوای دامەزراندنی کۆمەڵەی گەلان لە ساڵی ١٩٢٠دا مافی کەمایەتییەکان کەوتە ژێر چاوەدێری ئەو ڕێکخراوە نێونەتەوەییەو ئێستاش ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، پارلمانی ئورووپاو دادگای مافەکانی مرۆڤ لە ئورووپا پارێزگاری لە مافی کەمایەتییەکان دەکەن. لە پەیمانی لۆزانیش دا ئاماژە بە مافی کەمایەتییەکان کراوە، کەچی تورکیە هیچکام لەو پێوەرو پرنسیپانەی پەیمانی لۆزانی جێبەجێ نەکردوە[!]. لە ڕاپۆرتەکەدا هاتوە تورکیە لە جیهانی ئەمڕۆدا دوو کێشەی گەورەی هەیە: ١ـ بەرتەسك کردنەوەکانی تورکیە سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ بە تەواوی پێچەوانەی بۆچوونەکانی ئەم سەردەمەیە. ئەمڕۆکە ئیتر ناتوانرێ بوونی کەمایەتییەکان لە وڵاتانی جۆراوجۆردا لە دیدی خەڵکی جیهان بشاردرێتەوە، ٢ـ تورکیە تا ئێستا تەنانەت خاڵەکانی پەیمانی (لۆزان)یشی جێبەجێ نەکردوە. (لێرەدا بە تێروتەسەلی ئاماژە بەو خاڵانەی پەیمانی لۆزان کراوە کە جێبەجێ کردنیان چ کێشەو ئاستەنگ گەلێکیان بۆ تورکیە بەدواوە بووە.) بۆ وێنە هاتوە: سەرەنجام ڕۆژێك دێ کە هەر کەسێك ئازادانە بە زمانی خۆی بئاخوێ، کەوایە لە جیاتی ئەوەی وردەو بە پینەوپەڕۆ چارەسەری ئەو کێشەیە بکەین،



با بە ئاشکرا دانی پێدا بنێین‌و قانوونێکی لە بارەوە دەربکەین. ئەگەر دەوڵەت لەگەڵ هاووڵاتیانی خۆی وەك مرۆڤ مامەڵە بکا، یەکیەتیی‌و پێکەوە ژیانمان بەهێزتر دەبێ‌و . . . لە بەشێکی دیکەی ئەم ڕاپۆرتەدا هاتوە، تورکیەی ئێستا زۆر تەسك بینەو سەرچاوەی ئەم ڕوانگەیەش دەگەڕێتەوە بۆ: ١ـ دەسەڵاتدارانی تورکیە کە تا ئێستاش لە ڕوانگەی ساڵی ١٩٢٣دا چەقیون، کەچی سەرەڕای ئەوەش زۆر بەرچاوتەنگانە دەڕواننە ساڵی ١٩٢٣و پەیمانی لۆزانیش، ٢ـ داننان بە بوونی کەمایەتیدا، لەگەڵ پێدانی مافەکانیان دوو شتی لێك جیاوازن، ٣ـ ئێمە کە بەردەوام باس لە تورك ـ تورك ئەکەین، ئەوەمان لەبیر ئەچێت کە (تورك) خۆی ناسنامەیەکی میللییە بۆ بەشێك لە هاووڵاتییانی تورکیە، ٤ـ تەسك بینی ئەمڕۆی تورکیە سەبارەت بە مەسەلەی کەمایەتییەکان، هۆکاری مێژوویی‌و سیاسیی هەیەو . . . .

ئەو خاڵانەی سەرەوە تەنیا بەشێکی کەم لە ڕاپۆرتی کۆمیسیۆنی لێکۆڵینەوە سەبارەت بە مافی کەمایەتییەکان‌و مافە کولتوورییەکان بوو کە ناسیونالیست‌و کەمالیستە تورکەکان دانیان پێدا هێنا بوو، بێجگە لەمانە مەسەلەگەلی دیکەش هەن کە دڵخوازی یەکیەتیی ئورووپا نین‌و دەوڵەتی تورکیە دەبێ چارەسەری بنەڕەتیی بۆ ئەو کێشانە بدۆزێتەوە، کە لێرەدا ئاماژە بە هێندێکیان دەکەین.

کێشەی سەرەکیی تورکیە تەنیا پێکهێنانی گۆڕانکاری‌و چاکسازی نیە کە حکوومەتی ناوەندی ناتوانێ بە خێرایی‌و ڕێکوپێکی جێبەجێیان بکا، بەڵکوو سەرچاوەی کێشەی سەرەکیی ئەم وڵاتە لە یاسا بنەڕەتییەکانی دایە. هەر ئێستا پارلمانی ئەو وڵاتە ڕۆژانە بۆ ماوەی دە سەعات کار دەکا تا چاکسازی لە بەندەکانی قانوون دا بکاو لە جێیان قانوونی نوێ‌و مودێرن پەسند بکا. تاکوو ئێستا لە ١٦٧ ماددەکەی یاسای بنەڕەتی ئەو وڵاتە لە ٦٨ ماددەدا چاکسازی کراوە. شایانی باسە کە کاربەدەستانی ئەو وڵاتە لە لایەك چاکسازی لە قانوونی بنەڕەتیی ئەو وڵاتەدا دەکەن‌و لەلایەکی دیکەوە لە سەر ڕێی جێبەجێ کردنیدا کۆسپ‌و تەگەرە سازدەکەن. ئەزموونی فێرکردنی زمانی کوردی، گەنگەشەو وتوویژە بێ‌ئاکامەکانی بڵاوکردنەوەی بەرنامەی ڕادیۆو تەلەویزیۆنی بە زمانی کوردی‌و ئازادیی پێکهێنانی حیزب و . . نموونەگەلێکن بۆ سەلماندنی ئەم ئیددیعایانە.

دیاردەی باڵادەستیی ئەرتەش‌و ژینراڵەکان بە یەکێکی دیکە لە کۆسپەکانی سەر ڕێگەی تورکیە بۆ ئەندامبوون لە یەکیەتیی ئورووپادا دەژمێردرێ. بە پێی قانوونی بنەڕەتیی ئەو وڵاتە ئەرتەش مافی دەست تێوەردانی لە سیاسەت دا هەیە. ڕێبەرانی ئەرتەش‌و ژینراڵەکان وەك ڕێکخراوە سیاسییەکان ڕاگەیەندراوی سیاسی دەردەکەن‌و لە لێژنە خوێندکاری‌و فێرکارییەکان دا نوێنەریان هەیەو، وەك پارێزەری نیزامی لائیك، ناسیونالیزم وەك ئیدئۆلۆژیی حکوومەتی پەرەی پێدەدەن. ناسیۆنالیستە توندڕەوەکان، نیزامییە باڵادەستەکان‌و بوروکراتە دەوڵەت خوازەکان، پاراستنی پێگەی خۆیان لە پەنای ناسیونالیسم دا دەبینن. بەگشتی تا ئێستا دوو بنیاتی سەرەکیی حکوومەتی تورکیە واتە ئەرتەش‌و سیستمی فێرکاری، ناسیۆنالیزمی تورکیەیان پاراستوەو سەرلەنوێ بووژاندوویانەتەوە. شایانی وتەنە لە کاتی پێکهاتنی بازاڕی هاوبەشی ئورووپاو دواتر گۆڕانی بۆ یەکیەتیی ئورووپادا، ناسیونالیسم لە تەواوی وڵاتانی ئەندام دا بەرەو لاوازی چووە. لە ڕاستیدا قانوونەکانی یەکیەتیی ئورووپا باشترین ئامرازن بۆ لە پەراوێزگرتنی نیزامی‌و ناسیونالیستەکان لە دەسەڵاتی سیاسیدا. کەوایە بە پەیوەستبوونی تورکیە بە یەکیەتیی ئورووپاوە، ئەرتەش مافی دەستتێوەردانی لە سیاسەت دا نابێ‌و دەبێ بنیاتە دیموکراتیکەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، دیموکراسی‌و لائیسیتە بپارێزن‌و بەهێزی بکەن. سیستمی ڕاهێنان تا ئێستا لە خزمەتی نەتەوەی باڵادەست دا بووەو بە پێی مەرام‌و ئیدەی کەمالیستەکان‌و ژینراڵەکان جێبەجێ کراوەو دەبێ بە فەرمی ناسینی مافی کەمایەتییە نەتەوەیی‌و قەومییەکان لە پاوانی ناسیۆنالیستە بناژۆو شوڤینیستەکان دا نەمێنێ‌و ڕەنگاڵەیی کولتووریی پێك بهێنرێ. بەمجۆرە دەردەکەوێ کە پەیوەستبوونی تورکیە بە یەکیەتیی ئورووپاوە دەبێتە هۆی لاواز بوونی تەواوی لایەنە توندڕۆکانی وەك پان تورکیسم‌و پان تووڕانیستەکان. تورکیە بە قبووڵکردنی ڕێساو پرەنسیپەکانی یەکیەتیی ئورووپا بەشێك لە مافی حاکمییەتی خۆی بۆ بنیات‌و ئورگانەکانی ئەو یەکیەتییە دەگوازێتەوەو ئەمەش بۆ چەپە دژە ئیمپریالیستەکان، ئیسلامییە فەندەمینتاڵەکان‌و ناسیونالیستە توندڕۆکان کە ئێستاش پێناسەی سەرەتاکانی سەدەی بیستەمیان لەسەربەخۆیی‌و مافی حاکمییەت هەیە، قبووڵ ناکرێ.

مەسەلەی کەمایەتییەکان بە تایبەت کوردو ئەرمەنییەکان یەکێکی دیکە لە کۆسپەکانی سەر ڕێگای تورکیە بۆ بوونە ئەندام لە یەکیەتیی ئورووپا دایە. کوردەکان بە حەشیمەتی ٢٠ ـ ١٥ میلیۆن کەسییەوە کە پتر لە ١ لە ٤ی تەواوی حەشیمەتی ئەو وڵاتە پێك دێنن. هەر لە سەرەتای دامەزرانی تورکیەوە تا ئێستا دان بە بوونیان دا نەهێنراوە، شۆڕش‌و جووڵانەوەکانیان بە توندوتیژییەکی بێ‌وێنە سەرکوت کراون‌و هەر ئێستا هەزاران کەس لە کوردەکان بە هۆی سیاسی لە زیندانەکانی تورکیە پەسێوراون. وەزعییەتی ئابووری لە ناوچە کوردنشینەکانی تورکیە زۆر ناڵەبارەو حەشیمەتێکی زۆری ئەم ناوچەیە بۆ باشتر کردنی وەزعییەتی ژیانی خۆیان بۆ شارەکانی ڕۆژئاوای تورکیە چوون. زمانی کوردی ئێستاش لە قوتابخانەکان دا ناخوێندرێ. بەرنامەی تەلەویزیونی بە زمانی کوردی بۆ ماوەی چەند سەعات لە حەوتوودا‌و تەنیا لە یەکێك لە تەلەویزیۆنە دەوڵەتییەکانی ئەو وڵاتەدا ئەویش لە ژێر سانسۆری توند دا بڵاودەبێتەوە. ئەمە لە حاڵێك دایە زیاتر لە ١٠٠ کاناڵی ماهوارەیی ٢٤ سەعاتە بە زمانی تورکی بەرنامە بڵاودەکەنەوەو سەدان کاناڵی نێوخۆیی دیکەش هەر بە زمانی تورکی بەرنامە بڵاودەکەنەوەو . . . مەسەلەی کوردو دابینبوونی ئازادییە تاکەکەسی‌و مەدەنییەکانی ئەوان‌و بەگشتی داخوازەکانیان تا ئێستا لەلایەن دەوڵەتەوە چارەسەر نەکراوەو بەڵێنییەکانی دەوڵەت لەم پێوەندییەدا جێبەجێ نەکراوە. بەدوای بڵاوبوونەوەی ئەو ڕاپۆرتەی لە سەرەوە ئاماژەمان پێکرد، ڕۆژی ٢٠٠٤/١٢/٩ نزیکەی ١٠٠ کەس لە کەسایەتییەکانی کورد بە واژۆکردنی تۆمارێك داخوازییەکانی خۆیان هێنایە ئاراوەو داوایان لە یەکیەتیی ئورووپا کرد کە لە وتوویژەکانیان لەگەڵ تورکیەدا ئەو داخوازییانەش ڕەچاو بکەن، هێندێك لەم داخوازییانە بریتیی بوون لە: "١ـ لە ساڵەکانی دەیەی نەوەددا، زیاتر لە ٣٤٠٠ گوندی کوردنشین بە زۆر چۆڵکران‌و وێران کران. پێویستە هەموو ئەو گوندانە سەر لەنوێ ئاوەدان بکرێنەوە، بە یارمەتی یەکیەتیی ئورووپا ئەو نزیکەی ٣ میلیون کوردەی لەو ناوچانە ئاوارە بوون هان بدرێن بگەڕێنەوە سەر زێدی خۆیان. بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە بەرنامەیەکی ئاوەدان کردنەوە ئامادە بکرێ‌و دەستبەجێ جێبەجێ بکرێ. ٢ـ بۆ چەسپاندی ئاشتی‌و باوەڕ بە یەك بوون‌و بە یەکجاری داخستنی لاپەڕەکانی شەڕو توندوتیژی، پێویستە لێبووردنێکی سیاسیی گشتی ڕابگەیەندرێ. ٣ـ دەستوورێکی نوێی هاوچەرخ‌و دیموکراسییانە دابنرێ کە لەودا دان بە بوونی کورد دا نرابێ‌و مافی ئەوە مسۆگەر بکا کە کورد بە ڕەسمی بۆی هەبێ زمانی کوردی لە سیستمی پەروەردەو میدیادا بەکار بێنێ‌و مافی ئازادیی دامەزراندنی ڕێکخراو کۆمەڵەو پارتی سیاسیی کوردی هەبێ‌و، ئازادانە تەعبیر لە مافە سیاسی‌و کولتوورییەکانی خۆی بکاو بەرگرییان لێبکا. پێویستە ڕێبەرانی تورکیەو یەکیەتیی ئووروپا، ڕەچاوی ئەوە بکەن کە جێبەجێ کردنی ئەم داخوازییانەمان، بەردی بناغەی چەسپاندنی ئاشتی‌و ئاسایش‌و دادپەروەرییە لە ناوچەکەدا". بەهەرحاڵ چونکە قانوونەکانی یەکیەتیی ئورووپا تەواوی مافەکانی کەمایەتییەکان بە فەرمی دەناسێ، بەم پێیە کوردەکان زیاتر لە تورکەکان بە ئاکامی وتوویژەکان هیوادارن‌و وێدەچێ کە بە پەیوەست بوونی تورکیە بە یەکیەتیی ئورووپاوە زۆرترین داخوازەکانیان جێبەجێ بێ.

چارەسەرکردنی مەسەلەی قیبرس یەکێکی دیکە لە مەرجەکانی یەکیەتیی ئورووپا بۆ دەسپێکی وتوویژ لەگەڵ تورکیە دایەو بەڕەسمی ناسینی قیبرس لەلایەن تورکیەوە وەك مەرجی دەسپێکی وتوویژەکان دیاری کراوە. ڕەجەب تەیب ئوردۆغان سەرۆك وەزیری تورکیەو پیتربالکندە، سەرۆك وەزیری هولەند کە ئێستا سەرۆکی یەکیەتیی ئورووپایە ڕایگەیاند کە ڕازی بوونی تورکیە بەم مەرجە بە مانای بەڕەسمی ناسینی حوقووقی‌و بەڕەسمیی ناسینی دەوڵەتی یوونانیی بەشی باشووری قیبرێس نیە، بەڵام هەنگاوێکە کە دەتوانێ ببێتە هۆی پێشکەوتن لەم بوارەدا. بە پێی ئەم مەرجە تورکیە دەبێ بەدەرکردنی بەیاننامەیەك دەروەستی ئەوە بێ کە پەیمانێك بۆ گشتگیرکردنی گومرکیی خۆی لەگەڵ یەکیەتیی ئورووپا بە جۆرێك کە دەوڵەتی تازەو یەك لەوان قیبرس لەخۆ دەگرێ، مۆر بکا. پێویستە بگوترێ بەشی یوونانی‌نشینی قیبرس لە مانگی مەی ٢٠٠٤دا بوو بە ئەندامی یەکیەتیی ئورووپا، دەوڵەتی قیبرس بە مەرجی بەڕەسمی‌ناسینی لە لایەن تورکیەوە موخالیفی بە ئەندامبوونی ئەو وڵاتە لە یەکیەتیی ئورووپادا نیە.

وەزعییەتی ئابووریی تورکیە زۆر دڵخوازی یەکیەتیی ئورووپا نیە. لە ساڵی ٢٠٠٠ بەملاوە، ڕادەی بێکاری لە ٤٪ بۆ ١٠/٥٪ زیادی کردوە. دەوڵەتی ئەو وڵاتە بۆ باشترکردنی وەزعییەتی ئابووریی خۆی بڕی ٣١/٨ میلیارد دولاری لە سندووقی جیهانی پوول وام وەرگرتوە. بڕی قەرزو وامەکانی ئەم وڵاتە زیاتر لە ٧٠٪ی داهاتی پوختەنەکراوی نێوخۆییەو، دانەوەیان زۆر دژوارە. تورکیە کە زۆر نەدارترە لە وڵاتێکی وەك لەهیستان، بەو ئابوورییە لاوازەی خۆیەوە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی ڕقەبەرایەتیی ئیحتمالی ئورووپا لەگەڵ ئەمریکاو ئەگەر تورکیە لە سیاسەتە ئابوورییەکانیدا سەرنەکەوێ، شانسی ئەو وڵاتە بۆ ئەندامبوون لە یەکیەتیی ئورووپادا زۆر کەم دەبێتەوە.

یەکێك لە گرنگترین نیگەرانییەکانی یەکیەتیی ئورووپا لە پەیوەستبوونی تورکیە بەوەوە، حەشیمەتی حەفتا میلیۆنی‌و بە زۆرینە موسڵمانی ئەم وڵاتەیە. ٩٩٪ی حەشیمەتی ئەو وڵاتە موسڵمانن. ئەم حەشیمەتە بە تەنیایی بە قەرای حەشیمەتی ئەو وڵاتانەیە کە لە بەهاری ٢٠٠٤دا بە یەکیەتیی ئورووپاوە پەیوەست بوون. کەوایە بە ئەندامبوونی تورکیە بە یەکیەتیی ئورووپاوە زۆربەی هاوسەنگییەکان تێك دەچن‌و ژمارەیەکی زۆر نوێنەر لە وڵاتێکی موسڵمان دەچنە پارلمانی ئورووپاوە، شتێك کە بۆ مەسیحییە توندڕۆکان جێگەی نیگەرانییە. هەر ئێستا مەسەلەی کۆچبەرانی تورکیە یەکێك لە قەیرانەکانی سەرۆکەکانی ئورووپایە. نزیکەی پێنج میلیۆن کەس لە هاووڵاتییانی تورکیە لە دەرەوە دەژین (سێ‌ملیۆن لە ئەڵمان‌و ٤٠٠ هەزار کەس لە فەڕانسە) کە زیاتر لە نیو میلیۆن لەو پێنج میلیۆن کەسە کوردن. ئەم حەشیمەتە خەرج‌و کێشەیەکی زۆری بۆ ئورووپاییەکان بەدواوە بووە. بەم پێیە بەشداربوونی حەفتامیلیۆن موسڵمان لە دەسکەوتەکانی یەکیەتیی ئورووپا ئەویش بە بوونی ئابوورییەکی لاوازو نەخۆش‌و کولتوورو پێوەندییەکی کۆمەڵایەتی نزم نیسبەت بە ئورووپاییەکان کێشەیەکی زۆری بۆ خەڵکی ئورووپاو بە تایبەتی بۆ یەکیەتیی ئورووپا بە دواوە دەبێ.

بەڵام لە ڕوانگەیەکی دیکەوە ئورووپاو ئەمریکا لە هەندێ ڕەهەندی ستراتژیك، سیاسی‌و ئابوورییەوە لە بەئەندامبوونی تورکیە سوودمەند دەبن. بە واتایەکی دیکە بە پەیوەستبوونی تورکیە بەم یەکیەتییەوە چوارچێوەی نفووزی تورکیە لە قەفقازو ئاسیای ناوەندی دەبێتە چوارچێوەی نفووزی یەکیەتیی ئورووپاش‌و لە لایەکی دیکەشەوە سنووری ئەم یەکیەتییە دەگاتە سنوورەکانی ئێران، عێراق‌و سووریە، بەمجۆرە سەرەڕای ئەو دژایەتییانەی ئێستا دەکرێ، سەرمایەدارە ئورووپاییەکان تەقریبەن یەکدەنگ خوازیاری بەئەندامبوونی تورکیەن لە یەکیەتیی ئورووپادا تا بەهۆی هێڵی لوولەی نەوتی باکۆ ـ تێفلیس ـ جەیهان وزەی پێویستی خۆیان لە کێڵگەگەلی نەوتی خەزەرو لە درێژماوەدا لە ئاسیای ناوەندی دابین بکەن.

بە تەواوی ئەم لێکدانەوانە واتە چارەسەری مەسەلەی کوردو کەمایەتییەکانی دیکە، کێشەی قیبرس، ڕادەی بێکاری‌و باشترکردنی وەزعییەتی سیاسی‌و مافەکانی مرۆڤ لە تورکیە، بەسەرنجدان بەوە کە سیاسەتمەدارانی تورکیە ئێستاش ئامادە نین دەستبەرداری ڕوانگە تەسك بینانەو دواکەوتوانەی خۆیان بن‌و بە میتۆدی نوێ لەگەڵ ئەم کێشەیە هەڵسوکەوت بکەن، لەوانەیە وتوویژەکان لەگەڵ یەکیەتیی ئورووپا چەندین ساڵ درێژە بکێشێ‌و بۆیە یەکیەتیی ئورووپا پرۆسەی بە پەیوەست بوونی تورکیەی دە پازدە ساڵ مەزەندە دەکەن.

سەرچاوەکان:
١ـ سایتی فارسی BBC
٢ـ سایتی "اخبار روز"
٣ـ گۆڤاری خاك، ژمارە ٩٠
٤ـ گۆڤاری گوڵان، ژمارە ٥٠٩

# تیڕامانێك لە پرۆژەی رۆژهەلاتی نێوەڕاست

ئامادەکردنی: زرار زەرزا

به چاوخشاندنێك بەسەر جوغرافیای سیاسیو ژێئۆئێکۆنۆمیکیی رۆژهەلاتی نێوەڕاست دا گرنگایەتی ئەو ناوچەیەمان زیاتر بۆ دەردەکەوێ. ئەم ناوچەیە لە باشووری رۆژئاوای ئاسیاو باکووری رۆژهەلاتی ئافریقا (میسر) هەلکەوتوەو سێ قارەی ئاسیا، ئەفریقاو ئورووپا پێکەوە دەبەستێتەوەو کەوتۆتە نێوان چوار دەریای سوور، رەش، نێوەڕاست، کەنداوی فارس و هەر لەم ناوچەیەدا ئایینەکانی ئیسلام، یەهوود، مەسیح و زەردەشت سەریان هەلداوەو بە پێی هێندێك سەرچاوە یەکەمین شارستانییەتەکانیش هەر لەو ناوچەیەدا پەیدا بوون و گەشەیان کردوە.

ئەم ناوچەیە، ناوچەیەکی دەولەمەندی سەرچاوە سروشتییەکانی وەك نەوت و گازەو بە پێی ئامارەکان ٦٥٪ی نەوت و ٣٥٪ی گازی سروشتیی جیهانی تێدایە.

ناوچەی رۆژهەلاتی نێوەڕاست بەهۆی بوونی نەوت و گازی سروشتیی زۆر، بوونی چەند سیستمی سیاسی نارەواو داسەپاو بە سەر گەلان داو هەروەها جیاوازیگەلی رەگەزی، نەتەوەیی، ئایینی، کولتوری و... بەردەوام ناوچەیەکی پڕکێشەو نائارام بووەو بوونی ئەو جیاوازیو هەلاواردنانە لە کولتوری ناوچەکەش دا رەنگی داوەتەوەو زۆرجار توندوتیژییان لێکەوتۆتەوە، بە جۆرێك هەر لە نیوەی دووهەمی سەدەی رابردووەوە تاکوو ئێستا دەیان شەڕو کێشەی خوێناوییو مالوێرانکەری وەك شەڕی عەرەب ـ ئیسرائیل لە سالانی ٤٨،٦٧و٧٣و شەڕی میسرو یەمەن لە شەستەکان داو شەڕی داسەپاوو درێژخایەنی دەولەتانی زال بە سەر کوردستان لەگەل کوردو شەڕی هەشت سالەی ئێران ـ عێراق لە دەیەی هەشتاو... تا دەگاتە پرۆسەی ئازادیی ئێراق لەم ناوچەیەدا رووی داوە.

ئێستا بە هاتنە گۆڕی پرۆژەی رۆژهەلاتی نێوەڕاستی گەورەو سووربوونی ئەمریکا لە سەر جێبەجێ کردنی سیاسەتەکانی خۆی لەم ناوچەیەدا، رەوتی کێشەو ململانێکان زیاتر پەرە دەستێنن و بێشك جێگیربوونی ئاسایش و تەناهی لەم ناوچەیەدا هەم پێویستی بە نرخێکی زۆری گیانیو مالی هەیەو هەم ماوەیەکی درێژیش دەخایەنێ.

ئەمریکا بە رامالینی رێژیمی تالیبان و رزگارکردنی خەلکی ئەفغانستان بە رەسمی پێی نایە ناوچەکەو دوایەش بە تەفروتونا کردنی رێژیمی سەددام و رووخاندنی رێژیمی عێراق بە شێوەیەکی فەرمی پلان و پرۆژە بنەڕەتییەکانی خۆی کە بە قەولی دەسەلاتدارە ئەمریکاییەکان بریتییە لە جێگیر کردنی بنەماو پرەنسیپەکانی دێموکراسی بە گشتیو دێموکراتیزەکردنی رۆژهەلاتی ناڤینی گەورە (کە نزیکەی چل ولات دەگرێتەوە) جێبەجێ دەکا.

لە دیسامبری ٢٠٠٢دا نێوەڕۆکی پرۆژەی رۆژهەلاتی نێوەڕاستی گەورە لە لایەن وەزیری دەرەوەی ئەمریکا (کالین پاول) لە دەزگای کەلتووریی واشینگتۆن و بە نێوی پرۆژەی هاوبەشی (ئەمریکا ـ رۆژهەلاتی نێوەڕاست) راگەیەندرا. هەر لەوێدا پاول دانی بە کەموکووڕیو کورت بینییەکانی سیاسەتی پێشووی ولاتەکەی لە هەمبەر رۆژهەلاتی ناڤین دا، ناو رای گەیاند کە ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەیەوێ بە روانگەیەکی واقیعبینانەو سەردەمیانەوە هەلسوکەوت لە گەل ئەو ناوچەیەدا بکا.

پاول قەیرانی بێکاریی بە یەکێك لە کێشەو ئاریشە سەرەکییەکانی ناوچەی رۆژهەلاتی نێوەڕاست لە قەلەم دەداو لەم بارەوە گوتی: "ئێستا لە ولاتانی عەرەبی چواردە میلیۆن کەس بێکارن و لە ٨ سالی داهاتووش دا پەنجا میلیۆن کوڕو کچی لاوی عەرەب تووشی هەمان چارەنووس دەبنەوە". ناوبراو پشت ئەستوور بە چەندین سەرچاوەی باوەر پێکراو هەروەها گوتی: "کۆی بەرهەمی نێوخۆیی ٢٦٠ میلیۆن عەرەب کەمترە لە لە بەرهەمی چل میلیۆن ئیسپانیاییو، کەمترە لە ١٪ی ئەو حەشیمەتە دەستیان بە کامپیوتێرو ئینتێرنێت را دەگا".

جۆرج دەبلیو بووش، سەرکۆماری ئامریکاش دوای رووخاندنی رێژیمی عێراق هێندێك تێزی نوێی باس کرد کە بە




وردبوونوە لێیان، دەردەکەوێ کە ئاماژەن بۆ هێنانە ئارای سەردەمێکی نوێی دوای شەڕی ساردو چڕبوونەوەی قۆناغی گلۆبالیزم و شۆڕشی زانیارییەوەو بە شێوەیەکی روونیش ئاماژەی بە چەندین ولات کردکە دەبێ لە زۆر بواری سیاسی، ئابووریو کۆمەلایەتیدا گۆرانکاریی بنەڕەتی بە سەر خۆیان دا بنێن. بە بۆچوونی سەرۆکی ئامریکا، دێموکراسیی کارا، هەمیشە پێویستی بە کات هەیە تا گەشەسەندووتر بێ. ناوبراو دەلێ: "ئەو کۆمەلگایە سەرکەوتوویە کە بتوانێ ئازادی بیروباوەڕ مسۆگەر بکاو نەهێلێ کەمینە دوچاری چەوسانەوە بێ". سەرۆکی ئامریکا بە ئاماژە بە ئامارو سەرچاوە باوەڕ پێکراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان دەلێ کە: "جیهانی عەرەبی لە گەل ئەو شەپۆلە جیهانییەی کە هەلگری دێموکراسیەتە هاوشان نیە، بەلکوو ئەم شەپۆلە زۆر کەم وەبەر ولاتانی عەرەبی کەوتوە". ناوبراو هەروەها گوتی: "تا ئێستاش زۆربەی هاوولاتیانی ناوچەکە، تەنیا قوربانین، لە کاتێك دا شایستەی ئەوەن هاوولاتیی کاریگەر بن بۆ پرۆسە ژیارییەکانی ئاینده. ئەمڕۆ حکوومەتەکانی رۆژهەلاتی نێوەراست و باکووری ئافریقا پێویستیی گۆرانکاریان دەرك کردوە، بۆیە لەم رووەوە هەنگاوەکان دەستیان پێ کردوە".

ئەگەر بە وردی بڕوانینە وتەکانی بووش و پاول، بۆمان دەردەکەوێ کە پرۆسەیەکی درێژخایەن بە ئاقاری گۆڕان و چاکسازی لە ناوچەکەدا لە ئارادایەو بۆ ئەم مەبەستەش پێکهێنانی ریفۆرمی سیاسی، ئابووریو کۆمەلایەتی لەم ناوچەیەدا لە سەروو هەر هەنگاوێکی دیکەوەن.

پرۆژەی رۆژهەلاتی نێوەراستی گەورە لە سەر بنچینەی هاتنە سەر کاری رێژیم گەلێکی دێموکراتیك و گەلی لە ناوچەکە دایەو پشت بە دەستاودەست کردنی ئاشتییانەی دەسەلات و بەشداربوونی خەلك دەبەستێ. وێدەچێ دێموکراتیزەکردنی ئەم ناوچەیە کاریگەریی راستەوخۆی لە سەر ئاسایش و ئارامیی تەواوی جیهان هەبێو هەر بۆیە ئێستا بەشێك لە ولاتە بە هێزەکانی جیهان شانبەشانی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ چەسپاندنی مافەکانی مرۆڤ، مافی کەمینەکان، ئاشتی، ئابووری ئازاد، دێموکراسیو بەشداریی گەلان لە بەڕێوەبردنی ولاتەکانیان دا وەخۆ کەوتوون. دیارە لەگەل ئەوەشدا دەتوانین بلێین ئەو پرۆژویە لە بنەڕەتدا پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ولاتانی رۆژئاوا بە گشتیو بە تایبەتی ئەمریکا دایە.

بۆ ئیدارەی بووش ناوچەی رۆژهەلاتی ناڤین بەم چەند هۆیە گرینگییەکی تایبەتیی هەیە:

١ـــ بنبڕکردنی تیرۆریزم و کۆنترۆلکردنی سەرچاوەو هێلەکانی راگوازتنی نەوت.

٢ـــ پاراستنی ئیسرائیل و مسۆگەرکردنی ئارامیی هەمیشەیی لە نێوان عەرەب و ئیسرائیل دا.

بە گشتی ئامریکا لە رەهەندی ئابوورییەوە دەیهەوێ بازاڕی دەرخستن وخواستن (عرضە و تقاظا)ی ئێنێرژی بخاتە ژێر کۆنترۆلی خۆیەوەو لە لایکی دیکەشەوە بە بنبڕکردنی تێرۆریزم و دابینکردنی ئاشتیی نێوان ئیسرائیل و فەلەستین پرۆژە هاوبەشەکەی لەسەر خۆ جێبەجێ بکا.

دیارە پرۆژەکە بە دلخوازی هەموو لایەنە ناوچەییەکان نیەو لەوانەیە بە شێوەی جۆراوجۆر دژایەتیی لەگەل بکرێ، بەلام لە ئاکام دا ئەو لایەن و ئەو ولاتانە دوو رێگە زیاتریان لە بەردەم دا نیە، یان دەبێ لە نێو خۆیان دا ریفۆرم بکەن و رێز لە مافی کەمە نەتەوەکان و هەموو ئەو ماف و ئازادییانە بگرن کە لە جاڕنامەی مافی مرۆڤ دا هاتوون و هەروەها دەست لە کاری تێرۆریستیو حەواندنەوەی تێرۆریستان هەلبگرن، یان چارەنووسی ولاتانی وەك ئەفغانستان و عێراق چاوڕوانیان دەکا.

پرۆژەی دێموکراتیزە کردنی رۆژهەلاتی نێوەراست لە بەرژەوەندی گەلانی چەوساوەی ناوچەکە دایە، چونکە نێوەرۆکی پرۆژەکە داکۆکی لە مافی کەمینەکان و زیادکردنی ژمارەی دەولەتە دێموکراتەکان دەکاو بە دابینبوونی ئەم پرنسیپانە بۆمان دەردەکەوێ کە لە شەڕی یەکەمی جیهانییەوە ئەوە یەکەم جارە کە بەرژەوەندیو گەلانی چەوساوەی رۆژهەلاتی ناڤین لە گەل بەرژەوەندی ئامانجەکانی سیستمی نوێی جیهانی رێك دەکەوێ.

سەرچاوەکان:

١ـــ رۆژنامەی خەبات، ژمارەکانی ١٢٩٥و ١٢٤٩
٢ـ گۆڤاری تیشك، ژمارە ١٣
٣ـسایتی "ایران امروز"
٤ـ گۆڤاری سیاسەتی دەولی، ژمارە٣ سالی سێهەم(١٩٩٤)
٥ـ گۆڤاری سیاسەتی دەولی، ژمارە١ سالی چوارەم(١٩٩٥)

# کۆتایی هاتنی سەدوشەست وچوارەمین دەورەی سەرەتایی پێشمەرگە

دوانیوەرۆی رۆژی پێنج شەممە رێکەوتی ٣ی بەفرانباری ١٣٨٣ی هەتاوی پۆلێکی دیکە لە لاوانی بەهەستی کوردستان دەورەی سەرەتایی پێشمەرگەیان لە فێرگەی سیاسی ـ نیزامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دا تەواوکردو جل وبەرگی پیرۆزو پڕلە شانازی پێشمەرگایەتیان لەبەر کرد. لەرێورەسمێك دا کە بەبۆنەی کۆتایی هاتنی ١٦٤مین دەورەی سەرەتایی پێشمەرگە لە فێرگەی سیاسی ـ نیزامی حیزب دا بەڕێوە چوو، بەرێز کاك محەمەدنەزیف قادری ئەندامی دەفتەری سیاسی، هەیئەتی نوێنەرایەتیی کۆمیسیۆنی سیاسی ـ نیزامیو کادرو پێشمەرگەکانی فێرگەو دەیان کەس لە تێکۆشەرانی حیزب وبنەمالەکانیان و لاوانی بەشدار لە دەورەکەدا بەشداربوون، کۆتایی هاتنی دەورەکە راگەیەندراو پێشمەرگە سەرکەوتوو و نموونەکان بە بەشدارانی رێورەسمەکە ناسێندران.

رێورەسمەکە بە سروودی نەتەوایەتی ئەیرەقیب دەستی پێکرد. پاشان هاوڕێی بەرێز کاك محەمەدنەزیف قادری ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەم بۆنەیەوە وتەیەکی پێشکەش کرد. بەرێز کاك محەمەدنەزیف لە سەرەتادا بەخێرهاتنی میوانەکانی کردو پاشان بەبۆنەی کۆتایی هاتنی دەورەی سەرەتایی ١٦٤ پیرۆزبایی لەو پۆلە لاوە کرد کە لە دەورەکەدا بەشدار بوون و هەروەها ماندوو نەبوونی لە بەرێوەبەران و مامۆستایانی فێرگە بە بۆنەی بەرێوەبردنی ئەرکەکانی خۆیان و پێگەیاندنی لاوانی بە هەستی کوردستان کرد. ناوبراو لە بەشێك لە قسەکانیدا باسی هەلومەرجی ئێستای خەبات و ئەرکی لاوانی کوردستان و هەروەها چۆنیەتی پێگەیاندن و بارهێنانی هێزی پێشمەرگە کرد. هەلومەرجی نێوخۆیی ئێران و سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی بەشێکی دیکە لە قسەکانی کاك محەمەدنەزیف بوو، پێشێل کردنی مافی مرۆڤ، دەخالەت لە کاروباری ولاتانی دەوروبەر بە تایبەتی عێراق، لوبنان و ئەفغانستان و هەروەها پشتیوانی لە تێرۆریزم تەرخان کردنی بەشێك لە بوودجەی ولات بۆ ئەو مەبەستەو هەولو کۆششەکانی ئێران بۆ وەدەست هێنانی چەکی ئەتۆمی بوو، بەشێکی دیکە لە قسەکانی هاوڕێ محەمەدنەزیف قادری سەبارەت بە ئۆپۆزیسیۆنی ئێران، گەلانی ئێران و پێگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە هەل ومەرجی ئێستای خەبات دا بوو. هەروەها بایەخ دان بە خەباتی نێوخۆیی گەلانی ئێران و گەلی کورد لەم قۆناغەدا بەرز نرخاند. لە کۆتاییدا جارێکی دیکە پیرۆزبایی لە لاوانی بەشدار لە دەورەی ١٦٤ کردو کۆتایی بە قسەکانی هێنا.

لە درێژەی رێورەسمەکەدا لە لایەن یەکێك لە مامۆستایانی فێرگەوە راپۆرتی ئامووزشیی دەورەی ١٦٤ خوێندرایەوەو پاشان پەیامی دەورەی ١٦٤ لە لایەن یەکێك لە بەشدارانی دەورەوە پێشکەش کرا. لە بەشێکی دیکە لەم رێورەسمەدا خەلات بەسەر سەرکەوتووانی دەورە لە لایەن بەرێز کاك محەمەدکەسرایی ئەندامی جێگری کومیتەی ناوەندی حیزبەوە پێشکەش کرا. نێوئاخنی ئەم رێورەسمە پێشکەش کردنی چەندین شێعرو پەخشان و هەروەها شانۆیەك بوو کە لە لایەن بەشدارانی دەورەوە ئامادە کرابوو. ئەم رێورەسمە پاش سەعات و نیوێك کۆتایی پێ هات.

## بەڕێوەچوونی جەژنی ٢٦ی سەرماوەز لە "ئادێلاید"ی ئوسترالیا

رۆژی شەممە، رێکەوتی ٢٠٠٤/١٢/١٨، کومیتەی حیزب لە شاری ئادێلایدی ئوسترالیا بۆ یادکردنەوەی ٢٦ی سەرماوەز، رۆژی پێشمەرگەی کوردستان جێژنێکی بۆ کوردانی دانیشتووی ئەو شارە ساز کرد.

رێورەسمەکە کاتژمێر ٣ی پاشنیوەڕۆ بە سروودی نەتەوایەتیی "ئەی رەقیب"و دەقیقەیەك بێدەنگی بۆ گیانی پاکی شەهیدان دەستی پێکرد، بەدوای ئەودا پەیامی کومیتەی حیزب لە لایەن محەممەد هاشمییەوە پێشکەش کراو پاشانیش کاك زاهید کەریمی، پەیامی کۆمەلەی کوردی باشووری ئوسترالیای پێشکەش کرد، هەروەها کاك هەیاس کاردۆ، خوشکە شەهلا، کاك عوسمانو کاك چەکۆ بە وتارو شێعر بەشدارییان کرد.

بەشی دووەمی بەرنامەکەش تەرخان کرابوو بۆ شاییو هەلپەڕکێ کە تا درەنگانێك درێژەی کێشاو پاشانیش بە خۆشیو چەپلەڕێزانو شایی بەشداران، بەرنامەکە کۆتایی پێهات.

## راپۆرتێك سەبارەت بە بارودۆخی میوەفرۆشەکانی بازاڕچەی شاری سەقز

لە سالی رابردوودا، شارەداریی سەقز هەموو دەست فرۆشو میوەفرۆشانی بازاڕی شاری سەقزی کۆ کردەوەو هەموویانی لە شوێنێك لە پال چەمی سەقزو لە تەنیشت پارکی شاردا دامەزراندو بەناو دوکانی بۆ دروست کردن. ئەگەر میوەفرۆشێك ئەندامی بەسیج بوایە، شوێنێکی باشتریان پێدەدا. میوەفرۆشە زەحمەتکێشەکان بەناچار دەستووری شارەدارییان قەبوول کرد تا بتوانن دوور لە موزاحەمەتی شارەداریی بژێوی خۆیانو خێزانەکانیان دابین بکەن، بەلام ئەو شوێنە نزیکەی ١٠٠ میتر تا ١٥٠ میتر لە بازاڕی سەرەکیی شارەوە دوورەو کەمتر خەلك بۆ کڕینی میوە روو لەم شوێنە دەکەن. زۆربەی ئەو میوەفرۆشانە تەنانەت پارەی ئەوەیان نیە کە میوە لە مەیدانبار بکڕنو ناچارن میوەکەیان بە قەرزو قۆلە فەراهەم بکەن. ئەو میوەفرۆشانە رۆژێ زیاتر لە چەند کیلۆ میوەیان بۆ نافرۆشرێتو ئەوەش تەنیا بەشی کرێی بەناو دوکانەکەیان دەکات. ئەو مرۆڤە زەحمەتکێشانە لە بەیانییەوە تا ئێوارەیەکی درەنگ لەم وەرزەی زستانەدا بەدیار چەند کیلۆ میوەوە دادەنیشنو لەبەر ئەوەی ئەو بەناو دوکانانە تەنیا سەرەکەیان گیراوەو چەند لای خالییە لە دۆخێکی زۆردژواردا ژیان بەسەر دەبەن. رۆژی سێشەممە، رێکەوتی ١٣٨٣/١٠/٧، یەکێك لەم میوەفرۆشە هەژارانە بە ناوی "ناسر حیجازی" کە تەمەنی لە ٢٧ سال زیاتر نەبوو، بە هۆی سەرماو سۆلەوە کۆچی دوایی کرد.

شاری سەقز کە شارێکی کوێستانییەو یەکێ لە ساردترین شارەکانی ئێرانە، گرفتی سووتەمەنی هەیەو زۆرجار گاز دەبڕێتو خەلك سووتەمەنییەك شك نابەن کە خۆیانی پێ گەرم کەنەوە. زۆربەی نانەواخانەکانی شاری سەقز بە گاز کار دەکەنو بڕانی گاز گیروگرفتی زۆری بۆ خەلکی ئەم شارە ساز کردوە کە گوایە هۆی بڕانی گاز ئەوەیە کە رێژیم گازێکی زۆر بە ولاتی تورکیە دەفرۆشێت.

# لاوی شیێعری

مەحموود شێرزاد

هیندێ جار لە تریبوونە جیاجیاکانەوە گوێمان لە کۆمەڵە دەنگێکی ئاکادیمی و نائاکادیمی دەبێ کە لەسەر بابەت و چەمکە جۆراوجۆرەکان قسە دەکەن. یەکێك لەوانە چەمکی نەوەیە و پێناسە کردنی نەوەیە چ وەك کۆمەڵێك مرۆڤێکی هاوتەمەن و لەتەمەن دا لە یەك نزیك، چ وەك چەمك. پێناسە کردنی نەوە لە چوار چێوەی کات دا لە راستیدا هەڵەیەکی گەورەیە یا دەکرێ بڵێین رەشۆکیترین پێناسەیە ، بەتایبەت لەو سەردەمەدا کە پێناسەکان بەشی هەرە زۆریان گۆڕاون، بۆ وێنە تۆ جاران توانیبات نامەیەك بنووسی یا بخوێنیتەوە بەس بوو بۆ ئەوەی پێناسەی خوێندەوار بوونت بەرکەوێ بەڵام ئێستێ رێك بە پێچەوانە خوێندەوار ئەو کەسەیە کە دەقەکە بخوێنێتەوە و بتوانێ کاری پێ بکەی. مەبەست ئەوەیە تۆ ئەگەر خوێندەوار بی بە خوێندنەوی چەمکی دێمۆکراسی دەبێ فێری دێمۆکراسی بی و ببیە مرۆڤێکی دێمۆکراتی راستەقینە. بەڵام کۆیرم بۆ خوێندەوارەکانی ئەم دەڤەرە، ئەو وێنەیەم هێنایەوە کە بڵێم پێناسەکان گۆڕاون.هەر بۆیەش نەوەکان بەوە لێکتری جیا ناکرێنەوە کە تۆ سەر بە دەیەی ٦٠ی و من سەر بە دەیەی ٩٠م بەڵکوو بە پێچەوانە نەوە لە جیاوازییەوە دەست پێ دەکا. کە ئەو جیاوازییە "کات"ی‌یە بەشێکی زۆر بچووك و لاوەکی ئەو جیاوازییە پێك دێنێ. رەنگە ئێمە چەندین سەدەمان هەبێ نەوەیەکی تێدا بەرهەم نەهاتبێ. بە جۆرێك کە هەموو کچ و کورێك دووپات بوونەوەیەکی تەواو وەك یەکی دایك و باوکیان بووبن کە زۆریشمان هەیە، ئایا دەکرێ بڵێین ئێمە لەو چەند سەدەیەدا خاوەنی چەندین نەوەی جیاوازین؟ ئەگەر هەیە لەسەر بنەمای کام جیاوازی؟ بەڵام لە سەردەمی گلۆبالیزم و گلۆبالیزیشەن دا چاوەڕوانی ئەوە دەکرێ کە هەر چوار- پێنج ساڵ نەوەیەك لە دایك بێ کە بە تەواوی جیاوازی هەبی لەگەڵ ئەوانی پێش خۆی، لێرەوە دەبێ حیسابی نوخبە (بژاردە) لە حیسابی نەوە جیاکەینەوە. بژاردەکان سەربە هیچ نەوەیەکی تایبەتی نین و لەدەرەوەی نەوەکاندا پێناسە دەکرێن. بەڵام بۆ چی نەوەی لاوی کۆمەڵگای ئێمە جیاوازێکی ئەوتۆی لەگەڵ پیرەکان و تا ئێستاش نەیتوانیوە سنوورێکی فکری و کاری لە نێوان خۆی و نەوەی پێش خۆیدا دابنێ؟ کە هەر ئەو سنوورەشە پێناسە و تایبەتمەندی جیاوازی پی دەبەخشێ، بە جۆرێك کە بتوانێ ئیدیعای ئەوە بکا کە نەوەیەکی جیاوازە. پێم وایە بۆ دوو هۆکاری سەرەکی دەگەڕێتەوە. یەکەم دووپات بوونەوەی بەشێکی زۆری ئەقلی پیر لە لاوی ئێمەدا. دووهەم متمانە بە پیر. یەکەمیان مەبەست ئەوەیە کە بە رێژەیەکی بەرچاو لە جەوهەر دا ئەقڵییەتی ئێمە هەمان ئەو ئەقڵییەتەیە کە دایك و باوکمان کاری پێ کردووە، دووهەم نەوەی لاوی ئێمە زیاتر لە رادەی پێویست متمانە بە پیری کۆمەڵگا دەکا، کە هەر ئەوەش یەکەمی بەرهەم دێنێ. چونکە تۆ بێ ئەوەی زۆرجار بزانی لەسەر خواستی ئەو بیر دەکەیەوە و کردەوەکانت رێك دەخەی، بەڵام ئەو خواستێکی دیکە هەیە و تۆ خواستێکی دیکە. رەساڵەتی مێژووی ئەو شتێکی دیکەیە و تۆ شتێکی دیکە، بەڵام ئەو چۆن خاوەنی ئەزموونە و رەنگە لە ئیئۆریدا نەگا بە تۆ، هەر لە ئەزموونەوە مامەڵەت لەگەڵ دەکا. بۆیە کاتێك هەردووکتان لە یەك بواردا بەیەکەوە کەوتنە قۆناغی پراکتیك و هەڵگری یەك پرۆژە بوون و وای دابنێین هەردووکتان سەردەکەون بەڵام یەکتان وەك ئامراز و ئەوی تریشتان وەك سەرکەوتووی راستەقینە، لێرەدا لاو دەبێ بە ئامراز،بەئامراز بوونی لاویش رێك بەمانای ئەوەیە کە سەرجەمی رەساڵەتەکانت دۆڕاند و کورت بوویەوە بۆ ئەقلییەتی پیر و دونیا بینی پیر. لێرەوە لاوی ئێمە دەیدۆڕێنێ دووپات دەبێتەوە لە پیری کۆمەڵگادا. لاڵ بم بۆ شێعری ئەمرۆ کە هەمووی سۆزەو......!!!

# لادە لادە...

قاسم موئەییدزادە (هەڵۆ

لادە لادە

یارە ژیکەڵانەکەم، گوڵم

بەهەر نیگایە مەوجی چاوەمەستە جوانەکەت

دەچیێتە ناو دڵم

هەر بەگوێی دڵم

گوێ دەگرمە گرفە گرفی شێعرە ئاگرینەکانت

شێعرە رێک و پێکەکەی بەتاو و تینەت

هەر بە چاو و دڵ دەڕوانمە دیمەنی ئەوینەکەت

تۆ ئەوینمی

رێک و پێکترینە شێعری ئێستا هەڵنەبەستراوی ژینمی

تۆ هەڵۆی خەیاڵی هەڵفرینمی

هەر دەکەومە سەر هەوا بە هەڵفرینەکەت

بە جازبەی رەوەندی تێپەڕینەکەت

وەشێعری باڵی چەندە رەنگی تاوسی خەیاڵ

وەخوێندنەوەی سروودی مەرگی کۆرپە نازەنینەکەت

مەرگی کۆرپە نازەنینەکەت

لادە لادە....لادە لەچکە کەسکە تەسکەکەت

خۆشەویستەکەم، عەزیزەکەم، گەزیزەکەم

تاقە رۆڵە جوانە مەرگەکەی بەهاری کورت

رۆڵە خۆشەویستەکەی تەلان و کێو و چەم

تۆ هەزار ئایەتی

لەکانیاوی پڕ لە ئاوو خیزەکەم

لەکاتی توونیایەتی

بەچەشنی بیری بەرزەفڕ

بێ سنوور و بێ نهایەتی

تۆ قیامەتی

دڵستێن و دڵڕفین و خەو رەوێنمی

تر تەواو نوێنی عەشقی پاک و خەم رەوێنمی

تۆ پەل و نەمام راوەشێنی باخی بادە هێنمی

تێکەڵاوی گۆشت و پێست و ئێسک و خوێنمی

خوێنی خوێنەکەم

هیچ وەبیرتە

ئەو دەمەی کە کەوتمە جەغزی کەسکە کەسکی چاوەمەستە

کەسکەکانی پڕ لە سیحری سیحری چاوە مەستەکانی تۆ!

دەستی خۆم بڕی

دەستی خۆم بڕی بەبەژنی باڵی شێعری ئاڵی ئەم نیشانی تۆ

بۆیە کورتە دەستی ئەمن و خوێن دەبارێ هەر لە هەوری

ئاسمانی مانی تۆ

جوانە بووکەکەم

هەر هەنووکە دەمهەوێ کە بێمە جێژوانی تۆ

مەرگی کۆرپە نازەنینەکەت

لادە لادە....لادە لەچکە تەسکە کەسکەکەت

***

ها ترووسکەکەم

جامی دڵ پڕی شەڕابی شەوقی شێعری شەو شەوە

بەو نیگایە پاکە مەندەیەت

وەسوەسەی دڵی پڕم هەڵاهەڵاکە، ببیە شێعرەکەم

ببیە شێعرەکەم، تاکە رۆشنایی خاتە هەوری دڵ

برووسکەکەت

تا رەها بێ گوڵپەری خەیاڵی ناسکی تاسکە تاسکی ئاسکی

باسکە بسکەکەت

لادە لادە....لادە لەچکە تەسکە کەسکەکەت

# کەرەمێ سەیاد:

## من هەر لە گوندی "حەکوو"دا دەستم بە خوێندن کردو لەگەڵ خوێندنەکەم دا دەستم کرد بە کاری رۆژنامەڤانی

هەڤپەیڤین: ئەمیر شوعاعی‌وەند



کەرەمێ سەیاد یەکێك لە تێکۆشەرانی بواری چاند و کولتووری کوردی‌یە کە نزیکەی ٤٥ ساڵە لەم بوارەدا خەریکی خزمەتی زمان و وێژەی کوردی‌یە. ناوبراو لەو ماڵباتە کوردە ئیزدییانەی کوردستانی باکوورە کە لە شاڵاوی کوشتاری تورکانی عوسمانی بۆ سەر ئەرمەنی و کورد رزگاریان بووە و پەنایان بردووە بۆ ئەرمەنستانی سوڤییەت. کەرەمێ سەیاد لە بواری راگەیاندن دا چ وەك رۆژنامەڤان لە رۆژنامەی "رێیا تەزە" و چ وەك ئامادەکار و بێژەر لە پشکی کوردی رادیو ئیریڤان خزمەتێکی بەرچاو و پڕبەهای بە کلتووری نەتەواتیمان کردووە. سەردانی ئەم دوایانەی سەیدا سەیاد بۆ باشووری کوردستان هەلێکی باش بوو تا لە نزیکەوە ناوبراو بدوێین.

**بەرێز کاك کەرەم پێشەکی تکایە جەنابتان هێندێك لەسەر ژیانی خۆتان بئاخێون و بە گشتی بفەرموون کە کەرەمی سەیاد کێیە؟**

من لە ساڵی ١٩٣٨ی زایینی لە گوندی "حەکوو" لە ناحیەی "تاڵون" لە دایك بووم کاتێك کە لە تورکیە شەر و ئاڵۆزی دەستی پێکرد و ئاوارە بوون ن دەربەدەری لەگەڵ خۆی هێنا، باب و باپیری من لەگەڵ ئەرمەنی‌یە دوستەکانمان بەرەو ئەرمەنستان وەرێ کەوتن و لە رۆژئاوای ئەو وڵاتەدا نیشتەجێ بوون. ئەو کات لە ٢٥ نەفەری بنەماڵەی باپیرم بەتەنێ باوکم دەمێنێ و ئەوانی دیکە گشتیان وەبەر خەزا (جەهاد) دەکەون. من هەر لە گوندی "حەکوو" دا دەستم بە خوێندن کرد و لەگەڵ خوێندنەکەمدا دەستم کرد بە کاری رۆژنامەڤانی، ئەو کات سوڤییەت نەرووخابوو، من رۆژنامەڤانی تایبەتی رۆژنامەی "ئاوانگارد کومونیزم بروشورد" واتە رێگەی کومونیزم بووم. دوای ئەوە من لە رۆژنامەی "رێسپوبلیکای" ئەرمەنستان دا کارم کردوە. لە ساڵی ١٩٦١دا من لە رادیوی ئیریڤان دا دامەزرام و هەتا ئێستاش ئەو کارەم هەر بەردەوامە.

**دەستوداری کوردەکان لە سوڤییەت بە گشتی و لە ئەرمەنستان چونە؟**

لە سەردەمی سوڤییەت دا وەزعی کوردەکان زۆر خۆش بوو، کە دەڵێم خوش بوو لەبەر ئەوەیە کە ئەوکات ئەرمەنی‌یە دوستەکانمان هەموو مەجالێکیان بۆ کوردەکان ساز دەکرد. یەکێك لە کارە گرینگەکانیان ئەوە بوو کە حکوومەتی ئەرمەنستان روشنبیرە ئەرمەنی‌یەکانی دەنارد بۆ گوندەکانی ئێمە (با سەرەتا ئەوەش بڵێم کە ئێمە لە ئەرمەنستان ٢١ گوندی کوردنشینمان هەیە) روشنبیرە ئەرمەنی‌یەکان هاتبوون کە کوردەکان فێری خوێندن بکەن و ئەو کارەشیان بە باشی بە ئەنجام گەیاند. لە ساڵی ١٩٣٠دا قوتابخانەی کوردی لە ئەرمەنستان دا ساز کرا، بەدوای ساز کردنی قوتابخانە رۆژنامەی کوردی "رێیاتەزە" دامەزرا کە ئێستا مێژووی ئەو رۆژنامەیە دەگەرێتەوە بۆ چەند دە ساڵ لەمەوبەر و تا ئێستاش خەباتی ئەو رۆژنامەیە هەر بەردەوامە.

**مامۆستا خەباتی فەرهەنگی و هونەری لە ئەرمەنستان چونە؟**

بۆ خەباتی فەرهەنگی و هونەری دەتوانم بڵێم کە لە سەردەمی سوڤییەت دا هەم کوردەکان وهەم ئەرمەنی‌یەکان لەو بوارەدا هەنگاوی چاکیان هەڵ هێنا بۆ نموونە ئەو دەم چاپخانەی کوردی لەو ئەرمەنستاندا ساز کرا کە ئێستاش هەر ماوە، کتێبە کوردی‌یەکان زۆر بە باشی چاپ و بڵاو بوونەوە، لە ئاکادێمیای ئەرمەنستان دا بەشی زانستی ئاکادێمیای کوردی ساز کرا، لە رادیو دا بەشی کوردی دەست بەکار بوو، لە زانکوکانی ئەرمەنستان بەشی کوردناسییان دانا، بەڵام بە رووخانی سوڤییەت ئێمە وەزعمان بەرەو خراپی رویشت. ئەو کات تا ماوەی ١٠ساڵ هیچ کتێبێك چاپ نەکرا نەتەنێ بۆ ئێمە بەڵکوو بۆ ئەرمەنی‌یەکانیش هەر ئاوا بوو. بەڵام ئێستا وەزعی ئەرمەنستان بەرە بەرە بەرەو خوشی دەچێ و ئەو تەحریمە کە لە لایەن دەوڵەتی تورکیەو ئازەربایجانەوە خراوەتە سەر ئەرمەنستان بەرە بەرە کەم بۆتەوە.

**مامۆستا گرینگترین بڵاوکراوەکانی کوردی لە ئەرمەنستان کامانەن و ئێستا خەباتی کامیان بەردەومە؟**

لە ساڵی ١٩٣٠دا زۆر کتێی کوردی لە ئەرمەنستان دا چاپ و بڵاوکرانەوە، لەوانە یەکێکیان فولکلوری کوردی‌یە کە بە ئاوایەکی فراوان بەرهەڤ کراوە. ئەو کتێبە "حەجی جندی" و "ئەمینێ ئەڤدال" ئامادەیان کردوە و حەجی جندی لە کوماری کوردستاندا دەستنووسی ئەو کتێبەی بەدەستی خۆی پێشکەشی خوالێخۆشبو قازی محەممەد کردبوو و قازی محەممەد ئەو کتێبەی لەسەر سەری خۆی دانابوو و بە ئیشارە کردن بە کتێبەکە گوتبووی کە قورعانی ئێمە ئەوەیە، ئەوەیە رووگەی ئێمە. شاعیر و روشنبیرەکانی ئێمە ئەوکات زۆر بوون بەڵام بەداخەوە لەبەر هیندێك ئاریشەی ئابووری و سیاسی ئەرمەنستانیان بەجێ هێشت و بەرەو ئوروپا رویشتن. ئێستا فەقەت رۆژنامەی "رێیا تەزە" کە رۆژنامەیەکی کوردی‌یە لەوێ دەردەچێ کارەکەیان جێگای رێزە و ئەوانیش کاری خۆیان زۆر بەباشی بەرێوە دەبەن.

**ماموستا "رێیا تەزە" لە چ ساڵێك و بە هاوکاری چ کەسانێك دامەزرا؟**

"رێیا تەزە" لە ساڵی ١٩٣٠دا لە سایەی تێکوشانی روشنبیرە ئەرمەنی‌یەکان دامەزرا و هەرەلای ئەوانەوە بەرێوە دەچوو، ئەو روشنبیرە ئەرمەنیانە کە "رێیا تەزە"یان بەرێوە دەبرد لەسەر ئەدەبیاتی کوردی دا زاڵ بوون و زۆر بە جوانی بەکوردی قسەیان دەکرد. لەبەر ئەوە کە ئەو کات سەردەمی ئستالین بوو، وەزعێکی باشمان نەبوو و رۆژنامە داخرا. لە ساڵی ١٩٥٥ دا رۆژنامەکە جارێکی دی دەستی بەکارکردەوە. و ئەوجار بەرپرسی رۆژنامە "میروی ئەڤدال" بوو، میرو ئەو کات ئەندامی پارلمای ئەرمەنستان بوو، دوای میرو چەند بەرپرسێك دیکەی رۆژنامە گوڕان و ئێستاش کارەکەیان هەر بەردەوامە.

**ماموستا دامەزرێنەرانی رادیوی ئیریڤان کێ بوون و ئەوکات چۆن رادیویان بەرێوە دەبرد؟**

رادیوی ئیریڤان لە ساڵی ١٩٣٠دا دامەزرا و ئەوکات بەرێوەبەری رادیو "حەجی جندی" و خێزانەکەی "زەینەبا ئیبو" بوون. ئەوکات ماوەی وەشانی بەرنامەکانی رادیو فەقەت ٥ دەقیقە بوو کە ئەمەش تەنێ بۆ بڵاوکردنەوەی خەبەر بوو. لە ساڵی ١٩٥٥دا رادیو جارێکی دیکە دەست بەکار بوو. بە هاتنە سەرکاری ستالین تەواوی بڵاوکراوەکانی کوردی رادیو و رۆژنامەکان داخرابوون بەرێوەبەرانی ئەو کاتی رادیوش "جاسمێ جەلیل"،"حەجی جندی"،"ئەمینێ ئەڤدال" لە هەفتەدا سێجار رادیو بەرنامەی بڵاو دەکردەوە، کاتەکەشی لە ٥ دەقیقە کرابوو بە ١٥ دەقیقە. بە دەست بەکار بوونی دووبارەی رادیو گەلی کورد لە ئەرمەنستان یەکجار زۆر خوشحال بوون.

**خەباتی جەنابتان لە رادیوی ئیریڤان دا لە کێیەوە و چۆن دەستی پێکرد؟**

لە ساڵی ١٩٦١دا من خەریکی کاری رۆژنامەڤانی بووم ئەو کات لە لایەن رادیووە منیان بانگ کرد و داوایان لێ کردم کە لە رادیوی ئیریڤان دا کار بکەم. ئێمە ٢٦کەس بووین و بۆ ئەوەی کە دەنگمان ئەری بکرێ، تێستی تایبەتی بێژەرییان لە ئێمە گرت کە لەنێو ٢٦ کەس دا ٢ کەسمان هەڵبژێردراین. من و "سیدارێ ئەمین". دەنگی سیدار خوش بوو، بەڵام کوردی‌یەکەی زۆر باش نەبوو ئەو فەقەت توانی مانگێك کار بکا. ئەو کات ٢ ژنیش لەوێ هەبوون و پێویست بوو کە من ئەوانیش فێر بکەم. من ئێواران لە رادیودا کارم دەکرد و بە رۆژیش لە رۆژنامەدا، ئەو کات کاتی رادیویان زۆر کردبوو و ئێمە سەعات و نێوێك بەرامەمان پێشکەش دەکرد.

**مامۆستا، بەناوبانگترین روشنبیرانی ئێمە لە ئەرمەنستان کامانەن؟**

روشنبیرەکانی ئێمە هی سەردەمی سوڤیەت ناوداران حەجی جندی، عەرەب شامیلوڤ ، ئەمینێ ئەڤدال، جاسمێ جەلیل، ئەردوێ گێنجو و سەلیمێ بەکۆ کە شاعیرێك ناودار بوو، سەعیدێ ئیبۆ کە ئەویش دوکتورێکی ناودار لە ئەرمنستان بوو کاك سەعید دوکتوری بنەماڵەی وەزیرانی ئەرمەنستان بوو. هەروەها سمۆی شەمۆ، شاعیر بوو، ئەگیدێ شەمسێ، ئەگیدێ قۆدو، شەکروی قۆدو، ئارلین چاچانی، شەرەفێ عەشیر، ماکسیمی خەمۆ کە تا ئێستاش کار دەکا. ئێمە روشنبیرمان زۆرن لە بواری مێژوو، نووسەری و شاعیری‌دا کە بە تەواوی هێز و قووەتیان کاریان کردوە.

بەرلەوەی بچینەسەر باسکردنی ئامانج، سیاسەت، دەسکەوت و هەڵوێستەکانی بەرەی میللی و ژیاننامەی د. محەمەدی موسەددیق، پێویستە بە کورتی ئاماژە بە دوو شت بکەین، یەکەم لە نێوان ساڵانی (٣٢ ـ ١٣٢٠)دا پتر لە ٦٠ حیزب، ڕێکخراو و گرووپی جۆراو جۆر پێك هاتن یان لە ڕاستیدا وەك کوارگ هەڵتۆقین کە بە هۆی نەبوونی ڕەگوریشەیەکی قووڵ لە نێو کۆمەڵانی خەڵك دا هەر زوو لە نێوچوون، کە هێندێکیان لە لایەن شاو کاربەدەستانی پایەبەرزی دەوڵەتێك پێك هاتبوون و مەبەستی سەرەکی لە دروستکردنیشیان لێباندن و گرێدانی سەری خەڵك، گرتنی ژێستی دیموکراتیك و لە ڕاستیدا کۆکردنەوەی دەنگی ئەوان بوو، لەو چەشنە حیزبانە دەکرێ ئاماژە بە حیزبی "مەردوم"ی ئەسەدوڵڵا عەلەم، حیزبی "میللیون"ی دوکتور مەنووچەری ئیقباڵ، "حیزبی دیموکراتی ئێران"ی، قەواموسەڵتەنە، حیزبی "ئاریا"ی حەسەنی ئەفەرع و هەروەها حیزبی ئیرادەی "میللی"ی سەیید زیائەدینی تەباتەبایی و... بکەین. ئەم جۆرە حیزبانە هیچ کات نەیانتوانی خزمەتێکی ئەوتۆ بە گەشەپێدانی سیاسی و پتەوکردنی بنەماکانی دیموکراسی بکەن، چونکە لە ڕاستیدا بۆ ئەم مەبەستانە چێ نەکرابوون. دووەم، حیزبی توودە سەرەڕای ئەو زەرەرو زیانانەی کە بە هۆی ڕوانگەو هەڵوێستە سیاسییەکانی خۆیەوە لە بزووتنەوەی دیموکراسیخوازیی دان، لە بەرنامەکەشیدا هیچ سیاسەتێکی ڕوونی سەبارەت بە مەسەلەی نەتەوایەتی نەبوو کە، دیارە ئەمەش بە جۆرێك دەکرێ بە ڕوانگەی شووینیستیی ڕێبەرانی ئەو حیزبەوە گرێ بدرێتەوە. تەنیا پاش شەڕی دووەمی جیهانی و لە کۆنگرەی دوووەمی ئەو حیزبەدا بوو کە بەندێکیان بۆ مافی سیاسیی نەتەوەکانی دیکە تەرخان کرد و لەوێدا دانیان بە (multi Nations) بوونی ئێران و دابینکردنی مافی نەتەوایەتیی نەتەوە نافارسەکان دا نا، ئەگینا تا بەر لە کۆنگرەی دووەم بەرنامەکەیان نێوەرۆك و کاراکتێکی شۆڕشگێرانەی ئەتۆی نەبووو هیچ هەڵوێستێکی سەبارەت بە کێشەی نەتەوەیی تێدا نەبوو. بەڵام دواتر لە بڵاوکراوەی "توودە" ئورگانی حیزبی توودە ژمارە ١٨ی ساڵی ١٩٤٩دا سەبارت بە مەسەلەی نەتەوایەتی و مەسەلەی کورد نووسی: "ئێمە لە چارەسەرکردنی مەسەلەی نەتەوایەتیدا وا تێناگەین کە بۆ وێنە خودموختاری (ئوتونومی) بدرێ بە نەتەوەیەك، بەڵکوو مەسەلەی بنەڕەتی ئەوەیە کە ئەو نەتەوە ئازاد بێ لە بارەی جیابوونەوەو پێکەوە بوون دا بڕیار بدا". بەو حاڵەش سەرەڕای پێوەندیی تەشکیلاتیی حیزبی توودەو حیزبی دیموکراتی کوردستان لە نێو حیزبی توودەدا خەباتی نەتەوایەتی و تەبلیغات بۆ مەسەلەی کورد یان وەدەستهێنانی مافی نەتەوایەتی هەر باس نەدەکرا. ئەساس و بناخەی تێکۆشان لەسەر خەباتی چینایەتی دامەزرا بوو. هەروەك د. یاسین سەردەشتی لە زمانی کەریمی حیسامییەوە دەگێڕێتەوە کە: "ڕێبەرایەتی حیزبی توودە، باسی مەسەلەی نەتەوایەتییان جارێکیش نەهێنایە گۆڕێ" و دروشمی ئەو حیزبە، ئازادیی ئێران و هێنانەسەرکاری حکوومەتی دیموکراتی بوو. کە دیارە بە پێی ئیدئۆلۆژیی ئەو حیزبە مەبەست لە حکوومەتی دیموکراتی، دەسەڵاتێکی جەماوەریی چینایەتی بوو کە زۆربەی پەیوەندی دژی نەتەوایەتی نەبوو.

# ناسیونالیزمی مەدەنی،
# یان گەڵاڵەیەك بۆ سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی کورد؟

سەرکاو
بەشی پێنجەم

## پێکهاتنی بەرەی میللی

بۆ هەڵسەنگاندنی سیاسەت، هەڵوێست و دەسکەوتەکانی بەرەی میللی پێویستە پێشان نەختێك لە سەر کەسێتیی سەرەکی، کاراو لە ڕاستیدا پلە یەکی نێو بەرەی ناوبراو، واتە دوکتور محەمەدی موسەددیق بدوێین. دوکتور محەمەدی موسەددیق لە ساڵی ١٢٦١ی هەتاوی لە تاران لە دایك بوو، باوکی میرزا هیدایەتوڵڵا ئاشتیانی وەزیری نووسینگە (دەفتەر) بوو. لە تەمەنی ٢٧ ساڵی دا بۆ درێژەدان بە خوێندن چووە فەرانسەو لە بەشی ئابووریدا خەریکی خوێندن بوو. پاش ماوەیەك چووە "نووشاتێل"ی سویس و دەستی بە خوێندنی ماف کردو دوکتورای تێدا وەرگرت و پێش شەڕی یەکەمی جیهانی گەڕایەوە ئێران. لەو کاتەوە دەستی بە تێکۆشانی سیاسی کردو چەندین پلەو پایەو پۆستی جۆراوجۆری دەوڵەتیی وەرگرت. ناوبراو کەمتر لە بژاردەکانی دیکەی نێو دەسەڵاتی پەهلەوی کەوتە ژێر تەئسیری سەرەڕۆیی یەوەو بە توندی دژایەتیی لەگەڵ کودیتای ١٢٩٩و دەسەڵاتی ڕەزا خاندا کرد. لە ماوەی بەرپرسایەتیی خۆی لە ئورگانە جیاجیاکان دا گەلێك نەخشی موسبەت و بەرچاوی گێڕاو هێندەی پێی کرا لەو ئورگانانەدا ڕیفورمی پێك هێنا. بەڵام بە گشتی "مصدق لە سیاسەتی نێوەوەی وڵات دا ڕێیەکی یەکجار سەنترالیستانەو شۆڤینیستانەی گرتەبەر، بە تایبەت بەرامبەر بە گەلە نافارسەکان. مصدق یەکێك بوو لەوانە کە بە هیچ جۆر ئوتۆنۆمییەکی کوردستان یان ئازەربایجان یا بلوچستان ڕازی نەبوو. بە نێوی "جیابوونەوەخوازی" (تجزیەطلبی)یەوە بەربەرەکانیی دەکرد." ناوبراو دەیگوت "دەستەیەکی بچووك ناتوانێ و مافی ئەوەی نیە داوای خودموختاری بکەن، داواکردنی خودموختاری پێویستی بە ڕەزامەندیی گشتیی خەڵکی ئێرانەو ناکرێ لە وڵاتێك دا بەشێك فیدراڵ بێ و بەشێك دەوڵەتی ناوەندی". ئەم قسانەی موسەددیق هەڵوێستی ناوبراو بوون لە هەمبەر دەسەڵاتی میللی کوردستان و ئازەربایجان دا". سەرەڕای ئەمانە هەندێ جیاوازیی بەرچاو لە شێوازی بیرکردنەوەی موسەددیق لەگەڵ کاربەدەستانی دیکەی ئێران دا دەبینرا، وەك ڕاستگۆیی، دڵسۆزی، ئازایەتی، دەست و داوێن پاکی. دژایەتی لەگەڵ دەستێوەردانی بیانی، هەوڵدان بۆ کورتکردنەوەی دەستی شاو بنەماڵەکەی لە کاروباری وڵات، خەبات دژی سەرەڕۆیی و تێکۆشان بۆ ڤەژاندنی ئارمانجەکانی مەشرووتە، بەربەرەکانی لەگەڵ دەستبردنە نێو سندووقەکانی هەڵبژاردن و هەروەها داکۆکی لە خەڵکی ئێران، بەگشتی زێدەباری ئەوەی کە لە سویس کە کۆنترین نموونەی سیستمی فیدراڵییە لە جیهان دا خوێندبووی و سوودەکانی ئەو سیستمەی لە دابینکردنی مافی یەکسانی نەتەوەکانی ئەو وڵاتە لە تێکڕای بوارەکان دا دیتبوو، کەچی یەك تۆزقاڵ باوەڕی بە مافی نەتەوە نافارسەکان نەبووو لەم بارەیەوە ڕاست وەك باقیی دەسەڵاتدارانی شۆڤینیستانی ڕێژیمی پەهلەوی بیری دەکردەوە و باوەڕی بە "میللەتی ئێران" هەبووو هیچ مودێلێکی جیاواز یان بەرنامەیەکی بۆ چارەسەری کێشەی نەتەوایەتی نەبووو لە ڕاستیدا باوەڕی بە فرە نیشتمانی، فرە نەتەوەیی بوون و مافی سیاسی نەتەوەکانی دیکە نەبوو. ئەمەش هەروەك لە درێژەی ئەم وتارەدا باسی دەکەین ڕادەی ڕاستیی باوەڕی ناوبراوی بە ئازادیی، دیموکراسی، ڕێزگرتن لە ئیرادەی خەڵك و مافی هەڵبژاردن دەخستە ژێر پرسیارەوە.

## دەستپێکردنی تێکۆشانی بەرەی میللی

لە مانگی ڕەزبەری ساڵی ١٣٢٨ هەڵبژاردنی مەجلیسی شازدەهەم دەستی پێکرد، موسەوددیق و لایەنگرانی بۆ دەربڕینی نارەزایەتی خۆیان دژی ئازاد نەبوونی هەڵبژاردن لەبەر دەم کۆشکی شادا مانیان گرت. ئەم بەربەرەکانییە تا



ڕادەیەکی زۆر سەرکەوت و بوو بە هۆی پێشگیری لە فێڵ و تەڵەکە لە هەڵبژاردنی تاران دا. لە ئاکام دا هەڵبژاردنی تاران هەم لەبەر دژایەتیی بیروڕای گشتی و هەم لە بەر تێکۆشانی موسەددیق هەڵوەشایەوە، بەڵام شا بەبێ ئامادە بوونی نوێنەرانی تاران لە مانگی خەزەڵوەری ٢٨ دا مەجلیسی کردەوەو هەڵبژاردنی تاران لە مانگی ڕەشەممەی ٢٨دا بەڕێوە چووو موسەددیق و ئایەتوڵڵا کاشانی و ٥ کەسی دیکە لە بەرەی میللی کە لە ١٠ی خەزەڵوەری ئەو ساڵەدا پێك هاتبوو بە نوێنەری مەجلیسی شازدەهەم هەڵبژێردران. سەرکەوتنی نوێنەرانی بەرەی میللی لە هەڵبژاردن دا ڕێگای بۆ تێکۆشانی ئەو بەرەیە خۆش کردو هێدی هێدی بەرەی میللی بوو بە هێزێکی بە نفووزی سیاسی. ئەوە یەکەم جار بوو کە لە پاش ١٣٢٠ ڕێکخراوێکی دیکەو وێڕای حیزبی توودە بووە خاوەنی نفووزێکی زۆر. بەرەی میللی لە ژمارەیەك حیزب و گرووپی جۆراوجۆری خاوەن دیدوبۆچوونی جیاواز تا ڕادەیەکی زۆریش دژ بە یەك پێك هاتبوو. هەر لەوپەڕی ڕاستەوە کە ئایەتوڵڵا کاشانی و ڕێکخراوی موسوڵمانانی موجاهید، حیزبی پان ئیرانیست تا میانەرەوە ناسیونالیستەکانی حیزبی ئێران و دواتر چەپەکانی حیزبی زەحمەتکێشانی لەخۆ گرتبوو. موسەددیق لە وتووێژێکی چاپەمەنیدا ڕایگەیاند کە: بەرنامەی فراکسیونی بەرەی میللی لە مەجلیسی شازدەدا بریتییە لە دژایەتی لەگەڵ بڕیارنامەی پێشنیار کراوی نەوت و پاراستن و ڕاگرتنی ئازادیی سیاسی و کۆمەڵایەتی. باسکردنی کێشەو ناکۆکییەکانی نێو بەرەی میللی و ئاکامی ئەو بەرەیە پێوەندی بەم باسەوە نیە. ئەوەی لێرەدا مەبەستی ئێمەیە نرخاندنی چەند هەڵوێستێکی بەرەی میللی (کە چەند حیزب و ڕێکخراوی پێشکەوتنخوازی لەخۆگرتبوو) و قسەکانی دوکتور موسەددیق وەك کەسی یەکەمی ئەو بەرەیە لە بەرامبەر کێشەی نەتەوەیی کورد و لە ئەنجام دا دەرخستنی ناتەبایی و تێگەیشتنی ناڕاستی موسەددیق لە واقعییەتی دۆزی نەتەوایەتی و دژایەتیکردنیەتی. کە هەروەك بۆمان دەردەکەوێ هەڵوێستی ناوبراویش بە پێچەوانەی زۆربەی ئیددیعاونامەکانی خۆیەتی: موسەددیق نەیتوانی لە بۆچوون و بەرنامەی سیاسی خۆی ڕێگاچارەیەکی ئەقڵانی و مودێرن بۆ پێکهێنانی هاوسەنگی و یەکسانی لە تێکڕای بوارەکان دا لە نێو نەتەوەکانی نێو ئەو قەوارە سیاسییەی کە نێوی ئێرانی لێنراوە، بدۆزێتەوەو لە ڕاستیدا ناوبراو سیستمی (check and balance)ی کە باشترین شێوەی کونترۆڵ و هاوسەنگییە لە دەسەڵات داو هەر دوو جۆری دابەشکردنی ئەستوونی و ئاسۆییی دەسەڵاتی تێدا پەیرەو کراون، پشتگوێ خست. بە گشتی لە پێکهێنانی میکانیزمێك بۆ کەمکردنەوەی سەرەڕۆیی و مسۆگەر کردن و نەهادینەکردنی دیموکراسیدا هەنگاوێکی کاریگەری ئەوتۆی هەڵنەگرت.

## هەڵوێستەکانی بەرەی میللی

یەکێك لە هەڵوێستەکانی بەرەی میللی لە بەرامبەر پرۆژەی قانوونێك بە ناوی "ڕێکخراوی بەڕێوەبەریی وڵات"دا بوو کە سەرۆك وەزیری ئەوکات، واتە حاج عەلیی ڕەزم ئارا بردبووی بۆ مەجلیس کە هەندێ کەس وەك دوکتور ئەنوەری خامەیی پرۆژەی ناوبراویان وەك قانوونی خودموختاری ناوبردوە، هەرچەند بە پێی نێوەرۆکی شۆڤینیستیی کاربەدەستانی ئەودەم کە بەردەوام لە هەوڵی پەسند کردنی قانوونی ئەوتۆدا بوون تا هەرچی زیاتر دەسەڵات لە دەستی خۆیان دا کۆبکەنەوەو دەسەڵاتی توتالیتاریی خۆیان زیاتر بکەن. پێناچێ دەسەڵاتدارانی ڕێژیمی پەهلەوی، ئامادەن بووبێتن دەسەڵاتی ڕەهای شا پارقە بکەن و جگە لەوەش هەروەك لە ناوی گەڵاڵەکەڕا دیارە، تەنیا گەڵاڵەیەکە بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ئیداریی ڕووت، نەك گەڵاڵەیەك بۆ دابینکردنی مافە سیاسی و کولتووری و فەرهەنگییەکانی نەتەوە نافارسەکان، هەروەها ئەوەش دیار نەبوو کە داخوا ئەو بەڕێوەبەرییە ئیدارییە لە سەر چ بنەمایەکە؟ کەچی موسەددیق و کاشانی بە توندی دژی ئەو گەڵاڵەیە وەستانەوەو بەو بیانوویەی کە گویا دەبێتە هۆی دابەشبوونی ئێران؟! موسەددیق لەم پێوەندییەدا لە مەجلیسدا گوتی: "جەبهەی میللی دژی هەر قانوونێك کە ببێتە هۆی لێك بڵاوبوونی وڵات... ڕادەوەستێ" هەوەها ئایەتوڵڵا کاشانییش بە توندی هێرشی کردە سەر ئەو بەرنامەیەو گوتی: "ئەم پلانە بۆ ئەوەیە ئێران بکەنە چەند وڵاتی خودموختارو پاشان چەند دەوڵەتی سەربەخۆی تێدا دروست بکەن".

دوکتور عەبدولڕەحمانی قاسملوو سەبارەت بە هەڵوێستی نوێنەرانی بەرەی میللی لەم پێوەندییەدا دەڵێ: "ئەم هەڵوێستە نیشانەی شوونیزمێکە کە هەر لە سەرەتاوە ئەندامانی جەبهەی میللی دا بەدی دەکرا کە نەك بە هیچ جۆرێك ئامادە نەبوون گەلانی زۆرلێکراوی ئێران وەك گەلی جیاواز بە ڕەسمی بناسن و مافی نەتەوایەتییان بۆ قایل بن، بەڵکوو دژی ئەوە بوون ئەنجومەنی مەحەللی لە هێندێك لە بەشەکانی ئێران دا پێك بێ، تەنانەت ئەگەر سەلاحییەتی تەنیا هەڵسووراندنی کاروباری کۆمەڵایەتیی هەبێ" لێرەدا بۆ سەلماندنی ناتەبایی کردەوەی موسەددیق لەگەڵ قسەکانیدا، چەند ڕستەیەك لە یەکێك لە باسەکانی ناوبراو لە مەجلیس دا دێنینەوە، ناوبراو دەڵێ: "ئێمە دەبێ وا بکەین کە حکوومەتی دیکتاتۆری لە نێو بچێ و حکوومەتێك کە پشتیوانی هەژاران بێ و حکوومەتێك کە ڕەوشی ژیانی خەڵك باش بکا، حکوومەتێك کە نارەزایەتی لەم وڵاتە بنەبڕ بکا، جێی بگرێتەوە. حکوومەتێکی ئەوتۆ ڕاوەستاو دەبێ"، بەڵام ئەم هەڵوێستەی لە بەرامبەر قانوونی بەڕێوەبەریی وڵاتدا بێئەملاوئەولا لە خزمەتی هێزپێدانی دیکتاتۆریدا بووو حزمەتی هیچکام لەو ئامانجانەی نەدەکرد کە موسەددیق باسی دەکردن. تەنانەت دژ بە قسەیەکی دیکەی ناوبراوە کە دەڵێ: "من لایەنگری ڤەژاندنی مەشرووتەم" لەوێدا بە پێی قانوونی ئەنجومەنە ئەیالەتی و ویلایەتییەکانی مافی زیاتر بۆ ویلایەتەکان دابین کرابوو. با لەوەش گەڕێین کە قانوونی مەشرووتە بە تەواوی ئینکاری مافی نەتەوە نافارسەکانی کردبوو.

لە شوێنێکی دیکەدا محەمەدی موسوددیق دەڵێ" "ڕێی ڕزگاریی وڵات پێکهێنانی حکوومەتێکی دیموکراتیکەو لە ڕێی هەڵبژاردنی ئازادیشەوە پێی دەگەین"، بێگومان ئەوانەی کە قسەو نامەکانی موسەددیقیان خوێندونەوە، دەزانن کە ناوبراو هەندێ جار قسەیەکی چەندین ساڵ پێشتری خۆی دووپات کردۆتەوە. جا بۆیە بە پێی ئەو هەڵوێستانەی کە موسەددیق لە کات و شوێن و بۆنەی جۆربەجۆردا گرتوونی، نەدەبوو لە بەرامبەر پەلاماری دەسەڵاتی سەرەڕۆیی و دیکتاتۆریی پەهلەوی بۆ سەر ئیرادەو دەسەڵاتی دیموکراتیکی و ڕەوای کۆماری کوردستان هەڵوێستی نادیموکراتیك بگرێ. چونکە ئەو هێرشە دیموکراسیی و دەسکەوتە دیموکراتیك و مەدەنییەکانی خەڵکی کوردستانی لەنێو بردن، ئیرادەی نەتەوەی کوردی پێشێل کرد. دیکتاتۆریی بەهێز کرد کە ناوبراو بە قسە داکۆکیی لە بنەبڕکردنی دەکرد. دژ بە بەرنامەی حیزبێکی دیموکراتیك (حیزبی دیموکراتی کوردستان ) بوو کە سەرجەم خاڵەکانی بەرنامەو ئەساسنامەکەی بەتەواوی لە خزمەت شیاندنی دیموکراسی و خەڵك سالاری و پێکهاتنی سیستمی ( ehechand balunee)دا بوون. پەرەپێدان، ئاوەدانکردنەوەی کوردستان، دامەزراندنی دامودەزگای ئابووری و سیاسی، بڵاوکردنەوەی زانست و زانیاری لە کوردستان، بەرەوپێشبردنی کشتوکاڵ و بازرگانی، باشترکردنی دۆخی تەندروستی و کەڵك وەرگرتن لە سامانە سروشتییەکانی کوردستانی مەبەست بوون کە لە سایەی سیاسەتی بنیاتنانی "ئێرانی نەوینی" ڕەزا شادا ببووە کەلاوە.

داخوا دوکتور موسەددیق پێی وابوو دەتوانێ دیموکراسی بەبێ دابینکردنی مافی نەتەوایەتی ـ کە دوو دیوی دراوێکن ـ بنەجێ بکا؟ چون دەکرا کەسێك زەمین و زەمان بە وشەی دیموکراسی پڕبکا، کەچی باوەڕی بە مافی بڕیاردانی چارەنوس کە مافێکی جیهانییە نەبێ. لەم سۆنگەیەوە دەبوو موسەددیق دژی ئەو دەسدرێژییە بەرین و گەورەیەی کە کرایە سەر دیموکراسی و لانیکەم دەبوو بە قسە مەحکوومی بکا. بەڵام ناوبراو هەر لە سەرەتاوە بە پێچەوانەی قسەکانی خۆی دژایەتیی کۆماری دیموکراتیکی کوردستانی کرد. هەروەك دەرکەوت موسەددیق نەیتوانی نە ریزەکانی بەرەی میللی بپارێزێ و نە حیزبێکی پتەوو پێشکەوتووو بەهێز بۆ چەسپاندنی ئامانجەکانی پێك بێنێ و هەروەها زێدەباری ئەو هەنگاو هەڵوێستانەی ـ یەك لەوان خۆماڵیکردنی سەنعەتی نەوت ـ کە شایانی ڕێزو پێزانینن. بەڵام ناوبراو نەیتوانی خۆی لە هزری شۆڤینیستی دەرباز بکاو بناخەیەکی پتەو بۆ پێکەوە ژیانی ئارەزوومەندانەی نەتەوە جیاجیاکان دابنێ و چارەسەرێك بۆ مەزنترین کێشەی ئەوان بدۆزێتەوە. ئەوە مێژوو نیشانی دا کە سیاسەتی شاشی ناوبراو لەم پێوەندییەدا ئەویشی بە دەردی پەهلەوییەکان بردو نەیتوانی میللەتی ئێران؟! وەك سنگی بۆ دەکوتا بە هۆموژنیزاسیونی نەتەوەکانی دیکە پێك بێنێ و تەنانەت ئازادییەکی بچووکی کۆمەڵایەتیشی بە خەڵك ڕەوا نەبینی و نیشانەی شۆڤینیستبوونەکەی بە قسەی د. قاسملوو بە تەواوی گوڵی کرد.

**سەرچاوەکان:**

١ـ تاقگەی هەقیقەت، بەشێك لە بەرهەمەکانی دوکتور قاسملوو، بەرگی یەکەم ل ٢٦٠

٢ـ عەلی، جەعفەر، ناسیونالیزم و ناسیونالیزمی کوردی، چاپی یەکەم، سلیمانی ٢٠٠٤ ل ٢٧٩

٣ـ ترکمان، محمد، هفتەنامە راە نو، ٢٨ ماە از نوع دیگر، چاپ گستر، سال ١٣٧٧ ژمارەکانی ١٣ـ ١٤ ـ ١٥ـ ١٦ ـ ١٧

٤ـ کورتە مێژووی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، چاپی ١٣٨١ ل ١٦١

٥ـ سەردەشتی، د. یاسین، کوردستانی ئێران (١٩٣٩ ـ ١٩٧٩ چاپی یەکەم سلیمانی، ل ٢٥٧ ـ ٢٦٤

٦ـ نەبەز، جەمال، بیری نەتەوەیی کوردی، بنکەی چاپەمەنیی ئازاد، ستۆکهۆڵم، سوێد، ساڵی ١٩٨٤، ل ٩٦

# پەرەپێدانی کەلتووری مافی مرۆڤ

## لە ڕێگای فێرکردنەوە

**قادر وریا**

گرنگیی فێرکردنی مافی مرۆڤو ڕۆڵی فێرکردن لە پەرەپێدانو برەوپێدانی ڕێزگرتن لە مافو ئازادییە ئینسانییەکان لە ئاستی نەتەوەییو نێونەتەوەییدا، لەو مەسەلە گرنگانەیە کە هەم لە بەڵگەنامە نێونەتەوەییەکان (مەنشوورەکان، کۆنوانسیۆنەکان، پرۆتۆکۆلەکان، ڕاگەیاندراوەکانو بڕیارنامەکان)ی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانو بنیاتو دامەزراوەکانی تایبەت بە مافی مرۆڤی سەر بەو ناوەندەدا، گونجێندراوە، هەم لە لایەن تێکۆشەرانو داکۆکیکەرانی ئەو مافانە، بە بۆنەی جۆراوجۆرەوە پێی لەسەر داگیراوە.

بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤ، هەبوونی "تێگەیشتنی هاوبەش" لە بارەی مافو ئازادییە ئینسانییەکان بە یەکێك لە پێویستییەکانی بەڕێوەچوونی بە تەواویی ئەو مافو ئازادییانە دەزانێ. پێویست بە گوتن ناکا کە "تێگەیشتنی هاوبەش" لە بارەی ئەو مافانە، بەبێ ئاگاداریو زانیاریی هەرچی زیاترو وردتر لەوان پێك نایە. ئەمەش بەر لە هەرشتێکی دیکە، بە فێرکردنی مافی مرۆڤ لە ڕێگای جۆراوجۆرەوە دێتە دی. هەر بۆیە لە "پێشەکی"ی "بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤ دا، بە ڕوونی باسی "ڕەچاوکردنی ئەو مافانەو پەرەپێدانی ئازادییە ئینسانییەکان بە یارمەتیی پەروەردەوفێرکردن" کراوە:

"بەو هۆیەوە کە تێگەیشتنی هاوبەش لە بارەی ئەم مافو ئازادییانە بۆ ئەوەی بە تەواوی بەڕێوە بچن، گرنگییەکی تایبەتی هەیە،

کۆڕی گشتی ئەم بەیاننامە جیهانییەی مافی مرۆڤ وەك ئامانجی هاوبەشی هەموو خەڵكو میللەتان ڕادەگەیەنێ تا هەموو تاکەکانو سەرجەمی بنیاتو دامەزراوەکانی کۆمەڵگە، هەموو کات ئەم بەیاننامەیان لەبەرچاوبێو هەوڵ بدەن بە هۆی فێرکردنو ڕاهێنانەوە، ڕەچاو کردنو بەڕێوەبردنی ئەم مافو ئازادییانە پەرە پێبدەنو، بە دیاریکردنی ڕێوشوێنی نەتەوەییو نێونەتەوەیی ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر ڕێگا بۆ بە ڕەسمی ناسرانو باشتر بەڕێوەچوونیان چ لە نێو خەڵکی وڵاتانی ئەندامو چ لە نێو خەڵکی ئەو سەرزەوییانەدا کە لە ژێر دەسەڵاتی ئەوان دان، دابین بکەن."[1]

لە ماددەی ٢٦ی بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤیش دا، وێڕای ئەوە کە دەستراگەیشتن بە پەروەردەوفێرکردن بە مافی هەر کەسێك دانراوە، ڕێزنان لە کەسایەتیی مرۆڤو پەرپێدانی ڕەچاوکردنی مافو ئازادییە ئینسانییەکان وەك یەکێك لە ئامانجەکانی پەروەردەو فێرکردن ناوبراوە: "ئامانجی پەروەردەو فێرکردن دەبێ پشکواندنی هەموولایەنەی کەسایەتیی ئینسانو برەودان بە ڕەچاوکردنی مافەکانی مرۆڤو ئازادییە بنەڕەتییەکان بێ. پەروەردەو فێرکردن دەبێ لە خزمەت پەرەپێدانی لێك تێگەیشتنی باشترو وێکهەڵکردنو دۆستایەتیی نێوان هەموو نەتەوەکانو گشت تاقمو گرووپە ڕەگەزی یا ئایینییەکان دا بێو هەروەها یارمەتی بە پەرەپێدانی تێکۆشانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە پێناوی پاراستنی ئاشتیدا بکا."[2]

بە وردبوونەوە لە بەڵگەنامەو پەسندکراوەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانو بنیاتو دامەزراوەکانی برەوپێدەرو لاگری مافی مرۆڤ بۆمان دەردەکەوێ کە لەلایەکەوە پێ لەسەر ئاشناکردنی مرۆڤەکان بە مافە تاکەکەسیو هاوبەشەکانیان لە ڕێگای فێرکردنەوە داگیراوەو لە لایەکی دیکەوە داوا کراوە کە بەرنامەکانو سیاسەتەکانی فێرکاری، لەگەڵ نێوەرۆکی مافی مرۆڤ یەکدیگرو، لە خزمەت گەشە کردنو پەرەپێدانی لێك گەیشتنو ئاشتیی نێوان خەڵكو بەهێزکردنی ڕێزو حورمەتی ئینسانی دابن.

لە خوارەوە چەند نموونەیەك لە بەڵگەنامە گرنگەکانی مافی مرۆڤ لە بارەی پێداگرتن لەسەر گرینگیی فێرکردنی مافی مرۆڤو برەوپێدانو بەهێزکردنی بایەخە جیهان پەسندەکان لە ڕێگای بەرنامەو سیاسەتە ئامووزشییەکانەوە، دێنمەوە:

**پەیماننامەی UN لەبارەی منداڵانەوە:**

"حکوومەتەکان پشت ئەستوور بە هەموو ئیمکاناتێکی قانوونی، ئیداری، کۆمەڵایەتیو فێرکردن، لە بەرامبەر هەر جۆرە ڕەفتارێکی کەمتەرخەمانە لەگەڵ منداڵانو لە بەرامبەر، هەرچەشنە دەستدرێژیی جیسمیو ڕەوانیو کەڵك لێوەرگرتنیان بۆ مەبەستی جینسیدا، پشتیوانییان لێدەکەن". (ماددەی ١٩، بەندی٢)

"حکوومەتەکانی ئەندامی پەیمان هەوڵی خۆیان دەدەن تا ڕەوتی پەروەردەو فێرکردن لە قوتابخانەکان، لەگەڵ ڕێزو حورمەتی ئینسانیدا، بێتەوەو لەگەڵ نێوەرۆکی ئەم پەیمانەدا بگونجێ". (ماددەی ٢٨، بەندی ٢)

"حکوومەتەکانی ئەندامی پەیمان دەیسەلمێنن کە پەروەردەکردنو ڕاهێنان دەبێ:

ئەلف ـ کەسایەتی، ئیستیعدادو تواناییە ڕەوانیو جیسمییەکانی منداڵان بەهێز بکاو بیان پشکوێنێ.

ب ـ هەستی ڕێزدانانو بایخدان بە مافەکانی مرۆڤو ئازادییە بنەڕەتییەکانی پەسندکراوی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە منداڵان دا پێك بێنێ.

پ ـ سەرنجی منداڵ بۆ لای پێناسەی فەرهەنگی، زمانو بایەخە میللییەکانی نیشتمانی بابو باپیرانی ڕابکێشێو ڕێزنان لە فەرهەنگی سەرزەوییەکانی دیکەی تێدا بەهێز بکا.

ت ـ منداڵ بۆ ژیان لە کۆمەڵێکی ئازاددا لە سەر بناغەی لێك تێگەیشتن، ئازادی، حەوانەوە لەگەڵ بیروڕای جیاوازو جیابیران، بەرابەریی مافەکانی ژنو پیاوو دۆستایەتیی نێوان گەلانو نەتەوەو ئایینە جۆراوجۆرەکان دا ئامادە بکا.

ج ـ ئۆگریو سەرنجی منداڵ بۆ لای ژینگەو سروشت ڕابکێشێ."

(ماددەی ٢٩، ماددە پەروەردەییەکان)[3]

**لە کۆنوانسیۆنی نەهێشتنی جیاوازی به دژی ژنانیشدا هاتوە:**

"ماددەی ٥: دەوڵەتانی ئەندام هەموو هەنگاوێکی گونجاو لەم بورانەی خوارەوەدا هەڵ دەگرن:

ب: دڵنیابوون لەوە کە تێگەیشتنی دروست لە دایکایەتی وەك ئەرکێکی کۆمەڵایەتیو، هاوبەشبوونی بەرپرسایەتیی پەروەردەو فێرکردنی منداڵان لە نێوان دایكو باب دا بەشێك دەبێ لە فێرکردنو پەروەردەی بنەماڵە،



بۆ ئەوەی لە ئاکامی ئەم جۆرە تێگەیشتنەدا قازانجی منداڵ لە هەموو کات لە سەرووی هەموو هەستێکەوە بێ."[4]

ماددەی ٤ی "پەیماننامەی بنەماکانی وێکهەڵکردن"یش کە ڕۆژی ١٦ی نوامبری ١٩٩٥ لە لایەن وڵاتانی ئەندامی یونسکۆوە پەسند کراوە، بە گرنگیپێدانی زۆرەوە ئاماژە بە پەرەپێدانو پاراستنی مافو ئازادییە ئینسانییەکانو برەوپێدانو بەهێزکردنی ئاشتیو وێکهەڵکردن لە ڕێگای فێرکردنەوە، دەکا. دەقی تەواوی ئەو ماددەیە بەم جۆرەیە:

"٤٠١ ـ فێرکردن گرنگترین ئامرازی پێشگیری لە وێکهەڵنەکردنە. یەکەم هەنگاو لە فێرکردنی وێکهەڵکردن دا ئەوەیە کە خەڵك شارەزای مافە هاوبەشەکانیانو ئازادییەکانیان بکرێن، فێربکرێن کە ڕێز لەو مافو ئازادییانە بگرنو پشتیوانیی ئەوان لە مافو ئازادییەکانی کەسانی دیکە، زیاتر ببێ.

٤٠٢ ـ فێرکردن دەبێ وەك پێویستییەکی زۆر گرنگ بۆ وێکهەڵکردن سەیری بکرێ: هەر بۆیە برەوپێدانی شێوەکانی فێرکردنی عەقڵانیو سیستماتیکی وێکهەڵکردن بە مەبەستی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هۆکارە کەلتووری، کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسیو ئایینییەکانی پێکەوە نەحاوانەوە ـ واتە ڕیشە سەرەکییەکانی توندوتیژیو بێبەشکردنی کەسایەنی دیکە ـ پێویستە. بەرنامەکانو سیاسەتەکانی فێرکردن دەبێ یارمەتی بە گەشەکردنو پەرەپێدانی لێك گەیشتن، هاوپێوەندیو وێکهەڵکردنو لێبووردەیی لە نێو تاکەکانو هەروەها گرووپە قەومی، کۆمەڵایەتی، کەلتووریو زمانییەکان بکەن.

٤٠٣ ـ فێرکردن لە پێناوی وێکهەڵکردن دا دەبێ [لەنێوبردنی] کاریگەرییە دوو لایەنەکان کە ترساندنو بێبەشکردنی کەسانی دیکەیان لێدەکەونەوە، بکا بە ئامانجو، یارمەتی بە لاوان بکا تا توانای قەزاوەتی سەربەخۆ، بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەو بەڵگەهێنانەوەی داهێنەرانە لە خۆیان دا گەشە پێبدەن.

**فێرکردنی مرۆڤ، ڕەوتێکە کە بۆ ژیانی تێکەڵاو لەگەڵ ئاسایشو ڕێزلێگیران**

٤٠٤ ـ ئێمە بەرعۆدە دەبین کە بەرنامەکانی لێکۆڵینەوەی زانستی کۆمەڵایەتیو فێرکردن لە پێناوی وێکهەڵکردن دا پشتیوانی لە مافی مرۆڤو نەبوونی توندوتیژی بکاو بەڕێوەیان دەبەین. ئەوە بەو مانایەیە کە سەرنجی تایبەتی دەدەینە باشتر کردنی کاری پەروەردەکردنی مامۆستایان، ماددەکانی خوێندن، نێوەرۆکی کتێبەکانو دەقی وانەکانو ماددەکانی دیکەی فێرکردن بۆ وێنە تێکنۆلۆژییە نوێیەکانی فێرکردن، بەو ئامانجەوە کە هاونیشتمانان فێر بن کە بەرامبەر بە مافی کەسانی دیکە هەستیارو بەرپرسو، بەرامبەر بە کەلتوورەکانی دیکە، کراوە بنو ڕێزی ئازادی بگرنو کەرامەتو جۆراوجۆریی ئینسانی بە شایانی ڕێزلێنان بزانو، پێشی گرژییەکانو پێکهەڵپرژانەکان بگرن یا بە شێوەی ئاشتیخوازانە چارەسەریان بکەن."[5]

بەسەرنجدان بە گرنگیی فێربوونو فێرکردنو ڕۆڵی ئەو کارە لە پەرەپێدانی کەلتووری مافی مرۆڤ دا، کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەیەی ٢٠٠٤ ـ ١٩٩٥ی بە "دەیەی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ فێرکردنی مافی مرۆڤ" ناو نابوو. کۆڕی گشتی ئەمساڵ لە ڕۆژی جیهانیی مافی مرۆڤ (١٠ی دیسامبر)، لە کۆبوونەوەیەك دا کۆتاییهاتنی ئەو دەیەی ڕاگەیاند. کۆڕی گشتی بە وەبەرچاوگرتنی ئەزموونی ١٠ ساڵی ڕابردوو، بەرنامەیەکی نوێی بۆ فێرکردنی مافی مرۆڤ لەو دەیەی پێمان ناوەتە نێوی، پێشنیاز کرد. بە گوێرەی بەرنامەی ڕاسپێردراو لە لایەن کۆڕی گشتییەوە، لە ٣ ساڵی یەکەمی بەرنامەکەدا (٢٠٠٥ تا ٢٠٠٧) لەسەر فێرکردنی بابەتەکانی تایبەت بە مافی مرۆڤ لە قۆناغەکانی سەرەتاییو ناوەندیی خوێندن داو گۆڕینی ڕەوتی فێرکردنو شێوەکانی وانە وتنەوە، لە هەمووی گرنگتر بەهێزکردنی کەشوهەوایەك کە کاری فێرکردنی تێدا ئەنجام دەدرێ، پێداگیراوە.[6]

کوفی عەنان، سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە پەیامێك دا بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی مافی مرۆڤەوە گوتی: "فێرکردنی مافی مرۆڤ بەشێکی هەرە گرنگ لەو هەوڵانەیە کە بەمەبەستی تەیارکردنی نەوە نوێیەکان بە زانستی مافە حاشا لێنەکراوەکانیانو ڕێگاکانی بەکارهێنانو داکۆکی لەو مافانە، گەڵاڵەیان بۆ دانراوە". ناوبراو پاش ئاماژە بە "دەیەی فێرکردنی مافی مرۆڤ"و ڕاسپاردە نوێیەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە پێوەندی لەگەڵ فێرکردنی مافی مرۆڤ دا گوتی: "فێرکردنی مافی مرۆڤ زۆر بەربڵاوتر لە وانەیەك لە قوتابخانەکان یا بابەتێك بۆ ڕۆژێکی دیاریکراوە. ڕەوتێکە کە بەپێی ئەو دەبێ خەڵك بەو ئامرازە چەکدار بکرێن کە بۆ ژیانی تێکەڵاو لەگەڵ ئاسایشو ڕێزلێگرتن پێویستیانە. لەم ڕۆژی جیهانیی مافی مرۆڤ دا، ڕێگا بدەن بە درێژەدانی کار لەگەڵ یەکتر لە پێناوی پەرەپێدانو پەروەردە کردنی کەلتووری مافی مرۆڤ لە نێو نەوەکانی داهاتوودا، ئاستی ئازادی، ئاسایشو ئاشتی لە نێو تەواوی نەتەوەکانی جیهان دا بەرەوژوور بەرین."[7]

کۆمیسێری بەرزی مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، لوییز ئاربۆریش لە پەنجاو شەشەمین ساڵرۆژی دەرچوونی بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤ دا، لەسەر گرینگیی فێرکردنی مافی مرۆڤ پێی داگرت. ئاربۆر گوتی: "فێرکردنی مافی مرۆڤ، ڕێگایەکە بۆ دەستراگەیشتنی هەموان بە ئازادی . . . هێشتا ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی جیهان لە مافی مرۆڤ بێبەشن. . . ڕۆژی مافی مرۆڤ، بانگەوازێکە بۆ دەستپێکردنی هەوڵێکی مەزن کە بۆ وەدیهاتنی مافە ئینسانییەکانی یەکە یەکەی خەڵکی جیهان پێویستە. تەنیا ڕێگایەکیش کە ئەم ئاکامەی لێدەکەوێتەوە، فێرکردنی مافی مرۆڤە". ئاربۆر، فێرکردنی مافی مرۆڤ بۆ پێکهێنانو پەروەردە کردنی کەلتووری مافی مرۆڤ لە کۆمەڵگاکان دا، بە کارێکی بنچینەیی زانیو ئەو فێرکردنەی بە شێوەیەك بۆ هاندانی یەکسانیو بەهێزکردنی بەشداریی خەڵك لە ڕەوتەکانی بڕیاردان لە نێو سیستمە دیموکراتیکەکان دا، دانا. کومیسێری بەرزی مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە پێداگرتنەوە گوتی: "هەرچەشنە بەرنامەیەکی فێرکردنی مافی مرۆڤ، کاتێك بەراستی بایەخ پەیدا دەکا کە بەڕێوەبەرانی لە ئاستی خۆجێییو نەتەوەییدا، بۆ هێنانە مەیدانی تواناکانو دیالۆگ بە مەبەستی بەرەوپێشبردنی مافی مرۆڤ لە کۆمەڵگەکانی خۆیان دا، کەڵکیان لێوەربگرن." لوییز ئاربۆر لە پەیامی خۆیدا ڕێزی لە هەموو فێرکارانو مامۆستایانی مافی مرۆڤ ناو وەك پارێزەرانی مافی مرۆڤ کە بەو هۆیەوە لە چوارچێوە فەرمیو نافەرمییەکان، لە کۆمەڵگە بچووكو گەورەکان داو هێندێك جاریش لە هەلومەرجێکی پڕمەترسیدا، یارمەتی بە بنیاتنانی کەلتووری مافی مرۆڤ دەکەن، ناوی بردن.[8]

فێرکردنی مافی مرۆڤ هەنگاوێکی بنەڕەتییە لە پێناوی پەرەپێدانی کەلتووری مافی مرۆڤ دا، پەرەپێدانی کەلتووری مافی مرۆڤیش دەبێتە هۆی بەرەوژوور بردنی ئاستی ئازادی، ئاسایشو ئاشتی لە جیهان دا. هەتا ئاگاداریو زانیاریی مرۆڤەکان لە بارەی مافەکانیانەوە قووڵترو زیاتر بێ، هەوڵدان بە مەبەستی وەدەستهێنانی ئەو مافانەو خەبات لەگەڵ پێشێلکەرانو زەوتکەرانی ئەوانیش زۆرتر دەبێو، مەیدان لە حکوومەتە دەسەڵاتپەرست، دیکتاتۆرو دژی ئینسانییەکان تەنگتر دەبێتەوە. "بێگومان هاووڵاتانێك کە باوەڕیان بە مافی مرۆڤ هەبێ، قسەی تێدا نیە باوەڕیان بە نیزامی سیاسی، کۆمەڵایەتیی ئازادو دیموکراتیکیش هەیە. کەمبوونەوەی توندوتیژیو زۆربوونی وێکهەڵکردن لە گۆڕانەکانی کۆمەڵگەیەکن کە ئەندامەکانی لەگەڵ ئەدەبیاتی سیاسیی مافی مرۆڤ ئاشنان".[9]

پەراوێزەکان:


١) و٢) بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤ، وەرگێڕان بۆ کوردی: قادر وریا ماڵپەڕی "کوردستان میدیا"

٣) پەیماننامەی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە بارەی منداڵانەوە، وەرگێڕان بۆ کوردی: ب. هانا ماڵپەڕی "کوردستان میدیا"

٤) دەقی کونوانسیۆنی لەنێوبردنی هەموو جۆرەکانی جیاوازیدانان بەرامبەر بە ژنان، وەرگێڕان بۆ کوردی : ب. هانا، "کوردستان میدیا"

٥) اعلامیە اصول مدارا (بەیاننامەی بنەماکانی وێکهەڵکردن) ماڵپەڕی "ایران امروز"

٦) و ٧) و ٨) پەیامەکانی سکرتێری گشتیی UN و کومیسێری بەرزی مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی مافی مرۆڤەوە، ١٠ی دیسامبری ٢٠٠٤ ماڵپەڕی، "ایران امروز"

٩) وتاری "مشروعیت نظامهای سیاسی و حقوق بشر" (ڕەوایی سیستمە سیاسییەکانو مافی مرۆڤ)، پەیمان پاك مێهر، ماڵپەڕی gooyanews

# دیمۆکراسی و کلتووری دیمۆکراسی

عەولا بەهرامی

ئەزموون کردنی دێمۆکراسی لە حاڵەتی نائامادەیی کلتوورە تایبەتەکەی‌دا گەلێك دەرەنجامی نیگەتیڤی لێ‌دەکەوێتەوە کە زۆرجار خەساری گرانیان چ بۆ خودی پرۆسەی دیموکراسی‌و چ بۆ گەشەی سیاسی‌و کلتووریی کۆمەڵگا بەدواوە بووە. چونکە لە راستی‌دا ئەو شێوەیە لە ئەزموون کردنو پیادەکردنی دێمۆکراسی یەکێك لە شێوازە هەرە کرچو کاڵەکانی کارپێ‌کردنی دێمۆکراسی‌یە. ئەو شێوەیە لە بەکارهێنانی دێمۆکراسی یان باشتر بڵێین ئەو شێوازە لە پیادەکردنی پرۆسەی دێمۆکراسی لە کۆمەڵگەیەك دا، زیاتر لە خوێندنەوەیەکی رووکەشیانەو تەنانەت کەڵك وەرگرتنی چەواشەکارانەش لە دێمۆکراسی‌یەوە سەرچاوە دەگرێ. لە هەرکام لەو دوو حاڵەتەش دا، چ لەلای ئەوانەی بە شێوەیەکی رووکەش لە دێمۆکراسی گەیشتوونو چ ئەوانەش کە دێمۆکراسی وەك دەمامکێك بۆ شاردنەوەی سیمای دیکتاتۆرانەیان بەکار دێنن، بانگەشەکارانی دێمۆکراسی، دێمۆکراسی‌یان لە چوارچێوەی کۆمەڵێك دامودەزگادا واتا کردۆتەوە بە گشتی روانینێکی ئامرازیانەیان لە دێمۆکراسی بە دەستەوە داوە، یان لە باشترین حاڵەت دا وەك رێگایەك بۆ شەرعیەت دان بە دەسەڵات پێناسەیان کردوە.

نکۆڵی لەوە ناکرێ کە هەڵبژاردن وەك یەکێك لە پرنسیپەکانی دێمۆکراسی رێگایەکە بۆ رەوایی‌و متمانەبەخشین بە دەسەڵات بۆ ماوەیەکی دیاری کراو، بەڵام لە نەبوونی کلتووری دێمۆکراسی‌دا دەسەڵاتێك زۆر بە سانایی دەتوانێ لە رێگای جۆراوجۆری وەك هەڵفریواندنی دەنگدەران، کەڵك وەرگرتن لە بەستراوەیی‌یە ناوچەیی، بنەماڵەیی‌یەکانو. . . دووبارەو چەند بارە رەوایی بە خۆی ببخشێتەوەو بە ناوی دێمۆکراسی‌یەوە رەخنەگرانی ئەو شێوە دێمۆکراسی‌یە زۆر بە ئاسانی دەمکوتو سەرکوت بکا. شێوە روانینی ئامرازیانە بۆ دێمۆکراسی جیا لەوەی زیان بە پرۆسەی دێمۆکراسی دەگەیەنێ، زیان بە جێگیربوونو ریشەداکوتانی کلتووری دێمۆکراسییش دەگەیەنێ. چونکە دێمۆکراسی بەبێ ئامادەیی کلتوورەکەی هەردەم لەبەردەم هەڕەشەی خراپ بەکارهێنانو تەنانەت جێ‌پێ لێژ کردنیش دایە. یان روونتر بڵێین لەوەها حاڵەتێك دا لە رواڵەتێك زیاتر شتێك لە گۆڕێ‌دا نیە کە واتای دێمۆکراسی بدا. بەدوور لەو پێناسەیە، پێناسەیەکی لۆژیکی‌و عەقڵانیمان هەیە کە پێی وایە دێمۆکراسی بەر لەوەی کۆمەڵێك دامودەزگا بێ، زیاتر کلتوورێکە. کلتوورێك کە لە رەوتی کۆمەڵێك گۆڕانکاریی گرنگی سیاسی، کۆمەڵایەتی‌و ئابووری ئەو وڵاتانەی ئەو شێوازە دەسەڵاتدارەتی‌یەیان تێدا تاقی کراوەتەوە شکڵی گرتووەو کۆمەڵێك فۆرمو بایەخی تایبەت بەخۆی دروست کردوە.. "گی ئێرمە" لەم بارەیەوە دەڵێ: "دێمۆکراسی زیاتر کلتوورێکە تاوەکوو کۆمەڵێك دامەزراوە، دێمۆکراسی لانی کەم بەری پێگەیشتوویی‌و پوختەیی‌یەکی کلتووریی لەسەرەخۆیە کە سەدەیەك یا زیاتر درێژەی کێشاوە تا لە ئورووپای رۆژئاواو ئەمریکای شیمالی‌دا بناخەکانی قایم کردوەو بەبێ ئەو رەوتە، ئەو دامەزراوانە بێ‌ریشە دەبوون"[١] کەواتە دەتوانرێ قسە لە دیموکراتیك بوونی گرووپێکی سیاسی، کۆمەڵایەتی‌و سەرتر لەوانیش کۆمەڵگایەك بکەین، کە ئەم گرووپ یان کۆمەڵگایانە لە رەوتی کارکردن بۆ دیموکراسی‌و ئەزموونی‌کردنی دێمۆکراسی‌دا بووبێتنە خاوەنی کلتووری دێمۆکراسی.

دێمۆکراسی تا ئەو کاتەی لە پێکهاتەی کلتوورێك دا خۆنەنوێنێ‌و شکڵ نەگرێ، بەردەوام لەبەر دەم هەڕەشەدایە. ئەو هەڕەشەیە هەروەك لە سەرەتاوەش باس کرا، رەنگە لە رێگای یەکێك لە پرنسیپەکانی دێمۆکراسی (هەڵبژاردن)ەوە بێ. وەك نموونەی ئاڵمانی هیتلێری . . .و لە ناخی خۆی‌دا دیکتاتۆری بەرهەم بێنێتەوە. تەنیا لەو حاڵەدا کە کلتووری دێمۆکراسی لە نێو کۆمەڵگادا باڵادەستە گەرەنتی بۆ مانەوەی دێمۆکراسی بەهێزە. چونکە هەروەك دێمۆکراسی‌و شێوە حکوومەتی دیموکراتیك بەرهەمی رەخنە لە دۆخی دیکتاتۆری‌یە (بە هەموو شکڵەکانیەوە) بە هەمان شێوە بە رەخنەگرتن لە خۆی‌و دژکردەوە نیشان دان لە بەرامبەر بایەخە نادیموکراتیکەکان دا بەردەوامی بە خۆی دەدا. وەك رامین جیهانبگلوو لەم بارەیەوە دەڵێ: " دێمۆکراسی شێوەیەك لە کۆمەڵگای سیاسی‌یە کە لەودا بایەخەکان "نیسبین"، هەر لەسەر ئەم بنەمایەیە دەکەونە رووبەروو بوونەوە لەگەڵ یەکترو دەرەتان بۆ رەخنەگرتن لەوان هەیە. هەر بەو هۆیە دەبینین کە لە کۆمەڵگە دیموکراتیکەکان دا سنوورگەلێکی راستەقینە هەن کە تاکەکان لە نێو ئەوان دا لە دەستدرێژیی بۆچوونەکانی دیتران پارێزراون. لەم رووەوە لە کۆمەڵگایەکی دیموکراتیك دا خەبات دژی بیری سەرەڕۆیانەو سەرەڕۆیی فیکری بۆتە دژکردەوەیەکی سروشتی لە نێو رووناکبیران دا. چونکە کۆمەڵگە وەك ئورگانیزمێکی زیندوو وایە کە هەرکات لە تەك تۆخمێکی دژە دیموکراتیك وێك کەوت دەکەوێتە بەربەرەکانی کردنی. ئەو کردەوە خۆبەخۆیە بەشێك لە کلتووری مەدەنیی دێمۆکراسی پێك دێنێ".[٢]

هەرچەند ناکرێ چاوەڕوان بکرێ بۆ دامەزراندنی سیستمێکی دیموکراتیك، یان دەس پێ‌کردنی پرۆسەیەکی دیموکراتیك، کلتوورێکی دیموکراتیك بوونی هەبێ، چونکە کلتووری دێمۆکراسی لە درێژەی کارپێکردن بە دێمۆکراسی‌و لە پرۆسەیەکی دیموکراتیك دا دروست دەبێ‌و پێوەندی‌یەکی راستەوخۆشی بە گەشەی کلتووری‌و سیاسی‌و ئابووری‌یەوە هەیە، بەڵام هەر رەوتێکی دیموکراسیخوازو هەر ئورگانیسمێکی دیموکراتیك پێویستە لە پەنا بەکارهێنانی پرنسیپەکانی وەك هەڵبژاردنو بنیات نانی دامودەزگاکانی دەسەڵاتو بەڕێوەبەری‌یەکی دیموکراتیکیش دا بە شێوەیەکی جیددی لە خەمی بنیاتنانی کلتووری دێمۆکراسییش دابێ. گرنگترینو سەرەکیترین رێگاش بۆ ئەم مەبەستە بریتی‌یە لە پەروەردەکردنی ئەندامانی کۆمەڵگە یان رێکخراوێکی دێمۆکراسیخواز لە سەر بنەماو پرنسیپو تایبەتمەندی‌یەکانی کلتووری دێمۆکراسی بە کەڵك وەرگرتن لە سیستمی پەروەردەو فێرکردنو راگەیەنە گشتی‌یەکان.

هەرچەند زۆربەی دێمۆکراسی‌یە نوبنیاتەکانو بەگشتی سیستمێکی دیموکراتیکیش بە هەڵبژاردنە دەورەیی‌یەکان دەناسرێنەوەو بەوە لە سیستمکە ئولیگارشی‌و ئەریستۆکراسی‌یەکان جیادەکرێنەوە، بەڵام نەبوونی کلتووری دێمۆکراسی یان میکانیزمێکی یارمەتیدەر هەردەم ئەگەری لە مەترسی کەوتنی بەرژەوەندی‌یە گشتی‌یەکان، هەڵفریوانی دەنگدەران کە کۆمەڵانی سادەو ساویلکە بنو بەگشتی گەڕانەوەی دەسەڵاتی سەرەڕۆیانەی لێ‌دەکرێ. سەرەڕای ئەوانەش ئەزموونەکانی ئەو جۆرە هەڵبژاردنانە دەریان خستوە کە براوەکان ئەوانەن کە پشتیان بە کەڵك وەرگرتن لە کاریزماو بەستراوەیی‌یە جۆراوجۆرەکانی تاکەکان (خێڵ، ناوچە، دەستەوتاقمو. . .) بەستوە. لە بەرامبەریش دا بژاردەکان زۆر بە سانایی دەبنە دۆڕاوی وەها هەڵبژاردنێك. ئەوەش بە کارەساتێك بۆ کۆمەڵگەو بە تایبەت بۆ ئەو کۆمەڵگایانەی خەریکی ئەزموون کردنی دێمۆکراسین، دەژمێردرێ.

لە راستی‌دا لەم حاڵەتەدا هەڵبژاردن دەبێتە ئامرازێك بە دەست هێزە دژە دێمۆکراسی‌یەکان بۆ ئەوەی هەم جڵەوی دەسەڵات بە دەستەوە بگرنو هەمیش بە پاراستنی پاشماوەکانی عەقڵییەتی نەریتخوازانەو خێڵەکیی خۆیان دژایەتیی بایەخە دیموکراتیکەکان بکەن، ئەو بایەخانەی کە لە دنیابینی‌یەکی جیاوازەوە سەرچاوەیان گرتووەو لەگەڵ دنیابینیی تەسكو دوگمەکانی ئەوان دا دژایەتیی هەیە.

## تایبەتمەندی‌یەکانی کلتووری دێمۆکراسی

کلتووری دێمۆکراسی وەك کلتوورێکی پێشکەوتووو جیاواز لە کلتووری سیستمەکانی دیکەی دەسەڵات، خاوەنی هێندێك تایبەتمەندی‌یە کە بە کورتی تیشکیان دەخەینە سەر:

١ـ تاك گەرایی (ئازادیی تاك)
٢ـ جیاوازیی‌و هەڵکردن
٣ـ ئازادیی سیاسی
٤ـ رەخنە

**چ لەلای ئەوانەی بە شێوەیەکی رووکەش لە دێمۆکراسی گەیشتوونو چ ئەوانەش کە دێمۆکراسی وەك دەمامکێك بۆ شاردنەوەی سیمای دیکتاتۆرانەیان بەکار دێنن، بانگەشەکارانی دێمۆکراسی، دێمۆکراسی‌یان لە چوارچێوەی کۆمەڵێك دامودەزگادا واتا کردۆتەوە بە گشتی روانینێکی ئامرازیانەیان لە دێمۆکراسی بە دەستەوە داوە**

### ١. تاك گەرایی

تاکی ئازاد لە پێوەندی‌و بەستراوەیی‌یە خێڵەکی، بنەماڵەیی‌و بەگشتی هەموو ئەو پێوەندی‌یە نادڵخوازانەو ناعەقڵانی‌یانەی ئیرادەی تاك دەسڕنەوە، بە یەکێك لە بنەما هەرە گرنگەکانی بنیاتنانی هەر سیستمێکی دیموکراتیك دەژمێردرێ. تاکی ئازاد کە بەرهەمی گەشەی سیاسی، ئابووری‌و کلتووریی کۆمەڵگا پێشکەوتووەکانی جیهانە، تاکێکە بە شێوەیەکی سەربەخۆ دەتوانێ ئیرادەی سیاسیی خۆی نیشان بدا بە بێ ئەوەی ترسی لە وەمەترسی کەوتنی پێوەندی‌یە کۆمەڵایەتی‌یەکانی یان بەرژەوەندی‌یە تاکەکەسی‌یەکانی هەبێ.

سەبارەت بە گرینگی تاكو تاك گەرایی بۆ دێمۆکراسی "گی ئێرمە" لەو بڕوایە دایە کە: "دێمۆکراسی لەسەر یەك بەری سیاسیی تاك گەرایی‌یە کە ریشەی لە سەردەمی رێنیسانس دایەو لە تەك ئازادی، پێشکەوتنو داهێنان دا لە پێوەندی دایە".[٣]

دیارە کە باس لە گرینگیی تاك بۆ دێمۆکراسی‌و چوونەپێشی هەر پرۆسەیەکی دیموکراتیك دەکرێ، بەو واتایە نیە حاشا لە ئیرادەی بە کۆمەڵی ئەندامانی کۆمەڵگە یا رێکخراوە سیاسی‌یەکان بکرێ، بەڵکوو بەو واتایەیە کە تاکە ئازادو سەربەخۆکان دەتوانن بە شێوەیەکی زۆر باشترو عەقڵانی‌ترو لە چوارچێوەی یاسا گشتگیرەکان دا پێوەندی لە نێوان بەرژەوەندی‌یە تاکەکەسی‌و گشتی‌یەکانی کۆمەڵدا پێك بێنن. ئەوەش لۆژیکی‌ترین رێگایە بۆ پارێزگاری کردن لە مافەکانی تاكو رێگە گرتن لە گەڕانەوەی سەرەڕۆیی کە هەم زیان بە تاکەکانو هەمیش زیان بە بەرژەوەندیی گشتیی کۆمەڵگا دەگەیەنێ.

### ٢. هەڵکردن (تولێرانس)و قبووڵکردنی جیاوازی‌یەکان

حاشا لەوە ناکرێ دێمۆکراسی وەك شێوە روانینێك بۆ دەسەڵات لەسەر بنەمای جیاواز بوونو رەخنەگرتن لە سیستمە سەرەڕۆو دۆگماتیکەکان هاتۆتە ئاراوەو وەك نموونەیەکی جیاواز - سەرەڕای کەموکووڕی‌یەکانی - توانیویەتی ببێتە ئەزموونێکی خاوەن مێژووی ئەوتۆ کە ئێستاش پەسندبوونی خۆی بپارێزێ. ئەو پەسندبوونەش بێگومان لەوەوە سەرچاوەی گرتوە کە دێمۆکراسی خاوەنی کلتوورێکە کە هەڵکردنو لێبوردەیی یەکێك لە کۆمەڵە سەرەکی‌یەکانیەتی. لە کلتوورێکی ئەوتۆدا کە جیاوازی تەوەرەو لە سەربنەمای ئاشتکردنەوەی بیروڕاو دەنگو رەنگە جیاوازەکان بنیات نراوە، بە شێوەیەکی سروشتی رێگا لە دوگم باوەڕی‌و رەشو سپی کردنی دیاردەو کێشەکان بەربەست کراوە.

ئەم تایبەتمەندی‌یەی کلتووری دێمۆکراسییش وەك هەموو تایبەتمەندی‌یەکانی دیکەی دێمۆکراسی، بەر لە هەموو شتێك بەرهەمی گەشەو بەرەوپێش چوونی کۆمەڵگایە لە هەموو بوارەکان دا. چونکە دۆخی دیموکراتیك کاتێك دەرەتانی دروست بوونی بۆ پێك دێ، کە گومانو پرسیار لە سەر دۆخی پێشتر دروست بووبێ‌و لەسەر ئەو بنەمایەش بیر لە دۆخێکی نوێتر - لە رواڵەتو نێوەرۆك دا - کرابێتەوە. وەك بەختیار عەلی دەڵێ: "دیموکراسییەت بەرهەمی ئەو کۆمەڵگا زیندووانەیە کە دەتوانن جیاوازی بەرهەم بێنن تا توانای کۆمەڵگە لەسەر گەشە کردن گەورەتر بێ، پێویستی‌یەکان دیموکراسییەت زیاترو گەورەترن. چونکە کۆمەڵگە لە تەك خۆی‌دا هەمەرەنگی دەهێنێت. هەمەرەنگییش پێکەوە ژیانی رەنگە جیاوازەکان دەسەپێنێت."[٤]

**تاکی ئازاد لە پێوەندی‌و بەستراوەیی‌یە خێڵەکی، بنەماڵەیی‌و بەگشتی هەموو ئەو پێوەندی‌یە نادڵخوازانەو ناعەقڵانی‌یانەی ئیرادەی تاك دەسڕنەوە، بە یەکێك لە بنەما هەرە گرنگەکانی بنیاتنانی هەر سیستمێکی دیموکراتیك دەژمێردرێ**

### ٣. ئازادیی سیاسی

ئازادیی سیاسییش یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندی‌یەکانی کلتووری دێمۆکراسی‌یە کە بە کۆڵەکەیەکی گرنگی کۆمەڵگا دیموکراتیکەکان دادەنرێ‌و لە راستی‌دا تەواوکەری تایبەتمەندی‌یەکانی دیکەی کلتووری دیموکراسی‌یە. چونکە ناکرێ باس لە ئازادیی تاكو بوونی جیاوازیی بیروڕاو روانگەی جیاواز بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگاو . . . بکرێ، بەڵام ئازادیی سیاسی لە گۆڕێ دا نەبێ. جگە لەوانەش بوونی ئەو تایبەتمەندی‌یە لە پەنا تایبەتمەندی‌یەکانی دیکەدا وای کردوە لە دێمۆکراسی‌یەکان دا رێگا بۆ جێ گۆڕکێ لە دەسەڵات دا وەك دیاردەیەکی ئاسایی‌و هەر لەو کاتەش دا پێویست خۆشو هەموار بکرێ. ئەوەش لەهەمان کات دا دەرەتانێکی باشە بۆ ئەوەی رەوتو لایەنە سیاسی‌یە جۆراوجۆرو فرە رەنگەکان لە فەزایەکی ئارام داو بە مافی وەك یەکەوە بکەونە ململانێ بۆ بڵاوکردنەوەی بیروبۆچوونەکانو سەرەنجامیش گرتنە دەستی دەسەڵات.

ئازادیی سیاسی لە راستی‌دا ئاستێك لە بەرامبەریی سیاسی‌یە کە رەوتو گرووپە سیاسی‌یەکانو لە نێو ئەوانیش دا تاکەکان لێی بەهەرەمەندنو بە کەڵك وەرگرتن لەو مافەیە کە دەتوانن جگە لە ململانێ بۆ دەسەڵات لە دەوری پرۆگرامو بەرنامەی سیاسیی جیاواز کۆبنەوەو بانگەشە بۆ بیروبۆچوونو بەرنامە سیاسی‌یەکانیان بکەن.

### رەخنە:

هەروەك دێمۆکراسی‌و سیستمی دیموکراتیکی دەسەڵاتدارەتی‌و دواتریش کۆمەڵگا پێشکەوتووو دیموکراتیکەکان لە بنەڕەت دا بەرهەمی باکگراوندێکی رەخنەئامێزو گۆڕانخوازانەن سەبارەت بە دۆخی سەرەڕۆیی‌و نابەرابەریی سیاسی، بە هەمان شێوەش پرۆسەی دێمۆکراسی‌و دێمۆکراسی‌یەکانیش بە سوود وەرگرتن لە رەخنە لە بوارە جۆراوجۆرەکان دا توانیویانە یارمەتی بە بوونو گەشەی خۆیان بدەن. ئەوەش بۆتە هۆی ئەوە کە رەخنە ببێتە بەشێکی دانەبڕاوو ژیانەکی لە کلتووری دێمۆکراسی دا. ئەوەش جیاوازی‌یەکی دیکەی دێمۆکراسی‌و کلتوورەکەیەتی کە بە تەواوی لە سەرەڕۆیی‌و کلتوورەکەی جیای دەکاتەوە. یەکەمیان دەتوانێ بە سوود وەرگرتن لەو (رەخنە) قەیرانو کێشەکانی خۆی بناسێ‌و بیر لە چارەسەرکردنو هێنانەدی دۆخێکی جیاوازی ئەوتۆ بکاتەوە کە لانی کەم قەیرانو کێشەکان بە هەمان شێوە دووبارە نەبنەوە. بەڵام لە دووهەمیان دا رەخنە ئەو هۆکارە ترسێنەرەیە کە هەر دەم بەدەسنیشان کردنی لاوازیی‌و کێشەو قەیرانەکان رەوایی‌و بنەماکانی لاوازو لەرزۆك دەبێ.

سەرچاوەکان:

١ـ گی ئێرمە، "فرهنگ و دموکراسی" ل ١٣

٢ــ رامین جیهانبەگلو، "مدرنیتە، دموکراسی و روشنفکران" ل ٦٨

٣ـ گی ئێرمە، "فرهنگ و دمکراسی" ل ٥٣

٤ـ بەختیار عەلی، رۆشنبیر، کۆمەڵگا، دیموکراسییەت، ل٢٣

# نموونەکانی سیستمی فیدراڵی لە جیهاندا

ئامادەکردنی: ناسر ساڵحی ئەسڵ

بەپێی لێکۆڵینەوەیەك کە هایکس کردوویە زۆر لە سیستمە فیدرالی‌یەکان لە ئاکامی هەڵوەشانەوەی کۆلۆنیی ئینگلیس دا پێك هاتون. زۆر جاران سیستمی فیدرالی لە پاش شەڕ دامەزراوە. شەڕی ڕزگاریخوازیی وڵاتێك لە ژێر دەستی کۆلۆنیالیزم‌و حکوومەتە کۆلۆنیالی ئینگلیس بۆخۆی لە دروستکردنی ئەو جۆرە حکوومەتە فیدرالییانەدا ڕۆڵی بەرچاوی گێڕاوە. لەم چەند دێڕەی خوارەوەدا چەند نموونە حکوومەتی فیدراڵی لەسەر گۆی زەوی دەخەینە بەرچاو:

## ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی

نموونەیەك لە حکوومەتی فیدراڵی کە یەکجار کەم یان هەر باسی ناکرێ، ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی‌یە کە ئەویش هەر بەرهەمی نەمانی کۆلۆنیالیزمی ئینگلیسی‌یەو لەسەر بنەمای کێشە ئیتنیکی بەستراوە بە خاك دانەمەزراوە، بەڵکوو لەودا دەسەڵات بە سەر پێنج ناوچەدا کە دوو دانە لە هەرە بەهێزەکانیان "دوبەی‌و ئەبوزەبی"ن دابەشکراوە. ئەم دابەشکردنی دەسەڵات بەو شێوەیە ڕاست لەلایەن حکوومەتی ئینگلیسەوە نەخشەی بۆ دانرا چونکە حکوومەتی بریتانیا بۆخۆی هەتا ساڵی ١٩٧٠ی زایینی لەلاوە ئەو وڵاتەی هەڵدەسووڕاند. هیندوستان‌و پاکستان دوو حکوومەتی فیدراڵین، بەڵام جیاواز لەیەکتر کە پاش شەڕی دووهەمی جیهانی دامەزران. لە هیندووستان فیدرالیزمی دیموکراتیك بەڵام لە پاکستان سیستمی فیدراڵی داسەپاو دامەزراوە.

## سویس:

سویس نموونەیەکی تاقانەیە کە لە زۆر بواری مێژوویی، سیاسی‌و کلتووری‌یەوە لەگەڵ فیدراسیۆنەکانی دیکە کە بە فیدراسیۆنی پوست کۆلۆنیال بەنێوبانگن، جیاوازیی هەیە. لە فیدرالیزمی سویس دا مافی هاووڵاتیبوون بۆ هەموو دانیشتووانی سویس پارێزراو لە هەر حکوومەتێکی ناوچەیی‌دا بێ، فەرق ناکا. واتە لە سیستمی سویس دا بنەما مافی هاووڵاتی‌یە نەك شتی دیکە. بەڵام ئەگەر ئاوڕێك لە مێژووی ئورووپا بەگشتی و سویس بە تایبەتی بدەینەوە، دەبینرێ کە شێوە حکوومەتی سویس بۆ خۆی بەرهەمی تەواوی ئەو گۆڕانکاری‌یە سیاسی‌و ئابووری‌و کۆمەڵایەتییانەیە کە لە سەردەمی مودێرنیتەو سەرهەڵدانی کاپیتالیزم لە ئورووپای ڕۆژئاوا (لانیکەم لە ماوەی سەد ساڵی رابردوودا) هاتوونەتە ئاراوە. ئەو ئاڵوگۆڕانەی کە ژێرخان‌و ئابووریی ئەو وڵاتەیان بەجۆرێك گۆڕی کە ڕێگەیان لەبەردەم دامەزرانی کۆمەڵگای مەدەنی لەوێدا خۆش کرد. کەواتە پێوەندی‌یەکی چڕوپڕ لە نێوان کۆمەڵگای مەدەنی‌و جۆرو سیستمی حکوومەتی لە سویس دا هەیە. بەلەبەرچاوگرتنی دواکەوتوویی‌و نەبوونی کۆمەڵگایەکی مەدەنی لە وڵاتانی وەك عێراق‌و ئێران دا، بە بەراورد لەگەڵ وڵاتی سویس دا ئەو پرسیارە قوت دەبێتەوە کە ئایا دەکرێ چاوەڕوانی ئەوە بین سیستمێکی فیدراڵی تەواوو بێ کەموکووڕی وەك ئەوەی سویس لەو وڵاتانە دابمەزرێ؟

## بیلژیك:

نموونەی تازەی دامەزرانی فیدرالیزم لەم ساڵانەی دوایی‌دا حکوومەتی فیدراڵی بیلژیکە کە لە ساڵی ١٩٨٩ دا دامەزرا، واتە سیستمێکی نوێ بە پێی قانوونی ئەساسیی نوێ کە لەودا دەسەڵات بەسەر سێ ناوچەدا دابەش کراوە. خاڵی جێگای سەرنج لە فیدرالیزمی بیلژیك دا ئەوەیە کە فیدرالیزمەکەی لە سەر بنەمای چارەسەری کێشەی ئیتنیکی دامەزراوە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەزموونێکی نوێ‌یە هێشتا زووە قەزاوەت بکرێ‌و بگوترێ ئایا توانیویەتی لە چارەسەر کردنی کێشەی ئیتنیك دا سەرکەوتوو بێ یان نا؟

## ڕووسیە:

دوای بیلژیك حکوومەتێکی دیکەی فیدراڵ، حکوومەتی ڕووسیەیە کە ئەویش تازە دامەزراوەو بۆخۆی بەتەنیا لە ٨٩ هەرێمی جیاجیای فیدراڵ پێکهاتووە، بەڵام ئەوەی لەسەر ڕووسیە دەکرێ بگوترێ ئەوەیە کە سیستمی فیدراڵیی ڕووسیە هەتا ئێستا نەیتوانیوە کێشەی ئیتنیکیی خۆی، دوو لەوان چیچێن‌و داغستان دا چارەسەر بکاو هەر ئێستاکە بزاڤی چەکداری لەو دوو هەرێمەدا هەیە. هەروەها لە کەسیش شاراوە نیە کە سەرکۆمار پوتین‌و ئیتنیکی ڕووسی چ دەسەڵاتێکی بەهێزیان هەیەو فیدرالیزم‌و دابەشکردنی دەسەڵاتی سیاسی دەتوانێ چ مانایەکی هەبێ لە ڕووسیە؟

## ئافریقای باشووری‌و ئیتیوپی:

هەروەها ناوهێنانی نموونە ئافریقای باشووری‌و ئیتیوپیش گرینگە چونکە سیستمی ئەو وڵاتانە بە تەواوی سیستمی فیدراڵی نین بەڵکوو شتێکن لە نێوان ئوتۆنۆمی‌و فیدراڵی دا. ئەمەش بۆخۆی بەمانای ئەوەیە کە ئەمڕۆ ئەو پێناسە کلاسیکە لە فیدرالیزم ڕەنگە مانای خۆی لە دەست دابێ‌و بۆ چارەسەری کێشەی ئیتنیکی بەستراوە بە خاك، ڕەنگە مۆدێلی نێوان فیدرالیزم‌و خودموختاری لەبار بێ کە دیارە ئەم مۆدێلەش بۆخۆی کێشەی خۆی هەیەو گەلێك ناڕوونی‌و پێچەڵپێچی تێدایە.

ڕاستە فیدرالیزم سیستمێکی سیاسی‌یە بۆ بەڕێوەبردنی وڵاتێك‌و ئیدئۆلۆژی نیە، بەڵام زۆر گرینگە کە فیدرالیزم بچێتە نێو بیروڕای گشتییەوە، خەڵك لەباری کلتووری‌یەوە ئەو ئاستە لە توانایان هەبێ کە لەم چەمکە تێبگەن. لەهەمان کات دا ئیتنیکە جیاوازەکان خوێندنەوەیەکی وەك یەکیان لە ئەو جۆری فیدرالیزمەوە هەبێ کە دەیانهەوێ دایمەزرێنن. لێرەدا مەبەست باری کلتووری کێشەکەیەو فیدرالیزم دەبێ لەباری کلتووری سیاسیشەوە ئامادەکاریی بۆ بکرێ.

لێرەدا باسی فیدرالیزم لە ئێران دا بەگشتی‌و لە کوردستان بەتایبەتی دەتوانێ نموونەیەکی باش بێ بۆ دەرکەوتنی کلتووری کێشەی فیدرالیزم. نیزیك بە ٦٠ ساڵە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران خەبات دەکا بۆ خودموختاری لە چوارچێوەی ئێران دا. کە لەم پێناوەدا بە هەزاران شەهیدی لە سەرەوەی هەموویان شەهیدانی ڕێبەر: قازی، قاسملوو شەڕەفکەندی پێشکەشی کردوە. لە کۆنگرەی ١٣ی حیزب دا دروشمی ستراتیژی حیزب بوو بە دابینکردنی مافی چارەنووسی گەلی کورد لە ئێرانێکی فیدراڵ‌و دیموکرات دا. حیزبی دیموکراتی کوردستان لە باری کلتووری‌یەوە توانیویەتی لە نێو کۆمەڵانی خەڵك دا خودموختاری بچەسپێنێ‌و زۆربەی خەڵکی کورد لەوە تێبگەیەنێ کە خودموختاری یانی چی؟ بەڵام فیدرالیزم بە پێچەوانەی خودموختاری لە دوو بارەوە جیاوازیی هەیە. یەکەم فیدرالیزم بۆخۆی چەمکێکی نوێ‌یە لە نێو کلتووری سیاسیی ئێران‌و کورد داو خەریکە تازە شتی لەسەر دەوترێ‌و دەنووسرێ. دووهەم فیدرالیزم بە پێچەوانەی خودموختاری تەنیا پێوەندیی بە کوردەوە نیە بەڵکوو پێوەندیی بە هەموو نەتەوە جیاجیاکانی ئێرانەوە هەیەو بۆ چەسپاندنی ئەم سیستمی فیدراڵی‌یە لە بەڕێوەبردنی سیاسی‌دا دەبێ تێگەیشتنێکی هاوبەشی لەم سیستمە فیدراڵی‌یە لە نێو هەموو گەلانی ئێران دا کە لەم بارەوە فیدرالیزم هێشتا لە سەرەتا دایەو کارێکی ئەوتۆی بۆ نەکراوە. کەواتە زەمانێك فیدرالیزم دەتوانێ لە وڵاتی ئێران دابمەزرێ کە بیروڕای گشتیی گەلانی ئێران بۆ ئەم مەبەستە ئامادە بکرێ. بەڵام سەرکەوتنی فیدرالیزم لە ئێرانی فرەنەتەوەدا، لە گرەوەی هوشیاریی خەڵکی‌و تێگەیشتنێکی هاوبەش لە نێوان نەتەوەکان دا پێك دێ.

**سەرچاوەکان:**

- نەتەوەخوازی ـ ئەنتۆنی دی سمیس و. هوشیار عەبدولرەحمان سیوەیلی
- حەوتوونامەی ئاسۆ
- سایتیDimane

# بودجەی ساڵی ١٣٨٤ی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی

ناسر ساڵحی‌ئەسڵ

**ئابووری‌یەکی قەیراناوی، ئاوسانی سەرسووڕهێنەر، چوونە سەری بێکاریی ئاشکراو شاراوە، زیادبوونی کەلێنی چینایەتی، هاتنەخوارەوەی ڕۆژ لە ڕۆژ زیاتری داهاتی میللی‌و هەروەها چوونەسەری ڕۆژ لە ڕۆژ زیاتری خەرجی هێزە سەرکوتکەرەکان‌و کڕینی چەك‌و چۆڵ، قەیرانی هەژاری، گەندەڵی، ئیعتیاد، جینایەت، بەرتیل وەرگرتن لە دامودەزگا دەوڵەتی‌یەکاندا لە نیشانە بەرچاوەکانی دەوڵەتی خاتەمین**

بە پەرەگرتنی شەڕی دەسەڵات‌و سەروەت لە نێوان ڕێبەرانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی‌دا، محەممەد خاتەمی ئێستاش نەی‌توانیوە دوایین گەڵاڵەی بودجەی ساڵی ١٣٨٤ بدا بە مەجلیسی شوورای ئیسلامی. ئەوە لە حاڵێك دایە کە هەر کات دەوڵەتێك نەتوانێ تا کۆتایی مانگی سەرماوەز گەڵاڵەی بوودجەی ساڵی داهاتوو بدا بە مەجلیس، نیشانەی ئەوەیە کەمیی بودجەی هەیە.

یەکێك لەو ئەرکانەی لە ئابووری‌دا دەخرێتە ئەستۆی بەڕێوەبەران‌و بەرپرسانی کاروباری ئابووری بەتایبەت کاروباری پووڵی ـ ماڵی، بردنەسەری توانای کڕینی خەڵکە. بەڵام لە درێژایی دەسەڵاتداریتیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی‌دا توانای بەرابەریی پووڵی میللی (ڕیاڵ) لە بەرامبەر پووڵە موعتەبەرە دەرەکی‌یەکاندا بەتوندی دابەزیوە. بە پێی رای کارناسانی کاروباری ئابووری، توانای ڕاستەقینەی پووڵی میلیی هەر وڵاتێك نیشانەی توانایی ئابووریی ئەو وڵاتەیە. کەواتە پاراستن‌و بردنەسەری توانای ڕاستەقینەی کڕینی پووڵی میللی دەبێ لە سەرووی هەموو بەرنامە ئابووری‌یەکانی وڵات‌دا بێ. بەڵام کاربەدەستانی کاروباری ئابووریی کۆماری ئیسلامی لە سەرەتادا بە چەندنرخی‌کردنی ئەرزە موعتەبەرە دەرەکی‌یەکان‌و پێکهێنانی بازاڕی ڕەش، کڕین‌و فرۆشتنی ئەرزە دەرەکی‌یەکان بەتایبەت بەهۆی بەرپرسانی پووڵی ـ ماڵیی ڕێژیمەوەو ئێستاش بە گەڵاڵەی یەك نرخی‌کردنی ئەرزە دەرەکی‌یەکان ـ دیارە بۆ کڕینی کەرەستەی نیزامی‌و سەفەری کاربەدەستانی ڕێژیم، دۆلاری ١٥٧ تمەنی دەدرێ ـ نەك نەی‌توانیوە نرخی ئەرزە موعتەبەرە دەرەکی‌یەکان بە تایبەت نرخی دۆلار لە بەرانبەر ڕیاڵدا ڕاگرێ، بەڵکوو ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ نرخی دۆلار لە بەرزی‌و نزمی دایە. کەمبوونەوەی توانای کڕینی پووڵی میللی لە بەرانبەر ئەرزە موعتەبەرە دەرەکی‌یەکاندا لە ئاستی بازرگانیی دەرەکی‌دا وڵات لە هاوکێشەی وڵاتەکاندا لەگەڵ چوونەسەری قەرزەکان، زیادکردنی ڕێژەی ئاوسان، ڕاکردنی سەرمایەو بە کەمبوونەوەی مەیلی سەرمایەدانان‌و هاوبەشی‌کردن لە بەرهەمهێنان‌داو چوونەسەری ڕێژەی بێکاری بەرەوڕوو دەبێ.

ئێستا کە حوکمی بودجەی ١٣٨٤ی کۆی وڵات بە تەواوی وەزارەتخانەو دەزگا بەڕێوەبەری‌یەکان ڕاگەیەندراوە، ڕێکخراوی بەڕێوەبەری‌و بەرنامەداڕێژیی وڵات دەبێ بە پێی ڕێوشوێن‌و ڕیزبەندی‌یەکانی بودجە، بودجەی پێویست بۆ گەڵاڵە نێوە تەواوەکان‌و ئەوانەش وا کە لە حاڵی جێبەجێکردن دان لە ماوەی دیاریکراودا بە هاوکاریی بانکی ناوەندی (مرکزی) دابین بکاو، بەهۆی سەرۆك کۆمارەوە بەشێوەی گەڵاڵەی بودجەی ساڵی داهاتوو بۆ پەسندکردن بدا بە مەجلیس. بەڵام سەرەڕای کێشەی شەڕی دەسەڵات‌و سەروەت‌و لە پێش‌دابوونی هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماری لە بەهاری داهاتوودا، دەوڵەتی محەممەدی خاتەمی تا ئێستا نەی‌توانیوە گەڵاڵەی بودجەی ساڵی داهاتووی وڵات ئامادە بکا. چونکە لەسەر بڕیاردان سەبارەت بە خەرجکردنی هەشت میلیارد دۆلار پاشەکەوتی ئەرزیی دەوڵەت تا ئێستا دەوڵەتی محەممەدی خاتەمی‌و مەجلیسی موحافیزەکاران ڕێك نەکەوتوون. بۆ وێنە دەوڵەتی محەممەدی خاتەمی بۆ هاوردنی بێنزین پێویستی بە یەك میلیاردو سێسەد میلیۆن دۆلار لە پاشەکەوتی ئەرزیی پێشنیار کرد، بەڵام تەنیا لەگەڵ هەڵگرتنی هەشتسەد میلیۆن دۆلار لە حیسابی پاشەکەوتی ئەرزی ڕەزامەندیی نیشان دا. ئەوە لە حاڵێك دایە کە نزیکەی ٧٠٪ بودجەی ئێران لە ڕێگای داهاتی نەوتەوە دابین دەکرێ. لە بودجەی ساڵی ٨٣دا نرخی پێشبینی‌کراو بۆ هەر بۆشکەیەك نەوت ١٤ دۆلار حیساب کراوە، لە حاڵێك‌دا لە ڕەوتی گۆڕانکاری‌یەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست‌دا نرخی نەوت گەیشتە ڕادەی سەرسووڕهێنەری ٥٢ دۆلار بۆ هەر بۆشکەیەك. زیادەی نرخی نەوتی خاوی فرۆشراو بەناوی حیسابی پاشەکەوتی ئەرزیی دەوڵەت چۆتە حیسابی دەوڵەتەوە. دەوڵەتی محەممەدی خاتەمی بۆ هەزینەکردن‌و هەڵگرتن لە سندووقی پاشەکەوتی ئەرزی پێویستی بە پەسندی مەجلیس هەیە.

ئابووری‌یەکی قەیراناوی، ئاوسانی سەرسووڕهێنەر، چوونە سەری بێکاریی ئاشکراو شاراوە، زیادبوونی کەلێنی چینایەتی، هاتنەخوارەوەی ڕۆژ لە ڕۆژ زیاتری داهاتی میللی‌و هەروەها چوونەسەری ڕۆژ لە ڕۆژ زیاتری خەرجی هێزە سەرکوتکەرەکان‌و کڕینی چەك‌و چۆڵ، قەیرانی هەژاری، گەندەڵی، ئیعتیاد، جینایەت، بەرتیل وەرگرتن لە دامودەزگا دەوڵەتی‌یەکاندا لە نیشانە بەرچاوەکانی دەوڵەتی خاتەمین. بەڵام گرنگترین قەیرانی ئابووریی دەوڵەتی خاتەمی، چوونەسەری قەرزە دەرەکی‌و نێوخۆیی‌یەکانە کە شوێنەواری زۆر نەرێیی لەسەر نیشانەکانی ئابووری‌یەکی بزۆك دەبێ.

بە پێی ئاماری هەواڵدەریی فارس، تا کۆتایی مانگی سەرماوەز، کۆی قەرزەکانی دەوڵەتی خاتەمی دەگاتە سنووری ٣٢ میلیارد دۆلار. کارناسانی پرسە ئابووری‌یەکان بەو ئاکامە گەیشتوون کە تا کۆتایی دەورەی سەرکۆماریی خاتەمی کۆی قەرزەکان دەگاتە سنووری ٣٥ میلیارد دۆلار.

ڕێژەی بێکاری لە ئێراندا، ١١٪ە کە لە خۆی‌دا زیادبوونی کێشە کۆمەڵایەتی‌و سیاسی‌یەکانی بەدواوە دەبێ. بەگشتی ڕادەی بێکاران زیاتر لە سێ میلیۆن کەسە. بە سەرنجدان بە لاو بوونی حەشیمەتی ئێران‌و پێویستیی تەرخانکردن‌و دیاریکردنی ڕیزێك لە بوودجەدا بۆ پێکهێنانی کار بۆ لاوەکان، ڕێبەرانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی زۆرترین بەشی بوودجەیان بۆ ئەو ئۆرگانە ناخەڵکی‌یانە تەرخان کردوە کە لە ژێر چاوەدێریی ڕێبەری ڕێژیم‌دا خەریکی کڕینی چەك‌و چۆڵن بۆ میلیتاریزەکردنی ئێران.

دەوڵەتی محەممەدی خاتەمی لەگەڵ پرسگەلی وەك هاوردەی کاڵای قاچاخ، گۆڕینەوە ماڵی‌یە نایاسایی‌یەکانی ئاغازادەکان‌و بنیاتەکانی ژێر چاوەدێریی ڕێبەری ڕێژیم بەرەوڕوویە، کە لە ڕێگای بەندەرە ئازادەکان‌و ئیسکلە شاراوەکانی سپای پاسداران‌دا ئەنجام دەدرێن‌و نەك لە چاوی یاسای باجی داهات‌و گومرگ ونن، بەڵکوو لە چەغزی لێپرسینەوەکانیش‌دا نین. قاچاخکردنی کاڵاو سەودا ماڵی‌یە نایاسایی‌یەکانی کەسانی سەر بە ڕێژیم لە ئاماری ناخالیسی میللی‌دا تۆمار ناکرێ، چونکە ئەوانەی کاڵا هاوردەیی‌یەکان وەردەگرن ئەو داهاتانە ڕاناگەیەنن تا هەم لە دانی باج خۆ بپارێزن‌و هەم سوودی زیاتریان وەدەست دەکەوێ.

ئەو کۆسپانەی کە لە سەر ڕێگای سیاسەتدانانی ئابووریی ئێران دان‌و ئاڵۆزی‌یە ئابووری‌یەکانی وەك خەرجە تەشریفاتی‌و زیادەکان، نەبوونی چاوەدێری بەسەر خەرجی‌یەکانی دەوڵەت‌دا، نەبوونی کارناسانی لێهاتووو شایستە لە بواری بەرنامەڕێژیی ئابووری‌و دیاریکردنی ڕیزبەندی‌یەکان‌و تەرخانکردنی بودجەی ساڵانەو هاوئاهەنگ‌نەبوونی ئۆرگانە دەوڵەتی‌یەکان‌و... لە گیروگرفتە ئابووری‌یەکانی دەوڵەتی خاتەمین. لە کۆمەڵگاش‌دا خەڵك شایەدی ئەوەن کە بەرتیل‌و بەرتیلخۆری وەك بەشێك لە کاری ڕۆژانەی ئیدارەی دەوڵەتی لە دژی هێمنایەتیی گشتی‌یەو بۆتە هۆی بێ‌متمانەیی خەڵك سەبارەت بە کۆماری ئیسلامی‌و هەروەها لەنێوچوونی بوار بۆ پێشبڕکێی ساخلەم لە بواری سەرمایەدانان‌و بەرهەمهێنان‌دا. ساڵانە نزیکەی سێ‌سەدو پەنجا هەزار کەس لە دەرچوانی زانستگەکان دەچنە بازاڕی کارەوەو بە سەرنجدان بەوەی کە نزیکەی لە سەدا حەفتای هێزی کاری لاو لێهاتوویی کاری نیە، بەو هۆیەوە کە دەسەڵاتدارەتی نەی‌توانیوە کار دروست بکا، هێزی کاری لاوان بەرەو لای کاری چەوت ڕاکێش دەبێ.

کۆنەپارێزان بۆ یەکدەستکردنی دەسەڵات‌و ئامادەبوون بۆ هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماریی بەهاری داهاتوو، لەم دواییانەدا لە مەجلیس گەڵاڵەیەکیان بۆ ڕاگرتنی نرخی ئاوو بەرق‌و تەلەفوون پەسند کرد تا وەك بۆخۆیان پێیان وابوو سەرنجی بیروڕای گشتیی نێوخۆ بۆلای خۆیان ڕاکێشن‌و خەڵك بکێشنە سەر سندووقەکانی دەنگدان. دەسەڵاتدارێتی بەو فرت‌و فێڵانە دەیەوێ کێشەو گیروگرفتەکانی خۆی بۆ وێنە زیادبوونی حەشیمەت‌و کەمبوونی سەرمایەدانانی نێوخۆیی‌و دەرەکی‌و ڕاکردنی سەرمایە نێوخۆیی‌یەکان بۆ وڵاتانی عەرەبی‌و لە هەموو ئەوانە گرنگتر، نەبوونی ئازادی، خەڵکی‌نەبوونی حکوومەت‌و ناتەبایی یاساو ڕێوشوێنەکانی ئابووریی میللی لەگەڵ پێوانە نێونەتەوەیی‌یەکان" چارەسەر بکا.س

ئەمڕۆکە زانستی ئابووری پێوەندی‌یەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ دێموکراسی‌و مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەکان هەیە. تا کاتێك کە لە ئێران حکوومەتێکی خەڵکی‌و دێموکراتیك نەیەتە سەر کارو خەڵك بەشدارییان لە حکوومەت‌دا نەبێ، شێوازی بودجەبەندیی کۆماری ئیسلامی نە تەنیا نابێتە هۆی هەڵدان‌و گەشەی ئابووری‌و سەنعەتە بنچینەیی‌یەکان، بەڵکوو هەمو ڕۆژێك شایەدی لەرزۆکیی کۆڵەکەکانی ئابووریی ئێران دەبین.

---

ئامارو ئەژمارەکان لە هەواڵدەریی "فارس"و "ڕادیۆ فەردا" وەرگیراون.

# KURDISTAN

Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan

ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ڕۆژنامەی "کوردستان"و رادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanmedia.com    http://www.pdk-iran.org    www.rdki.com

e- mail: info@kurdistanmedia.com    e- mail: pdkiran@club-internet.fr    e- mail: rdk_iran@yahoocom


## کارەساتی "سۆنامی"

## ( بوومەلەرزە لە وڵاتانی باشووری ئاسیا )




بە هۆی بوومەلەرزەی ناسراو بە "سۆنامی"، ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە دانیشتووانی وڵاتانی باشووری ئاسیا، گیانی خۆیان لە دەست دا. "سونامی" بریتییە لە هەستانی شەپۆلە گەورەکانی دەریا لە ئاکامی ڕوودانی بوومەلەرزە لە تەختی ئۆقیانووس دا. ئەو شەپۆلانە بە خێرایی زۆرەوە مەودایەکی درێژ دەبڕنو بە توندی خۆ بە لێوارەکان دا دەدەن.

بەرزایی هێندێك لەو شەپۆلانە جاری وایە دەگاتە ٥٠ میتر. ئەم دەریا لەرزەیە ڕۆژی یەکشەممە ٢٦ی دیسامبر (لە ساڵڕۆژی بوومەلەرزی شاری بەم دا)و لە بن ئۆقیانووسی هیند دا، ڕووی دا. ناوەندی بوومەلەرزەکە کە توندییەکەی ٩ "مومان" (یەکەی نوێی ئەندازە گرتنی توندیی بوومەلەرزە) بوو، نزیك ئوستانی "ئاچێ"، هەڵکەوتوو لە دوڕگەی سوماترا بوو. ئەو دورگەیە لە دورگە پێکهێنەرەکانی وڵاتی ئەندۆنێزییە. بوومەلەرزەکە بوو بە هۆی بەرزبوونەوەی شەپۆلەکانی دەریا، بە جۆرێك کە ئەو شەپۆلانە گەیشتنە وڵاتی سۆمالی لە ڕۆژهەڵاتی ئەفریقاو زیاتر لە چوارهەزار کیلومیتر دوورتر لە ناوەندی بوومەلەرزەکەو ناوچە لێوارییەکانی وڵاتی کینای بڕی.

لە کارەساتی "سۆنامی"دا سریلانکا، ئەندۆنێزی، هیندو تایلەند زۆرترین خەساریان پێگەیشت. ژمارەی قوربانییەکانی دوڕگەی "ئاندومان"و "نیکوبار"ی هیندو هێندێك ناوچەی ئەندۆنێزی لە هەموو ناوچە بوومەلەرزە لێدراوەکانی دیکە بەرچاوترن.

ژمارەی قوربانییەکانی دەریالەرزەی ئۆقیانووسی هیندو شەپۆل هەستانی سەرچاوەگرتوو لەو، لەوانەیە لە ١٥٠ هەزار کەس تێبپەڕێ. لە ژمارەیەك لە ناوچە بوومەلەرزە لێدراوەکان دا، قوربانییەکان لە گۆڕی بەکۆمەڵ دا بە خاك سپێردراون. زۆر لە وڵاتانی بوومەلەرزە لێدراو، تازیەباریی گشتییان ڕاگەیاندوە. ڕێکخراوە مرۆڤدۆستەکانو دەوڵەتانی ڕۆژئاوا هەوڵدان بۆ یارمەتی گەیاندن بە بوومەلەرزە لێدراوانیان زۆرتر کردوە. یان ئەگلاند ڕێکخەری بەرنامەکانی یارمەتیگەیاندنی نائاسایی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، بە ڕێزو پێزانینەوە باسی بەشداریی کۆمەڵگەی جیهانی لەو پێوەندییەیدا کردو گوتی دژکردەوە نیشاندانی وڵاتانی جیهان خێراو دڵ ئاوەڵایانە بووە.

اخبار روز

## پێشنیارو ڕاسپاردەی نوێ بۆ برەودان بە فێرکردنی مافی مرۆڤ

کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕۆژی ١٠ی دیسامبری ٢٠٠٤ لە کۆبوونەوەیەك دا کۆتایی هاتنی "دەیەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ فێرکردنی مافی مرۆڤ" (١٩٩٥ ـ ٢٠٠٤)ی ڕاگەیاندو پێشنیازو ڕاسپاردە نوێیەکانی خۆی بە مەبەستی گوڕوتین دان بە فێرکردنی مافی مرۆڤ لە سەرانسەری جیهان دا خستە بەرباسو لێکۆڵینەوە.

کۆڕی گشتی، بەرنامەیەکی جیهانیی نوێی بۆ فێرکردنی مافی مرۆڤ هێنایە بەرباس. ئەم بەرنامەیە لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٥ڕا دەست پێدەکاو کۆمیسариای بەرزی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان بە هاوکاریی یونسکۆو پسپۆڕانی دەوڵەتیو نادەوڵەتی، پێشنووسی بەرنامەکەی، ئامادە کردوە. لە ٣ ساڵی یەکەمی ئەو بەرنامەیەدا (لە ٢٠٠٥ەوە تا ٢٠٠٧) لە سەر هێنانی بابەتەکانی تایبەت بە مافی مرۆڤ بۆ نێو ماددەکانی خوێندنی قۆناغەکانی سەرەتاییو ناوەندی، گۆڕینی ڕەوتی فێرکردنو شێوازەکانی وانەوتنەوەو، لە هەمووی ئەمانە گرنگتر بەهێزکردنی کەشوهەوایەك کە فێرکردنی تێدا ئەنجام دەدرێ، پێداگیراوە.

## ژمارەی تازەی گوڤاری "لاوان"




لە نیوەی یەکەمی مانگی بەفرانباری ئەمساڵ دا ژمارەی ١٩ی گوڤاری "لاوان" ئۆرگانی یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی کوردستانی ئێران بڵاو بۆوە. "لاوان" لەم ژمارەیەش دا چەندین بابەتی سیاسی، ڕووناکبیری، کۆمەڵایەتی، ئەدەبی، مێژوویی، ڕێپۆرتاژ و هەمەڕەنگی بڵاوکردۆتەوە. لە بەشی سیاسی دا دوو بابەت لە سەر فیدرالیزم، لە بەشی ڕووناکبیریدا زمانو ناسیونالیزم، لە بەشی ئەدەبیدا کۆمەڵێك شێعرو چیرۆکی لاوان،، لە بەشی مێژوودا "گورانەکان کێن"و "کورتەیەك لە کوچی کوردان " ڕاپورتی کارو تێکوشانی یەکیەتیی لاوان، بەشی کرمانجیو... کۆمەڵێك بابەتی هونەریو ڕەنگاوڕەنگ هەر لەم ژمارەیەدا بەر چاو دەکەون.

## بڕیاری دامەزرانی تەلەویزیۆنێکی فەزایی فارسی زمان لە هولەند



ڕادیو فردا: پارلەمانی هولەند گەڵاڵەی تێچوو(بودجە)ی کاناڵێکی تەلەویزیونیی فارسی زمانی پەسند کردو بەجۆرە ڕێگای بۆ دەست پێکردنی یەکەمین تۆڕی تەلەویزیۆنیی فەزایی فارسی زمان لە ئورووپا تەخت کرد. گرنگی پێکهاتنی ئەم تەلەویزیۆنە لەوەدایە کە ئەوە یەکەم جارە تەلەویزیۆنێکی ئەوتۆ لە ئورووپاو بە پشتیوانی ماڵیی پارلەمانی وڵاتێکی ئورووپایی کە بە ڕێکەوت سەرۆکایەتی خولی ئێستای یەکیەتیی ئورووپای بە دەستەوەیە، دادەمەزرێ.

خاتوو فەرەح کەریمی نوێنەری پارلەمانی هولەند کە داهێنەری ئەم گەڵاڵەیە بووەو توانیویەتی ڕەزامەندیی هاوکارانی بۆ وەرگرتنی بوودجەی پێویست بۆ ئەم گەڵاڵەیە ڕابکێشێ گوتی: "لە نێو ڕایەڵکە تەلەویزیۆنییە فارسی زمانەکانی دەرەوەی وڵات دا جێگای کاناڵێکی تەلەویزیۆنی کە بۆشایی ڕۆژنامەو ڕاگەیەنە سەربەخۆ خەبەرییەکان ـ کە لەم ساڵانەی دوایی دا لە ئێران داخراون ـ پڕ بکاتەوە، خاڵی بوو". بە گوتەی ئەو خاتوونە هەنگاوی یەکەم لەو پێوەندییەدا لەلایەن پەرلەمانی هولەندەوە هەڵگیراوەو دەرەتانی ئەوەی پێك هێناوە ژمارەیەك لەو ڕۆژنامەنوس و هەواڵنێرانەی لەم دوایییانەدا ئێرانیان بەجێهێشتوە، بۆ پێکهێنانی کاناڵێکی تەلەویزیۆنی سەربەخۆی تایبەت بە گەیاندنی هەواڵ، پشتیوانییان لێ بکرێ.

## کۆچی دوایی سۆزان سۆنتاگ نووسەرو ڕەخنەگری ئەمریکایی



ڕۆماننووسو ڕەخنەگری ئەمریکایی، سۆزان سۆنتاگ لە تەمەنی ٧١ ساڵیدا، بە هۆی نەخۆشیی شێرپەنجەی خوێن، لە شاری نیویۆرك گیانی لەدەست دا.

سۆنتاگ کە زۆر کەس بە گەورەترین بیرمەندی ئەمریکایی دەزانن دیگوت وەفاداریی بە ئەخلاق گەورەترین دڵەڕاوکێی ژیانیەتی. ئەو نەك هەر ڕۆماننوسو ڕەخنەگر، بەڵکوو نەیارێکی زۆر ئاشکرای بەشی زۆری سیاسەتە دەرەکییەکانی دەوڵەتی ئەمریکا بوو. سۆزان سونتاگ لە سەر یەك ١٧ کتێبی نوسی کە کتێبی پڕ فرۆشی "خولیای گرکان"یش یەك لەوان بوو. سۆنتاگ دژی شەڕی ڤیەتنام بوو. لەو بیریارە بە ژمارە کەمانەش بوو کە پاش هێرشەکانی ١١ی سپتامبری ٢٠٠١ بە ڕاشکاوی دژی سیاسەتەکانی ئەمریکا قسەی کرد. سۆنتاگ گوتی ئە هێرشانە نەك کردەوەیەکی ترسنۆکانە، بەڵکوو ئاکامی هێندێك لە ڕەفتارەکانی دەوڵەتی ئەمریکاو پێوەندیی گەرمی ئەمریکا لەگەڵ چەند دەوڵەتێکی تایبەتی بووە. بە بۆنەی ئەم قسانەوە، سۆنتاگ لە ئەمریکا ڕەخنەی زۆری لێگیرا. ناوبراو هەروەها دژی هێرش بۆ سەر عێراق بوو.

ڕەخنەگرانی ئەمریکایی سۆزان سۆنتاگیان بە یەکێك لە گرموگوڕترینو کێشەخولقێنترین سیماکانی سەدەی بیستەم لە جیهانی ئەدەبیات دا ناساندوە.

## لافاو لە ئوستانی سیستان و بەلووچستان

هەواڵدەریی خوێندکارانی ئێران ـ تاران




بە گوێرەی هەواڵەکان لافاو لە ئوستانی سیستان و بەلووچستان، زیانی بە دووهەزارو هەشتاو پێنج خانوو گەیاندوە. ئەو خانوانە لە نێوان سەدی بیستەوە تا لە سەدا سەد زیانیان پێ گەیشتوە. زیاتر لە دووهەزار بنەماڵەش بێ ماڵوحاڵ بوون.

موهەندیس شایانفەر سەرۆکی ڕووداوە نائاسایییەکانی سیستانو بەلووچستان لە وتووێژ لەگەڵ هەواڵدەری "حوادث"ی هەواڵدەریی خوێندکارانی ئێران دا گوتی: ئەو بنەماڵانەی زیانیان پێگەیشتوە، خەڵکی شارەکانی سەرباز، خاش، چابەهار، زابولو سراوانن. ناوبراو لەبارەی دوا ئامارەکانی زیانی گیانی ئەو لافاوە گوتی: "١٠ کەس بە هۆی کەمتەرخەمیو گوێنەدان بە وریا کردنەوەکان کوژران یان بێ سەرو شوێن بوون کە تەرمی دوانیان تا ئێستا دۆزراوەتەوە". هەر ئەو کاربەدەستە گوتی: لافاو بووە بە هۆی تێکدانی ڕایەڵکەی ئاو گەیاندن بۆ دووسەدو پەنجاوچوار دێ. گیروگرفتی ئاوی ئەو دێیانە ئێستا بەهۆی تانکێری ئاوەوە چارەسەر کراوە. پێویستە بگوترێ لە گوندی "عاشار"یش دووسەدو پەنجا بنە

## مرواریی دەریای وشە

### خۆشەویستی

**کاتێك کە دڵدارانو دڵبەران بە تەواوی لێك تێدەگەن، وشەکان وەك شکۆفەی گوڵی ئۆرکیدە جوانو نەرمو نیان دەبن. (کینگ تسە)**

**خۆشەویستی باڵی هەڵفرین نیە، زنجیرێکی پتەوە کە شەوارەکەی، چاو دەتاسێنێو ئاوەز (عەقل) دەبەزێنێ. (ئامبروز بێرس)**

**خۆشەویستی خولقێنەری شادییەو ڕەتێنەری غەم. چێژو خۆشییەکانمان دووقات دەکاو، خەمو خەفەتمان کەم دەکاتەوە. (فرانتس کافکا)**

**هونەری خۆشویستن، بەرزترینو جەماوەریترین هونەری جیهانە. (ئێریش فرۆم )**

**زەینێکی پتەوو دڵێکی ناسکت هەبێ تا بە مراد گەیشتووی ڕاستەقینەی جیهان بی. (لیونۆلێستۆی)**

**خۆشەویستی، باغەوانی گوڵستانی ژینەو، نەفرەت وێرانکەری ئەو گەڵستانەیە. (ئەفلاتوون)**

**شەمەنەفەری ئەوین تا گەیشتن بە هەوارگەی مراد، هیچ ویستگەیەکی نیە. (ڤیرجینیا ئوم کلین)**

## بەرلەماڵاوایی

# ڕۆژی بەستنی دەفتەرێك لە بیرەوەرییە تاڵ و بەژانەکان

**لە ١٩ی بەفرانباری ١٣٧٥ی هەتاویدا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە وەدەستهێنانەوەی یەکیەتیی ڕیزەکانی خۆی، شەپۆلێك لە شادیو ڕەزامەندیی لە سەرانسەری کوردستانو لە نێو دۆستانو ئۆگرانی بزووتنەوەی نەتەوایەتی ـ دێموکراتیکی گەلی کورد دا، وەڕێ خست. سەدان حیزب،ڕێکخراو، کۆمەڵو کەسایەتیی دێموکراتو ئازادیخوازی کورد، ئێرانی، ئورووپایی، ڕێزیان لەم هەنگاوە بەرپرسانەو ئازایانەیە نا.**

**لە بەرەبەری هەشتەمین ساڵڕۆژی ئەو بیرەوەرییە پیرۆزەدا پەخشانی "بانگی یەکگرتن"ی مامۆستا بێبەش بڵاو دەکەینەوە کە ئەو کات بەم بۆنەیەوە نووسیبووی. با ئەم پەخشانە لەگەڵ زایەڵەی ئەو وتە جوانو بە نرخانەی ئەو کات لە پەسنی ئەو ڕۆژەو ئەو هەنگاوە گەورەیەدا، بە زمانو قەڵەم دا هاتن، هەروا ڕێنوێنو هاندەری تێکۆشەرانی حیزب لە پتەو کردنی یەکیەتیی ڕیزەکانی حیزب لە سەر بناغەی ڕێوشوێنە دێموکراتیکەکانو ڕێزگرتنی بەرامبەرو لە پێناوی خزمەت بە ئامانجە بەرزەکانی خەڵکی کوردستان دا بێ:**

### بانگی یەکگرتن

بێبەش

هۆ هەیاران!

سەر هەڵبڕن، زستانی سارد ڕەنگی بەهاری گرتوە، ڕەپستەی سەوزی حەزو هیوامان بە شنەی بتاوێنی بەندی خەفەت کەروێشکە دەکا. تیشکی هەتاوی هیوا زاوەتە نێو شەونمی سەرچڵی مژۆڵی کیژانو کورانی دڵ لە کوڵو باخەوانی شارەزا بە چریکەی خۆشو دڵ لاوێن شادترین بەستە دەچڕێ. ئەنگوستەکانی شوانی شەیدای شەنگە بێری زۆر ئاهەنگین لە سەر بەژنی شمشاڵ دەبزوونو پەژواکی شاسروودی دوژمن بەزێن دەشتو کۆسار دادەگرێ.

دەی هەیاران!

سەرتان بەرزو بەرزتر کەن، کەوا کۆترێك بە دوو باڵی خوێنینەوە، لکی گوڵی هیواو حەزی هەڵگرتوەو بەرەو مەزرای تینووی چاوەڕوانی، بەرەو گۆوەندی غەم تارێن، بەرەو جێژوان، بەرەو کۆڕی دەروێشانی نێو خانەقای حەقو ژیان هەڵدەفرێ، هەڵدەفرێو دڵنیایە ئیدی چیدی بەفرو تۆفانو باکوتەی لە ڕێ نایە.

دەی هەیاران!

بۆم بانگ کەنە سێوە بڵێن وا سەحەرە، هەستێتەوەو بە گوێی هەرچی ڕازێنەری سروشتمانە، بچرپێنێ کە شەو پەڕیو ئەوا ڕۆژی بەختی ئێمەش سەر هەڵدێنێ، بۆم بانگ کەنە خانیو بڵێن "بەکر" مردو ئەوجار لە وەسفی جێژوانی مەمو زینانی بێ خەم دا شێعر بڵێ. بۆم بانگ کەنە چوارچرایە، بڵێن هەڵبێ، ئەوا جێژنی شادیی ڕوحی پێشەوایە.

"با زێروەشان" دەسماڵی ڕەشی تووڕ هەڵداو بە فرمێسکی گەشی شادی، زێروەشانی بووکی سووری چلچەمەکا، با ئاربەبا بەناز دارێنە هەڵسێنێ، شەڵماش بۆ ئاو پژێنی مەزاری ئاوارەکان وە خۆ کەوێ. ئاگری، ئاوری پیرۆزبایی هەڵکاو شاهۆ خەمی لێك تەوەلایی لە نێو دڵی بێستوونو ئاویەرو داڵەهۆ دەربهێنێ کەوا قەندیل بە هەیبەتو بەرزایی خۆی بانگی یەکبوونی هەڵداوە، کەوا کوولەکەی ڕوحی دێو دەشکێو کانی هیوا پڕ لە ئاوە.

دەبا "فەرەنگ" چەپکێ بزەی لێوی مناڵانی "سندووس" کۆ کاتەوەو بۆ دایکانی چاوەڕوانیی شادیو خۆشیو ئاوەدانیی دەوروبەری "ناڵەشکێن"و "بەیان" بەرێی کا. دەبا هەرچی ڕێبواری ڕێی ئازادیی وڵاتی گڕو خوێنو خەباتمانە ئاڵای بەختیاری هەڵکا، کەوا گڕی دوو چرای ژین، دوو تیشکی ڕوونی شەو بەزێن یەکیان گرتو دوو ڕێبواری ڕێی یەك مەبەست بوونەوە یەك، دەست لە نێو دەست بەرەو بەهاری ڕزگاری، بۆ ڕووخاندنی قەڵای بەدشوومی زۆرداری، بۆ خەملانی خاکی پاکی کوردەواری دەچنە پێش. دەچنە پێشو قەت ناسرەون، دەچنە پێشو قەت ناکەون، دەچنە پێشو دەچنە پێش، تا سەرئەنجام سەردەکەون.